سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
دوو مانگ جارێک دەریدەکات

# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
ژمارە (١٠) تشرینی دووەمی ٢٠٢١، ساڵی دووەم

- ڕێباز و تەکنیکەکانی توێژینەوە ئایندەییەکان
- خەباتی پەرلەمانی کورد لە بەغدا؛ لە ماشەوە تا وشە
- هەڵبژاردنی عێراق؛ لێکەوتەکانی ئەنجام و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان
- شکستی هاوپەیمانانی ئێران، کاتی ڕاگۆڕینی تاران لە بەغدا
- ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی
- ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان؛ ڕێکار و بەرەنگاربوونەوە
- دۆخی چاکسازیی گەوران، چارەسەر یان تووشبوون؟



# ئایندەناسی


Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٠) تشرینی دووەمی ٢٠٢١، ساڵی دووەم



خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د. هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین:
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری:
عەدنان ئەحمەد

بۆردی ڕاوێژکاران:
د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول

دیزاین: شێرکۆ خانزادی

هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد



شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. دوومانگ جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.



خەباتی پەرلەمانی کورد لە بەغدا لە ماشەوە تا وشە
11-6...



هەڵبژاردنی عێراق؛ لێکەوتەکانی ئەنجام و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان
23-14...



شکستی هاوپەیمانانی ئێران، کاتی ڕاگۆڕینی تاران لە بەغدا
33-24...



ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی
45-34...



هەڕەشەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە
65-46...



ڕێباز و تەکنیکەکانی توێژینەوە ئایندەییەکان و جێبەجێکردنیان لە پلاندانانـدا
83-68...




دیموکراسییە سەرکەوتووەکەی عێراق کە نادیدە گیراوە
87-84...



ڕوونکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق
91-88...



دۆخی چاکسازیی گەوران چارەسەر یان تووشبوون؟
101-94...




"بۆچی دەوڵەتان شکست دەهێنن: ڕیشەزای دەسەڵات و خۆشگوزەرانی و هەژاری"
107-104...



بەڕێـــوەبـــردن
111-110...

هەنـدێـک لـە بڵاوکـراوەکانـی سـەنـتـەری لێـکـۆڵـینـەوەی ئـایـنـدەیـی
115-112...

سەروتار

# خەباتی پەرلەمانی کورد لە بەغدا لە ماشەوە تا وشە



**د. هەردی مەهدی میکە**

گەرچی مێژووی کاری پەرلەمانیی عێراق تەمەنی وا ٩٧ ساڵ تێدەپەڕێنێت، بەڵام خەباتی سیاسی و چەکداریی کورد، بۆ دەستخستنی مافە سیاسی و کولتوورییەکان، تەمەنێکی درێژتری هەیە و سەرەتاکەی لە عێراقدا بە چەکداری دەستی پێ کرد و پاشان خەباتی پەرلەمانی و سیاسیی مەدەنییانەی هاتە پاڵ و لە ماشەوە (پەلەپیتکەی تفەنگ) تا وشە (قسەکردن) و چەلەحانێی نێو پەرلەمان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان درێژەی کێشاوە، بە جۆرێک لەم ساڵانەی دواییدا تەنها وشەکە بەدەست کوردەوە مایەوە و ماشەی چەکەکانی هەم بێدەنگ کران و گوتاری پەرلەمانتارانیشی پەرت و بێ ئامانج، هەم زۆرتر ڕووگەی پەرلەمانتارانیش بەرامبەر خودی کورد کەوتە کار و خۆڕنین.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: هەوراز و نشێو و ئاستی داواکاریی کورد و ڕۆڵی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا چۆن بووە و لەکوێوە بە کوێ گەیشتووە؟ بۆ وەڵام، گرنگە زەمینەی مێژوویی هەڵبژاردن و لایەنە ڕکابەرەکانی کورد لە بەغدا و ئاستبەندیی خواستەکانی کورد لە سەردەمی پاشایەتییەوە تا سەردەمی سەرۆکایەتیی کۆمار لە عێراقدا بخرێتە ڕوو.

**کورد لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عێراقدا**

یەکەمین نیمچەهەڵبژاردنێک لە عێراقی هاوچەرخدا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢١ کە ڕاپرسیی دانانی فەیسەڵی کوڕی حسێن بوو وەک شای عێراق، کە تێیدا زۆرینەی کورد بە "نەخێر" و بایکۆت بەشداریی ئەو هەڵبژاردنەیان کرد، بەڵام لە دووەمین هەڵبژاردنەوە ئیتر کورد تێکڕا بەشدارییەکی دیاری کردووە، تەنانەت گەر هەڵبژاردنەکانیش "کارتۆنی" بووبن لە کورد خاڵی نەبوون.

دووەمین هەڵبژاردن بەگشتی و یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزراندن و

یاسادانان، دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥ی شوباتی ساڵی ١٩٢٤ و عەبدولموحسین سەعدوون بووە یەکەم سەرۆکی ئەنجوومەنی دامەزراندن. ساڵێک پاش ئەوەش، یەکەمین ئەنجوومەنی نوێنەران (پەرلەمان) هەڵبژێردرا . پەرلەمانی عێراق لە ساڵی (١٩٢٥)ەوە تا ١٩٥٨ (سەردەمی پاشایەتی)، (١٦) جار هەڵبژاردنی بۆ کراوە.

هەر لەو پەرلەمانی دامەزراندنەوە تا هەنووکە، کورد بەشداریی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی کردووە. لە نموونەی پەرلەمانتارانی خولە یەکەمینییەکانیش، دەتوانرێت ئاماژە بە چەند کەسایەتییەک بکرێت کە ڕۆڵی کارایان لە چەسپاندنی مافە کولتووری و سیاسییەکانی کورد لەو دەمەدا بینی، وەک: ئەمین زەکی بەگ، مەعرووف جیاوک، جەمال بابان، ئیسماعیل ڕەواندزی، محەمەد ساڵح، سەبری عەلی ئاغا و سەیفوڵا خەندان و... تاد.

**ململانێی سێکوچکەیی کورد-ئینگلیز-بەغدا**

خواستەکانی کورد یان ڕاستتر مافە زەوتکراوەکانی، کەوتبوویە دەستی ئینگلیز بە پلەی یەکەم و پاشتریش عەرەبە دامەزرێنەرەکانی عێراق. دۆسێی کورد و ململانێکانی، بەر لەوەی لەگەڵ عەرەبدا بێت، لەگەڵ ئینگلیزدا بوو، عەرەبی عێراق هێشتا سنوور و سەروەری و چارەنووسیشی ڕوون نەبوو، نە ململانێ و پێداگرییەکی دیاریکراویشی بەرامبەر کورد هەبوو، بەپێچەوانەوە، لە چەندین جەنگ و بۆنە و ڕووداو و ڕاپەڕیندا پێکەوە بۆ مافەکانیان بەرامبەر ئینگلیز دەجەنگان، وەک جەنگی شوعەیبیە، ڕاپەڕینی ١٩٢٠، دامەزراندنی عێراق و پێکهێنانی حکومەت و... تاد. بەڵام کێشەی یەکەم و ئاستەنگی یەکەمی جووڵانەوەی سیاسیی کورد لەگەڵ ئینگلیزدا بوو، کاتێک یەکەمین حکومەتی شێخ مەحموودی لەبار برد و هێزە کوردستانییەکانی دیکەشی لە ڕەواندز و کۆیە و بادینان سەرکوت کرد. لە پرسی کەرکووکیشدا، دیسانەوە هەر ئینگلیز (نەک عەرەب) ڕێگری یەکەم بوو کە کەرکووک بەشێک بێت لە قەڵەمڕەوییەکەی حکومەتەکەی شێخ مەحموود و شێخیش هەر لەبەر ئەو خاڵە بوو کە ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئینگلیزدا زەق کردەوە.

بەڵام بە یەکلابوونەوەی ویلایەتی موسڵ و لکاندنی بەشێکی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، ئەوکات ململانێکە بووە سێکوچکەیی و عەرەب و ئینگلیز لە لایەک و کورد لە لایەکی دیکەوە

بەرامبەر یەك وەستان. لەو ئانەوە تا ئێستا خواستی کورد چەندین هەوراز و نشێویی بەخۆوە دیوە و خەباتەکەی ئاستەکانی چەکداری و پەرلەمانی و کارگێڕی و یاسایی و میدیایی لەخۆ گرتووە.

خەباتی پەرلەمانی سەرەتاکانی دامەزراندنی عێراق، بۆ پەرلەمانتارانی کورد سەختترین خەبات بووە، بەو پێیەی کە سەرەتای دامەزراندنی یاریگای ململانێ و چەسپاندن و ڕێکخستنی خواستی کوردستان بووە. لە لایەک لەگەڵ ئینگلیزدا کە زلهێزی جیهان بووە و لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ گرووپگەلێکی عەرەبی جیاوازیشدا دیسانەوە لە ململانێدا بووە و لەگەڵ ئەوەشدا کورد ئەودەم نە لۆبی نێودەوڵەتی و نە پشتیوانی و نە میدیایەکی کاریگەر و نە پرسی مافی مرۆڤیش وەک دەسکەلایەک بە دەست دۆستانی کوردەوە بووە تا ببێتە بیانوو بۆ کۆمەک، بۆیە پەرلەمانتارانی کورد و جووڵانەوە سیاسییەکەی لە سفرەوە خۆیان و خودا و کێوەکان دەستیان پێ کرد، لەوەش گەڕێ کە نێوخۆی کوردماڵێکی پەرتەوازە و ناهۆشیارییەکی باڵا و نەخوێندەواری و کولتووری سیاسیی دواکەوتووی کورد ئاستێکی نزمی هەبووە.

**پەرلەمانتاران، لە بەرزەخواستەوە بەرەو نزمەخواست**

لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە، لانی کەم پاش چوار لەتبوونی جووڵانەوەی سیاسیی کوردستان و جیا لە ناتەبایی خواستی کورد لەگەڵ زلهێزانی نێودەوڵەتی، لە جێدا بەرامبەر چوار پایتەختیش کەوتە سەنگەرەوە (تاران، ئەنکەرە، بەغدا و شام)، ئیدی خەباتی کوردی باشوور تا هەنووکە لە ڕووی پۆلێنبەندییەوە لە پەرلەمانەکانی عێراقدا چەندین ئاستی بەرز و نزمی لە باشەوە بۆ خراپ و لە کاراییەوە بۆ پاسیڤی بەخۆیەوە دیوە. لێرەدا دەکرێت گوتاری سیاسی و خواستەکانی کورد بەگوێرەی ئاستی داواکارییەکانی لە ڕووی کرۆنۆلۆژییەوە بەم شێوەیە دابەش بکرێن:

١. قۆناغی دامەزراندنی گوتاری سیاسی و مافی کولتووری (١٩٢٤-١٩٣٢): پەرلەمانتارانی کورد لەم قۆناغەدا جەختیان لەسەر مافە ئیداری، سیاسی، کولتووری و دەستوورییەکانی کورد لە عێراقدا دەکردەوە، گەرچی لە ڕووی دەستوورییەوە کەمیان هێنا، بەڵام لە ڕووی بەشداریی سیاسی و مافی کولتوورییەوە توانییان زمانی کوردی وەک زمانی نێوچە کوردستانییەکان لە

ئاخافتنی کارگێڕی و پەروەردەدا بچەسپێنن (تا هەنووکەش تەنها باشوور ئەم مافەی بە هیممەتی پەرلەمانتارانی پێشین دەست خست). هەروەها نەریتی بەشداریی کورد لە حکومەت و پەرلەمانی عێراقدا دابهێنن و وا بکەن خەباتی کورد لە شاخ و چەکدارییەوە بگوازنەوە بۆ خەباتی پەرلەمانی و مەیدانی سیاسەت و چەندین یانە و ڕێکخراوی مەدەنییش بۆ داکۆکی لە مافە سیاسییەکان دامەزران، وەک: ڕێکخراوەکانی سەرکەوتن و کۆمەڵەی زانستی و... تاد. بەر لەم قۆناغە، کوردی باشوور زیاتر ئاسۆیی و لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا، نەک ستوونی و لە دڵی جوگرافیای نەیاردا خەبات بکات. ئەمین زەکی و مەعرووف جیاوک و... تاد، نموونەی باڵای ئەم خەباتەن. سیمایەکی تری ئەم قۆناغە ئەوە بوو پەرلەمانتارە کوردەکان زۆرتر دەچوونە پاڵ لیست و سەرکردە دیارە عێراقییەکان بۆ دەستخستنی مافەکان (وەک چۆن لە ساڵی ١٩٢٨دا چوونە پاڵ موحسین سەعدوون لە پێناو دابینکردنی لانی کەمی مافی خوێندن و زمانی کوردی و چەسپاندنی).

٢. قۆناغی بەشداریی دەسەڵات (١٩٣٢-١٩٥٨): لەم قۆناغەدا کوردەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە خولەکانی پەرلەمانی عێراقدا بەشدارییان کردووە، خواستی سەرەکییان بەشداری لە دەسەڵات و چەسپاندنی دەستووری مافە مەدەنی و سیاسییەکان بووە، جیا لە هەوڵ بۆ چەسپاندنی مافە کولتوورییەکان کە پێشتر جێگیر کرا، داوای پێکهێنانی ئیدارەی ئۆتۆنۆمی و نیمچەسەربەخۆیان بۆ پارێزگاکانی کوردستان لە عێراقدا کردووە، لانی کەم وەک یەکەیەکی سەرپەرشتیارێتیی باکووری عێراق، تا سروشتی نێوچەکە ڕەچاو بکرێت لە ڕووی دابونەریت و خواستی دانیشتووانیەوە. ئەم قۆناغە بەرزی و نزمیی بەخۆیەوە دی، بەڵام گرنگترین کار لەم قۆناغەدا و جیاوازیی لەگەڵ پێش خۆیدا؛ دامەزراندنی حیزبی سیاسی بوو بۆ ئیدارەدانی ململانێکان بەرامبەر بەغدا، نەک ئەوەی ڕاستەوخۆ خۆیان ببنە ئەندامی حیزبە عێراقییەکان، وەک دامەزراندنی حیزبی هیوا و لقی ژێ کاف و حیزبی ڕزگاری و پارتی دیموکراتی کورد. پەرلەمانتارانی کورد لەم قۆناغەدا سەرلەبەر داواکاریی حیزبە کوردییەکانیان دەکردە گوتاری سیاسی و بەو گوتارە ڕووبەڕووی پەرلەمانتاران و دەسەڵاتی بەغدا دەبوونەوە.

٣. قۆناغی کوژانەوەی کاری

پەرلەمانی (١٩٥٨-٢٠٠٣): لەم قۆناغەدا بە هۆی کودەتاکان و دەرکەوتنی هێز و کەسایەتیی پەڕگیر، یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسییەکان لە ڕێگەی چەکەوە، هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١) و شۆڕشی نوێ (١٩٧٥)، پەنابردنەوەی ناچاریی کورد بۆ چەک، بوارێکی نەهێشتەوە بۆ کاری پەرلەمانی و کاری پەرلەمانیی لاوازتر کرد. گەرچی لە قاسمەوە تا سەددام، سەرلەبەر بەڵێن و درووشمی ئەوەیان بەرز دەکردەوە کە دیموکراسیی ڕاستەقینە و پەرلەمانێکی کارا دەهێننە کایەوە، بەڵام خول دوای خول سستتر بوو، بە جۆرێک لە سەردەمی بەعسدا گەیشتە لوتکەی ناکارایی و لەنێوان ساڵانی (١٩٧٩-٢٠٠٣) بەتەواوی کاری پەرلەمانی لە بەغدا بووە "بەڵێ"کردن بۆ شەرعاندنی پەڕگیرییەکانی سەددام حسێن و حیزبەکەی.

کوردەکانی نێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیش خولی نیوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥)ی لێ دەربچێت کە سەر بە پارتی دیموکرات و حیزبی شیوعی بوون و ڕۆڵی کارا و گرنگیان بینی لە مۆدێلی بەدەنگهێنانی پەرلەمان لەو ئانەدا، چیتر بەشدارییان نەکرد و هەر کوردێکیش بەشداریی بکردایە؛ لەنێو ڕای گشتیی کوردستاندا پەرلەمانتار و پەرلەمانەکەش بە کارتۆنی ناو دەبران (وەک تەنزێک بۆ بێدەسەڵاتییان). خواست و گوتاری پەرلەمانتاری کورد لەم خولانەدا ئۆتۆنۆمی بووە بۆ کوردستان و بەهێزترین دەستکەوتی خەباتی مەدەنیی ئەم سەردەمە؛ ڕێککەوتنی ئازار و دروستکردنی ئیدارەی ئۆتۆنۆمی بۆ باشوور بوو لە سێ پارێزگادا، گەرچی تەمەنی کەم بوو. ئەڵبەت ئەمە دەستکەوتی کاری پەرلەمانی نەبوو، هێندەی بەرهەمی نزیکبوونەوەی ئیرادەی سیاسی و دانوستاندنی کورد و بەغدا بوو.

٤. قۆناغی عێراقی فیدراڵی (٢٠٠٣-٢٠١٧): لەم قۆناغەدا کاری پەرلەمانتاری کورد و بەرزکردنەوەی خواستی کورد لەسەر دەستی ئەمان بە پشتیوانیی هێزە سیاسییەکان وەرچەرخانی ئەرێنیی بەخۆیەوە بینی، کورد لە ئۆتۆنۆمییەوە بۆ فیدراڵی و لە پشکداریی حکومەتەوە بۆ شەراکەتی دەسەڵات خواستی بەرز کردەوە، لەوەش گرنگتر هەرێمی کوردستانی وەک هەرێمێکی دەستووری چەسپاند و دۆسێی کەرکووکیشی کردە ململانێیەکی ڕەسمی و دەستووری. سەرجەمی ئەمانەش لە ڕێی پەرلەمانتارەکانەوە بە ئیرادەی سیاسیی هاوبەشی حیزبەکانەوە پەرەیان پێ درا و

چەسپێنران، سەرکردە سیاسییەکانیش خۆیان دەچوونە بەغدا و ڕاستەوخۆ لە مەیدانی پەرلەماندا ململانێیان دەکرد. گەرچی لەم قۆناغەدا سەرجەم مافەکان وەک ئەوەی لە پەرلەمان و دەستووردا هاتوون دابین نەبوون، بەڵام باشووری کوردستانی لە ڕووی مافی مەدەنی و بەرزکردنەوەی خواستەوە بەرز کردەوە و پرسی کوردی لە ڕێگەی دەروازەی بەغداوە تا ڕادەیەک لە ئاستێکی جیهانیدا خستە ڕوو و وەک هێزێکی دیموکرات و دژەتیرۆر و مەدەنی خۆی پێناسە کردەوە.

٥. قۆناغی پەرتەوازەیی کاری پەرلەمانی کورد لە بەغدا (٢٠١٧ بەدوا): پاش ئەنجامدانی ڕیفراندەم و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، چوونەوەیەک و داکشانێکی گەورە لە کاری پەرلەمانی لە ئاست ئەو ڕێچکە باوەی کە بەخۆیەوە دیویەتی؛ لە مێژووی کاری پەرلەمانیی کوردستانیدا لە عێراق بەدی دەکرێت، کە پێشتر داکۆکی بووە لە خاک و شوناس و دەسەڵاتی کورد لە بەغدا، بەڵام لەم قۆناغەدا، شوناس و خاک (نێوچە دابڕاوەکان) و سنووری سیاسیی هەرێم و مافە فیدراڵییەکانی پاشەکشەیان کرد و مەسەلەی پێشینە و پارە و بودجەی مانگانە و ساڵانە و شەڕی پۆست و لیژنەکان جێگەی ئەوانەی پێشتری گرتەوە، ئەوەی هۆکاری سەرەکیی ئەم داکشانە سیاسییە بوو، بە پلەی یەکەم بەڕێوەبردنی حیزبییانەی هەرێم و گەندەڵی، غرووری سیاسیی سەرکردەکانی کورد و جێهێشتنی بەغدا و بەشدارینەکردنی خۆیان و ناردنی پلە دوو و سێیەمەکانی حیزبەکانیان، پەرتەوازەیی و نەبوونی گوتارێکی هاوبەش، چەند سەرەیی و ململانێی ئاستنزمیی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا، بووژانەوەی مەیلی ناوەندگەرێتیی عەرەبانی بەغدا و دۆخی هەرێمایەتیی دراوسێکان، بە ڕیز ڕۆڵیان هەبووە لەو دابەزینەی ئاستی ئەدای کاری پەرلەمانی و بە جۆرێک پەرلەمانی وا لێ کرد لەبریی سەنگەری بەرگری لە شوناس و خاک بووە سەرچاوەی "یۆقلەمەی گیرفانی" نائیبەکان و بڵندگۆی وشەهاویشتن و بۆڵەبۆڵی ململانێی کورد-کورد لە قوبەی پەرلەماندا. هەر ئەمەیە وەرچەرخانی کاری پەرلەمانی لە ماشەی تفەنگەوە بۆ وشەهاویشتن و هیچی تر.

ئایا خولی دادێی (٢٠٢١-٢٠٢٥)، دەتوانن بکەونەوە سەر ڕاستەڕێی کاری پەرلەمانتاری وەک ئەرک نەک ئیمتیاز و قسەهاوێژی؟ با بمێنێت.

# ئایندەناسی

# توێژینەوەکان

# هەڵبژاردنی عێراق؛ لێکەوتەکانی ئەنجام و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان



**یاسین تەها**
توێژەر




هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق هەندێ گۆڕانکاریی بەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا هێنا، لەم پێشهاتەدا بۆ یەکەم جار سیستمی فرەبازنەیی (٨٣ بازنە) و "دەنگی نەگوازراوە" پەیڕەو کرا، نوێنەرایەتیی هەندێك هێز لە پەرلەمان هەڵکشا، لە بەرامبەریشدا هەندێکی دیکە بە ڕێژەی بەرچاو داکشا. لە مێژووی کۆماری پاش ٢٠٠٣، بۆ یەکەم جاریش لیستی نوێ و کاندیدی تاك (سەربەخۆ و تاك) گەیشتنە پەرلەمان. ئەم بابەتە هەڵوێستە لەسەر هۆکاری ئەنجامەکان و لێکەوتەکانیان و سیناریۆکانی پاش دەرکەوتنیان دەکات.

**بێهوایی لە هەڵبژاردن**

بەراورد بە دوا هەڵبژاردن (٢٠١٨)، ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران لە هەڵبژاردندا بە ڕێژەی بەرچاو دابەزی، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕێژەکەی بە ٤١٪ ڕاگەیاندووە[١]، بەڵام زۆر لێکدانەوەی تری ئاماری هەن باس لەوە دەکەن ڕێژەی بەشداریی کردەیی لە ٣٠٪ تێپەڕ ناکات، ئەمەش بە ئەژمارکردنی ئەوانەی کە ناویان لە تۆماری کۆمسیۆندا هەیە، لەسەر ئاستی ژمارەی دانیشتوانی عێراقیش ڕێژەی بەشداریکردن بە کەمتر لە ٢٠٪ خەمڵێنراوە، چونکە کۆمسیۆن تەنها ئەوانەی ئەژمار کردووە کە تۆمارەکانی خۆیان نوێ کردووەتەوە و کارتی بایۆمەترییان وەرگرتووە نەك ئەو هاوڵاتییانەی تەمەنیان لەسەروو ١٨ ساڵە و بەپێی دەستوور مافی ئەوەیان هەیە دەنگ بدەن[٢]. ئەم دابەزینە بەردەوامەش لە ڕێژەی بەشداری، لە دیارترین لێکدانەوە و شیکاریدا بێهیوایی خەڵك دەردەخات بە پرۆسەی سیاسی، لە کاتێکدا مەرجەعی باڵای شیعە ئایەتوڵا عەلی سیستانی لە کۆتایی مانگی ئەیلوول و تەنها ١٠ ڕۆژ بەر لە پرۆسەکە، هانی خەڵکی دا "بەشداریی هۆشیارانە و بەرپرسیارانە بکەن لە هەڵبژاردن[٣]". هەندێك بۆچوون پێیان وایە ئەگەر ئەو بەیاننامەی سیستانی نەبووایە، ڕێژەی بەشدارییە فەرمییەکەی کۆمسیۆنیش دادەبەزی بۆ کەمتر لە ٣٠٪ی دەنگدەران و بۆ کەمتر لە ئەو ڕێژەیەی کە ڕێکخراوەکانی چاودێریی پرۆسەکە لەبەر ڕۆشنایی پێوەری دانیشتووان دیارییان کردووە.

لە وردەکاریی بەشداریکردنی هەڵبژاردنیشدا، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر بوون و یەکەمیان بە ڕێژەی بەشداریی ٥٤٪؛ یەکەم بووە لەسەر ئاستی عێراق و دووەمیش بە ڕێژەی ٤٦٪ لە پێشەنگی پارێزگاکانی تردایە. هۆشیار زێباری وەزیری پێشووتری دەرەوەی عێراقیش باسی لەوە کردووە هەرێمی کوردستان چاکەی ئەوەی هەبووە بەسەر هەڵبژاردنی گشتیی عێراقەوە کە ڕێژەی بەشدارییەکەی بەرزتر کردووەتەوە[٤]، ئەمە لە کاتێکدا لە سلێمانی ڕێژەکە زۆر کەمترە و لە کاتێکدا داتاکانی کۆمسیۆن ٣٧٪ بەشداریی بۆ سلێمانی دیاری کردووە، هەندێ توێژینەوەی تر هەن باس لەوە دەکەن ڕێژەی بەشداریی ڕاستەقینە لە سلێمانی ٢٨٪ بووە کە دووەم شاری بایکۆت دەکات لەپاش بەغدا کە چارەکی دەنگدەرانی (٢٥٪) بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کردووە[٥].

جگە لە هاندانەکەی سیستانی و بەشدارییە بەرچاوەکەی هەولێر و دهۆك، لەم هەڵبژاردنەدا هەندێك لیست و کاندید بە نوێنەرایەتیی خۆپیشاندەرانی

تشرین بەشدار بوون، بەڵام هیچ لەمانە جۆشوخرۆشی جارانی نەدا بە هەڵبژاردن کە لە یەکەم ئەزموونەدا (٢٠٠٥) ڕێژەکەی ٧٩٪ بووە، لە دووەم (٢٠١٠) دابەزیوە بۆ ٦٢٪، لە سێیەم (٢٠١٤) بۆ ٦٠٪ و لە خولی پێشوو (٢٠١٨) گەیشتە ٤٤٪ و لەم خولەدا بەرزترین ئاستی بایکۆتی تۆمار کرد و بەشداری بە ٤١٪ ڕاگەیەنرا[٦].

هەڵکشانی بەرچاوی ڕێژەی بایکۆت و داکشانی بەردەوامی ڕێژەی بەشداریکردن، یەکێکە لەو تەوەرانەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە، بەتایبەت کە هەندێك ڕاپرسی و لێکدانەوە پێیان وایە زۆرینەی ڕەها بێهیوان لە گۆڕانکاریی دیموکراسی و چاکسازیی پەرلەمانی و بڕوایان بە شۆڕش و خۆپیشاندان هەیە لە شێوەی ئەوانەی تشرینی ٢٠١٩، هەر لەم سۆنگەیەشەوە بۆچوونێکی بڵاو هەیە کە ئەو حکومەت و دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنەی لە هەناوی هەڵبژاردنی پێشوەختە دێتە دەرەوە، هەر چەندە شەرعیەتی یاسایی و نێودەوڵەتیی هەیە، بەڵام نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی گەلانی عێراق ناکات و هێندە بنکەی فراوان نییە بەرگەی تووڕەیی و نارەزایەتی بگرێت، بەتایبەت کە ئەوە بۆ ناوەندەکانی بڕیار ساغ بووەتەوە کە دەوروبەری ٦٠٪ی عێراق لە گەنجان پێك دێت، ئەوانیش سۆشیالمیدیا و تەکنیك ئاراستەیان دەکات و وەك جاران پابەند نین بە بەند و باوە نەریتییەکان، چ سیاسی بن یان کۆمەڵایەتی[٧].

## کاریگەریی گۆڕانکارییە تەکنیکییەکان

ئەگەرچی هەڵبژاردنی پێشوەختە کورسییەکانی لیستی سەدری لە ئەنجامە بەراییەکاندا گەیاندە ٧٣ کورسی، لەناو سوننە هاوپەیمانییەکەی حەلبوسی (التقدم) و لەناو کوردیش پارتیی کرد بە یەکەم، هەر سیانیشیان بە دوو هێندەی نزیکترین ڕکابەریان، بەڵام وردبوونەوەی قووڵ لە ژمارەی دەنگدەران ئەوە دەردەخات ئەم بردنەوەیە هێندەی ئەوەی تەکنیکی سیستمی فرەبازنەییە، ئەوەندە هیی گەشەکردنی بنکەی جەماوەری نییە، لەوەش گرنگتر چۆنیەتیی دابەشکردنی بازنەکانە کە تا ڕادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندیی ئەم سێ هێزە باڵادەستەی ناو پەرلەمانی پێشوو بووە و ئەمەش یارمەتیی داون لە هەندێ بازنە زۆرترین کورسی بچننەوە[٨].

لەسەر ئاستە شیعەکەش ئەوە دەرکەوتووە کوتلەی سەدر بە ٨٨٥ هەزار دەنگ، ٧٣ کورسیی مسۆگەر کردووە، بەر لەوەی لە دیالەش کورسییەك بە ٢٠ هەزار دەنگەوە بچێتە ڕیزەکانیەوە، نرخی کورسییەکیش لەسەر کوتلەی سەدر دەوروبەری ١٢ هەزار دەنگ بووە، بەڵام لیستەکەی کەتیبەکانی حیزبوڵا (حقوق) کە یەکێك لە ڕکابەرە

شیعەکانی ئەم هاوپەیمانییەیە، بە ٩٥ هەزار دەنگ؛ یەك كورسییان بۆ بەدەست هاتووە، هاوپەیمانی فەتحی حەشدی بە ٤٤٤ هەزار دەنگ، ١٧ كورسییان بەدەست هێناوە، کە هەریەکەیان زیاتر لە ٢٤ هەزار دەنگ کەوتووە لەسەریان، ئەمەش دوو هێندەی نرخی کورسیی سەدرییەکان دەکات[٩]، ئەم تێکدانەی هاوسەنگیی کورسییەکانی ناو پەرلەمان لەناو پێکهاتەی زۆرینەی عێراق کە شیعەکانن، خۆپیشاندان و گرژی و نکۆڵیکردن لە ئەنجامەکان و تەنانەت هەڕەشەی هەڵکوتانە سەر ناوچەی سەوز و تێکچوونی ئاشتیی کۆمەڵایەتییشی بەدوای خۆیدا هێنا.

> **هێزە چەکدارە شیعە ناڕازییەکان چاویان لەسەر ئەوەیە لە پێکهێنانی حکومەت و دابەشکردنی جومگە کاریگەرەکانی قۆناغی نوێدا، ئەنجامە ژمارەییە بەدەستهاتووەکانی کورسی وەلا بنرێت و کار بە پرەنسیپی سازان و پێکهاتن بکرێت تا "یاریی کورسی" و "یاریی ژمارەکان"**

**پاشەکشەی نوێنەرایەتیی گرووپە چەکدارەکان**

هەر چەندە هێزەکانی حەشد بە هەمان هاوپەیمانی پێشوویان (فەتح) چوونە هەڵبژاردن، بەڵام لەگەڵ لیستەکەی حیزبوڵڵاش (حقوق) تەنها ١٨ کورسییان بەدەست هێنا، ئەمەش یەکێك بوو لە سوپرایزە گەورەکانی هەڵبژاردنەکەی ١٠ی تشرین. لێکدانەوەی جیاجیا هەن لە بارەی ئەم پاشەکشەی حەشد و بەگشتی دەکرێت لە سێ هۆکاردا چڕ بکرێنەوە کە بریتین لە: بانگەشەکردنی دزرانی دەنگەکان و تەزویری ڕێکخراو و هاکی ئەلیکترۆنی لە ئیمارات، لە بەرامبەریشدا ڕکابەرەکانیان سوورن لەسەر ئەوەی جەماوەریان نەماوە و وەك جاران خەڵك متمانەیان پێ ناکات دەنگیان پێ بدات. هۆکارێکی سێیەمیش هەیە کە خراپ بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن و خراپ دابەشکردنی کاندیدەکان و زۆریی ژمارەیانە لە بازنەکان[١٠]. حەشد خۆشیان دان دەنێن بەمەدا، بەڵام پێیان وایە هۆکارە سەرەکییەکە دزرانی دەنگەکانیان و دەستوەردانی دەرەکییە بە قۆستنەوەی هەڵەکانیان[١١]. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەلێنەش، هێزە چەکدارە شیعە ناڕازییەکان چاویان لەسەر ئەوەیە لە پێکهێنانی حکومەت و دابەشکردنی جومگە کاریگەرەکانی قۆناغی نوێدا، ئەنجامە ژمارەییە بەدەستهاتووەکانی

کورسی وەلا بنرێت و کار بە پرەنسیپی سازان و پێکهاتن بکرێت تا "یاریی کورسی" و "یاریی ژمارەکان"[١٢].

**هەڵکشانی مالیکی و پاشەکشەی حەکیم و عەبادی**

جگە لە بەرزکردنەوەی باڵانسی سەدر، هەڵبژاردنی ١٠ی تشرینی یەکەم لەناو هێزە ناسراوەکانی شیعە دوو گۆڕانکاریی گەورەی تری بەدوای خۆیدا هێنا، کە سەرلەنوێ ژیاندنەوەی مالیکی و ئاواکردنی خۆری ئەو هێزانەش بوو کە خۆیان بە نوێنەری

**"**

**لە مێژووی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی پاش ٢٠٠٥، بۆ یەکەم جار لە ٢٠٢١ ئەو کاندیدانەی لەسەر خۆپیشاندان و هێزە سەربەخۆکان ئەژمارن؛ گەیشتنە پەرلەمان، هەر چەندە قەبارەی ڕاستەقینە و کۆتایی ئەم لیستانە هێشتا دیار نییە، بەڵام سەرکەوتن و دەرکەوتنیان بە یەکێک لە سوپرایزە هەرە گەورەکانی هەڵبژاردن لەقەڵەم دراوە**

"میانڕەوی شیعە" لەقەڵەم دەدا کە عەمار حەکیم و حەیدەر عەبادین.

سەبارەت بە مالیکی کە کورسییەکانی لە ٢٥ کورسییەوە بەرز کردەوە بۆ ٣٧، باوەڕ وایە بەشێك لە هۆکارەکەی بریتی بێت لە سۆراغی دەنگدەر بۆ سەرکردەیەکی ڕوون و ناسراو لەناو پاشاگەردانیی ئێستای عێراقدا، هەروەها بەو پێیەی سەردەمی مالیکی تەخشانوپەخشانی زۆری پارە و بودجە کراوە، خەڵك ئێستاش پێیان وایە بە گەڕانەوەی ئەو ڕەنگە وەك ساڵانی پاش ٢٠٠٥؛ دامەزراندن و پڕۆژە و پارە دابەشکردن بگەڕێتەوە[١٣]. جگە لەم هۆکارەش، هیچ هێزێکی دیکەی شیعە هێندەی مالیکی لەگەڵ سەدرییەکان ڕووشکێن نەبووە و لە دەمی هەڵمەتی هەڵبژاردن وەك ئەو دژایەتییان نەکردووە، ئەمەش مالیکیی کردە موگناتیسێك بۆ سەرجەم ئەو دەنگ و ئۆرگانانەی نەیاری سەدرن یان ترسیان لەو گوتارانەی هەیە کە باسی سەرۆکوەزیرانی سەدری و قۆناغی سەدری دەکات لە عێراقدا.

لە بارەی عەمار حەکیم و حەیدەر عەبادییشەوە کە خۆیان بە نوێنەری "میانڕەوی شیعی" لەقەڵەم دەدا و لە پێگەیەکدا خۆیان وێنا دەکرد کە نەیارن بە پاشکۆیەتیی ئێران، یەکێکی تر بوون لەوانەی زیانیان کرد لە هەڵبژاردندا. هەر چەندە هاوپەیمانێتیی ئەم دوو قوتبە شیعەیە

خۆیان بەدوور دەگرت لە سەرکۆنەکردنی خۆپیشاندەرانی تشرین، هەروەها خۆیان بە دۆستی خەڵکی ناڕازی لەقەڵەم دەدا، کەچی لە ئەنجامە بەراییەکاندا تەنها شەش کورسییان مسۆگەر کرد، لە کاتێکدا پێشتر دەوروبەری ٤٠ کورسییان هەبووە لە کۆتا خول (چوارەم)ی پەرلەمان.

ڕایەك هەیە پێی وایە گوتاری هاوپەیمانییەکەی حەکیم و عەبادی (قوی الدولة) بەرامبەر چەکدارەکان ڕوون نەبووە، هەروەها گرەویان لەسەر پاشخانی بنەماڵەی حەکیم و جەماوەری گریمانکراوی حەیدەر عەبادی بووە کە باسی لە نرخی نەوت و نرخی دۆلار بوو، بەڵام لە دابەشکردنی کاندیدەکان و بازنەکان؛ ژمارەیەکی زۆر کاندیدی نەناسراویان پێشکەش کرد، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی دەنگەکانیان بەفیڕۆ بڕوات. بەگوێرەی هەندێك شیکار، لە کۆی ٥٠ بازنەی شیعەنشین کە ١٨٠ کورسیی پەرلەمانی تێدایە، هێزەکانی هاوپەیمانێتیی عەبادی و حەکیم ٤٤ کاندیدیان پێشکەش کردووە بەبێ ئەوەی لە ئاستی جەماوەریبوونیان بکۆڵنەوە و هەندێکیان ٩٠ و ١٤٠ و ٢٥٠ دەنگیان هێناوە، زیانی حەکیم و عەبادییش لە مامەڵەی خراپ لەگەڵ یاسای هەڵبژاردن و فرەبازنەیی و بەفیڕۆچوونی ٣١٢ هەزار دەنگ بووە بە جۆرێك ئەم دوو قوتبە شیعییە بە ٣٦٠ هەزار دەنگ؛ تەنها شەش کورسییان بەدەست هێناوە[١٤].

## یەکەم دەرکەوتنی سەربەخۆ و خۆپیشاندەران

لە مێژووی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی پاش ٢٠٠٥، بۆ یەکەم جار لە ٢٠٢١ ئەو کاندیدانەی لەسەر خۆپیشاندان و هێزە سەربەخۆکان ئەژمارن؛ گەیشتنە پەرلەمان، هەر چەندە قەبارەی ڕاستەقینە و کۆتایی ئەم لیستانە هێشتا دیار نییە، بەڵام سەرکەوتن و دەرکەوتنیان بە یەکێك لە سوپرایزە هەرە گەورەکانی هەڵبژاردن لەقەڵەم دراوە[١٥]. هیوا و چاوەڕوانییەکی زۆر هەیە کە گەیشتنی ئەم ژمارە سەربەخۆیە بە پەرلەمان زیادکردنێکی جۆرایەتی بێت بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان و سەرەتای دامەزراندنی ئۆپۆزسیۆنێکی کارای پەرلەمانی بێت[١٦]، هەر ئەمەش ناوەرۆکی لێدوان و دیدار و تویتەکانی ئەم هێزانە بووە پاش دەرکەوتنی بردنەوەیان[١٧].

## دیمەنەکە لە گۆڕەپانی کورد و سوننەکان

لەسەر ئاستە کوردی و سوننەکەش، هەڵبژاردن گۆڕانێکی گەورەی ئەوتۆی دروست نەکردووە کە شڵەژان دروست بکات، هێندە هەیە لە کوردستان نەوەی نوێ (٩ کورسی) جێگەی گۆڕانی جارانی



گرتەوە، پارتی زۆرینەییەکەی خۆی هەڵکشاند و چاویشی لەوەیە بە زووترین کات ئەو ئەزموونە بگوازێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان[١٨]، لە سوننەکانیشدا پاش ڕکابەرییەکی توند لەنێوان بەرەی خەمیس خەنجەر و بەرەی حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان، بەرەی دووەم کە هیی سەرۆکی پەرلەمانە، دوو هێندەی بەرەی یەکەم کورسیی بەدەست هێنا، ئەم پێشهاتەش هاوکات بوو لەگەڵ ئاوابوونی خۆری هەندێ ڕێبەرایەتیی لۆکاڵیدا وەك نوجێفییەکان و خالید عوبێدی و سەلیم جبوری و حیزبی ئیسلامی کە نەیانتوانی تەنانەت کورسییەکانی خۆشیان مسۆگەر بکەنەوە لە پەرلەمان[١٩].

لایەنە کوردییەکان، لانی کەم پارتی و یەکێتی ناچاری ڕێککەوتنن لە دۆسیەی عێراق، هەر چی سوننەکانیشە تورکیا لە هەوڵی یەکخستنیاندا بوو لەپاش هەڵبژاردن، ئەمەش پیشهاتێکی نوێیە، چونکە جاران ئێران ڕێبەری قۆناغەکانی پێکهاتەی سوننەی دیاری دەکرد. بەگوێرەی زانیارییە دزەپێکراوەکان، ئەردۆغان داوای لە هەردوو هاوپەیمانییە سەرەکییە سوننەکەی عێراق (عەزم و تەقەدوم) کردووە کە بەرەیەکی پەرلەمانیی هاوبەش دروست بکەن و ئەنقەرە سەرپەرشتیی یەکگرتنیان دەکات. ئەردۆغان باسی ئەوەشی کردووە ئەزموونی حەلبوسی لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان سەرکەوتوو بووە بۆ ناوچەکە، دوو لایەنەکەی سوننەی هان

داوە یەك بگرن و تورکیا ئامادەیە گرەنتیی پابەندبوون بەو ڕێککەوتنە بکات[٢٠].

کورد و سوننە سەنگ و قورسایی و پێگەیان لە پەرلەمان هەر چەند بێت، ناتوانن ببنە هۆکار بۆ سەرخستنی لایەنێکی شیعە بەسەر ئەوی تردا، باسی ئەوەش هەیە لەپاش هەڵبژاردن ئێرانییەکان پەیامێکیان لەم بارەیەوە پێ گەیاندوون کە نەکەن تاکلایەنە بچنە بەرەیەکی شیعە دژی ئەوی تر و ئەمە بە کارکردن دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی تاران لێك دەدرێتەوە[٢١].

## سیناریۆکان پاش قۆناغی ئاشکرابوونی ئەنجامەکان

- ئامانجی هەڵبژاردنی پێشوەختە، چارەسەرکردنی قەیرانی تشرین بوو کە درووشمەکەی بریتی بوو لە "نیشتمانمان دەوێت"، بەڵام هەڵبژاردن نەخشە سیاسییەکەی لە ڕیشەوە نەگۆڕی، بە هۆی بایکۆتی بەشێك لە تشرینییەکان و مانەوەی هۆکارەکانی تووڕەیی و بێزاریی خەڵك و ئەو ڕێژە زۆرەی بێهوایی لە پەرلەمان و پرۆسەی سیاسی کە لە ڕێژەی بەشداریکردندا دەرکەوت، جارێکی تر پەنابردنەوە بۆ شەقام و سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندان یەکێکە لە ئەگەرە سەرەکییەکان، بەتایبەت پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر پێکهاتنی حکومەت و ڕوونبوونەوەی زیاتری دیمەنەکان.

- تانەدان و ڕەخنەگرتن لە شەرعیەتی سیاسی ئەم خولە لە جاران زیاتر دەکات بە هۆی نزمیی ئاستی بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکان و کەلێنی نێوان حکومەت (دەسەڵات) و خەڵك زیاتر دەبێت.

- هێزە سەربەخۆکان یان کاندیدە تاکەکان لە سێ لایەنەوە دەکەونە ژێر گوشار، لە هێزە سیاسییەکان بۆ کەمەندکێشکردنیان بۆ بەرەی خۆیان، لە لاکەی تر لە چاوەڕوانیی شەقام و دەنگدەرانیان لە ئەدا و بوێری و توانایان، لە لاکەی تر لە هێرشی تەخوین و تانەوتەشەری ئەو هاوڕێیانەیان کە بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد بە پاساوی ئەوەی پرۆسەکە جێگەی متمانە نییە و لانی کەمی مەرجەکانی هەلی وەك یەك و بێلایەنیی دەوڵەتی تێدا مسۆگەر نەبووە، سەرجەم ئەمانەش تەحەدایەکی گەورەن کە یەخانگیری ئەم دەرچووانەی هەڵبژاردن بوون کە یەکەم جارە دەچنە پەرلەمان.

- پاش ئەوەی بانگەوازی سیستانی نەیتوانی جۆشوخرۆش بداتە هەڵبژاردنەکان، لەمەولا مەرجەعیەتی ئاسنی شیعە زیاتر خۆی دوور دەگرێت لە دەستوەردانی ڕاستەوخۆ لە سیاسەت و بۆ پارێزگاری لە سەنگی خۆی دەچێتە دۆخی دوورەپەرێزی، بە پێچەوانەی وێستگە گرنگەکانی پاش ٢٠٠٣ کە ئامادەیی بەهێزی هەبوو تێیدا.

- دوو ئەگەر هەیە لەبەردەم خولی

پێنجەمی پەرلەمانی عێراق کە سێیەمی نییە، یان حکومەتی زۆرینە کە سەدر ڕێبەرایەتیی بکات، یان بەرەی مالیکی دروستی بکەن، ئەگەرەکەی تر دروستکردنی حکومەتی سازانە کە هەمان نەخشەڕێگای جارانە لەگەڵ هەندێك گۆڕانکاری لە سەنگ و قورسایی و بەشداری و پشکی هێزەکان.

- حکومەتی زۆرینە تاقەت و پشوودرێژیی زۆری لە زۆرینە دەوێت، چونکە هەردوو بەرە سیاسی و پەرلەمانییەکەی شیعە چەکدارن و لایەنی دەسەڵاتدار دەکەوێتە بەردەم ئەگەری پێکدادان. حکومەتی سازانیش کۆپیی شکستی خولەکانی ڕابردووە.

- ئەم خولە دوا دەرفەتە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی سیاسیی مالیکی، چونکە هەڵکشانی کورسییەکانی هاوکاتە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی بەرەو حەفتا ساڵ، جگە لەوەش بەشی زۆری دەنگەکانی بۆ ئەوە بووە بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و بەرهەڵستیکردنی سەدرییەکان و مانەوەی لە سێبەردا وەك دوو خولی ڕابردوو بە هەمان دەرد و چارەنووسی ئەیاد عەلاوی دەبات و لە ڕووی سیاسییەوە دەچێتە دۆخی خانەنشینبوون.

- یەکڕیزیی هێزەکانی شیعە (چوارچێوەی هەماهەنگی) وەك قۆناغی پاش هەڵبژاردن نامێنێتەوە، ئامانج لەم گردبوونەوەیە؛ بەرەنگاربوونەوەی تاکڕەویی سەدرە، پاش بەدیهاتنی ئامانجەکەش؛ "شەیتانی وردەکاری" و بەریەککەوتنە لاوەکییەکان سەر هەڵدەدات.

- هۆکاری زۆر هەن یارمەتیدەرن بۆ سەرهەڵدانی شەڕی شیعە-شیعە، وەك زۆریی چەك، نەبوونی دەوڵەتی ناوەندیی بەهێز کە کۆنترۆڵی ئیقاعی ناکۆییەکان بکات لەگەڵ دابەشبوونی ستوونی و ئاسۆیی شیعەکان، ئەمە جگە لە کێشەی ژێربەژێری مەرجەعیەتی ئایینی هێزە سیاسییەکان، بەڵام هەتا سیستانی لە ژیاندا مابێت و ئێران بەم فۆرم و بیرکردنەوەیە بمێنێتەوە؛ ئەو ئەگەرە دوورە، ئەمەش ڕێگر نییە لە گرژی و بەریەککەوتنی لابەلای سنووردار.

- ئێران هەوڵی کۆنترۆڵکردنی خزانی شیعەکان دەدات بۆ پێکدادان و تورکیاش لە جاران زیاتر دێتە سەر خەت بۆ ڕێکخستنەوەی سوننەکان، بەتایبەت کە ئەمەریکا لە دوورەپەرێزیی زیاتردایە لە دۆسیەی عێراق.

- بژاردەیەکی بەردەم حەشدی شەعبی پاش پاشەکشەکردنی کورسییەکانیان، گەڕانەوەیە بۆ ژێر فەرماندەیی مالیکی، ئەمەش ئاسان نییە لەبەر زۆر هۆکار کە پەیوەندیی هەیە بە بێمتمانەیی و کێشەی ڕێبەرایەتی و ئاراستە و ئامانجی کارکردن.

- ئەگەرێکی تری بەردەم فەتح، دۆزینەوەی هاوپەیمان و تەواوکەرە بۆ قەرەبووکردنەوەی

پاشەکشەی ژمارەیان، ئەویش پاش یەکلاییبوونەوەی ئەنجامەکان. ئەمانەش بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە هاوشێوەکانیان، بەم جۆرەش دەبنە ژمارەیەکی تا ڕادەیەك گونجاو لە هاوکێشەی شیعەدا.

- لە دەرەوەی پێوەرە دیموکراسییەکان لە عێراق، ژمارەی کورسی دیاریکەری ڕاستەقینەی سەنگ و قورسایی هێزە سیاسییەکان نییە و زیاتر چەك و پارە و مەزهەب و نوێنەرایەتیی تایفی لە سایەی سیستمێکی مفتەخۆردا کاریگەرن و ئەوانەی زۆرترین پشکیان لەم فاکتەرانەی هێز هەبێت ناپووکێنەوە، بەتایبەت حەشد کە چەك و خوێن و فەتوای هەیە.

## سەرچاوەکان:

(١) فرانس ٢٤ (٢٠٢١/١٠/١١)، نسبة المشاركة تبلغ ٤١٪ في الانتخابات التشريعية العراقية، https://bit.ly/2ZrQw8Z.

(٢) إندبندنت عربي (٢٠٢١/١٠/١١)، ما معيار تحديد نسبة المشاركة في الانتخابات العراقية؟، https://bit.ly/3vM4U8p.

(٣) موقع السيستاني (٢٠٢١/٩/٢٩)، بيان مكتب سماحته (دام ظلّه) حول الانتخابات النيابية القادمة في العراق، https://www.sistani.org/arabic/statement/26536/

(٤) ڕووداو (٢٠٢١/١٠/٢١)، هۆشیار زێباری بۆ یەکێتی: خۆتان لە ڕێککەوتنی ستراتیژی کشانەوە، https://www.rudaw.net/sorani/interview/21102021

(٥) منقذ داغر (٢٠٢١/١٠/٢٧)، تغريدة على تويتر، https://twitter.com/MUNQITHDAGHER/status/1453297680617287685 (رئيس المجموعة العراقية المستقلة للأبحاث).

(٦) وكالة الأناضول (٢٠٢١/١٠/١١)، برلمان العراق.. نسبة المشاركة بالانتخابات الأدنى منذ عام ٢٠٠٥، https://bit.ly/3mfPAh9.

(٧) ناس نيوز (٢٠٢٠/١٠/٣)، الكاظمي يتحدث عن مرحلة التكليف والعلاقة مع الولايات المتحدة، https://www.nasnews.com/view.php?cat=41867.

(٨) ناس نيوز (٢٠٢٠/١٠/٣)، الكاظمي يتحدث عن مرحلة التكليف والعلاقة مع الولايات المتحدة، https://www.nasnews.com/view.php?cat=41867.

(٩) منقذ داغر (٢٠٢١/١٠) فصل الأرتياب في صندوق الأنتخاب ٤، https://iiacss.org/ar/uncertainty-in-the-5-ballot-box/.

(١٠) rudawrc (٢٠٢١/١٠/٢٥)، پاشەکشەی نوێنەرایەتیی حەشدی شەعبی لەناو پەرلەمان، https://bit.ly/3bb3r23.

(١١) الأخبار، سەرچاوەی پێشوو.

(١٢) ڕووداو، سەرچاوەی پێشوو.

(١٣) العرب اللندنية (٢٠٢١/١٠/٢٧)، المالكي وسط الباب الشيعي الدوّار كي لا يتحوّل إلى رجل ظل، https://bit.ly/3EpjKVZ.

(١٤) النهار العربي (٢٠٢١/١٠/٢٤)، انتخابات العراق: كيف تكبّد تحالف "الاعتدال الشيعي" الخسارة الأكثر قسوة؟، https://bit.ly/3bez2Q6.

(١٥) الحرة (٢٠٢١/١٠/١٢)، انتخابات العراق.. نتائج مفاجئة قد تغير موازين القوى والتحالفات، https://arbne.ws/3EmiQcV.

(١٦) سكاى نيوز عربية (٢٠٢١/١٠/١٣)، "نشطاء من تشرين" تحت قبة البرلمان العراقي.. هل يحدثون فرقا؟، https://bit.ly/3pKbdZc.

(١٧) المدى (٢٠٢١/١٠/٢٠)، علاء الركابي لـ(المدى): سنشكل معارضة حقيقية لأول مرة بتاريخ البرلمان، https://almadapaper.net/view.php?cat=250405.

(١٨) الأخبار اللبنانية (٢٠٢١/١٠/٢٧)، «الفتح» مراجِعاً نتائج الانتخابات: إقرار أوّل بالثغرات الداخلية، https://bit.ly/3bd6hDJ.

(١٩) بغداد اليوم (٢٠٢١/١٠/١٢)، أسماء أبرز الخاسرين في الانتخابات العراقية، https://bit.ly/3EmVzqF.

(٢٠) ناس كورد (٢٠٢١/١٠/٢٧)، ئەردۆغان ڕاسپاردەیەکی گەیاندووەتە سوننەی عێراق، https://www.nasnews.com/kurd/view.php?cat=33639.

(٢١) يوتيفى (٢٠٢١/١٠/٢٧)، فائق الشيخ علي يتحدث عن عراق ما بعد الانتخابات: مسارات الصراع بين قوى الدولة واللادولة | الحق يقال، https://www.youtube.com/watch?v=UTHSow5adh8.



# شکستی هاوپەیمانانی ئێران؛ کاتی ڕاگۆڕینی تاران لە بەغدا

## هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنی ٢٠٢١-ی پەرلەمانی عێراق لە ڕوانگەی ئێرانەوە



**ئەردەشیر پەشەنگ** **لێکۆڵەری پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەڕێوەبەری گرووپی میدیایی فەراتاب (تایبەت بە ئایندەناسی)**

**بەرایی**

چەندین ئەکتەری ناوچەیی و سەرووناوچەیی لەسەر گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی عێراقدا شوێندانەرن و هاوکات کاریگەرییان لێ وەردەگرن. کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێکە لە گرنگترین دەورگێڕانی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق، کە بە وردبینییەکی تەواو چاودێریی گۆڕانکارییەکانی عێراق دەکات و بەردەوام هەوڵی زیدەکردنی ئاستی کارتێکەری و دابینکردنی زۆرتری بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی لەو گۆڕەپانەدا دەدات. هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١، گرنگترین وەرچەرخانی سیاسیی ئەم ماوەیە بوو کە لە چەندین لایەنی جیاوازەوە بۆ ئێران جێگای بایەخە و ئاکامەکانی کاریگەری و دواهاتی جۆراوجۆریان لەسەر داهاتووی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات دەبێت، لەم یاداشتەدا ئەم پرسە گرنگە تاوتوێ دەکەین.

**١. سیاسەتی گشتیی ئێران بەرامبەر بە عێراق**

لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە کە سەددام حسێن و ڕژێمی بەعس، وەک سەرەکیترین دوژمنانی ئێران، لە سێبەری هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق ڕووخێنران، ئەم وڵاتە لە مەترسییەکی هەمیشە پەنگراو بوو بە دەرفەتێکی گرنگ بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئێران لە سیاسەتی ناوچەیی خۆیدا لەسەر چەندین بنەمای دیاری وەک: تەوەری بەرەنگاری، یەکگرتوویی جیهانی ئیسلام (بە ناوەندێتیی شیعەکان)، دژایەتیی ئەمەریکا و دژایەتی لەگەڵ گۆڕینی سنوورەکاندا کار دەکات و ئەم خاڵانە بەرامبەر بە عێراقیش پەیڕەو کراوە. ئەم پرسە لە وتەکانی ئایەتوڵا خامنەیی ڕێبەری شۆڕشی ئێرانیشدا بەردەوام پێداگریی لەسەر کراوە، بۆ نموونە لە وتارێکدا دەڵێت: "بوونی هێزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا، سەرچاوەی کێشەکانی وەک تیرۆریزم و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی عێراقە و تا کاتێک ئەمەریکییەکان لە عێراقدا بن؛ ئاوی ئاسان لە گەرووی خەڵکی عێراق ناچێتە خوارەوە[١]".

جگە لەم بابەتانە، بە هۆی بوونی عەتەباتی عالیات و مەزاری ٦ ئیمامی شیعە، بەتایبەت ئیمام حسێن، لە عێراقدا، ئەم وڵاتە گرنگی و جیاوازییەکی سەمبۆلیکی بۆ ئێران هەیە و لە سیاسەتی دەرەوەیدا بۆ پێشاندانی هێزی نەرمی ناوچەیی خۆی، بە بانگەشەیەکی بەربلاو داکۆکی لە "ڕێپێوانی ئەربەعین" دەکات. پەیوەست بەم بابەتە، قاسم سولەیمانی؛ فەرماندەی پێشووی سوپای

قودسی ئێران، وەک ئەندازیاری ڕێپێوانی ئەربەعین ناو دەبەن[٢].

بایەخی ڕێپێوانی ئەربەعین، بە مەبەستی ڕێکخستنی هاوەدەنگییەکی گشتی و زیاترکردنی کارتێکەریی فەرهەنگی و پرۆپاگاندەیی، چ لە ناوخۆی ئێران و چ لە عێراق و ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بە شێوازێک بووە کە سەردار سولەیمانی بە ئامادەبوون و پشتگیریی ٢٠ ڕێکخراو و وەزارەتی گرنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەستی دایە دامەزراندنی "ستادی ئەربەعین[٣]"، واتە بارەگای ئەربەعین.

## ٢. ستراتیژی کردەوەیی ئێران بەرامبەر بە عێراق

پێویستە سیاسەتەکانی ئێران بەرامبەر بە عێراق و پرسە گرنگەکانی، لە دوو گۆشەنیگای خوارەوە هەڵسەنگاندن و تاوتوێ بکرێت:

### ٢-١- ستراتیژ و ئامانجی ئێران بەرامبەر بە گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی عێراق

لە ڕوانگەی گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی عێراق، ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە عێراق بەکورتی لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێت: پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و پێشگیری لە دابەشبوونی وڵات، شکستدان و دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، پێشگرتن لە تەشەنەی دەسەڵاتی هێز و لایەنەکانی سەر بە بەعس و هزری پان عەرەبی یان سوننە توندئاژۆکانی دژ بە ئێران، داکۆکی لە بەرەی شیعە، بەهێزکردنی لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران لە ڕێگای ڕێکخستن، دامەزراندن و بەهێزکردنی گرووپەکانی حەشدی شەعبی. ئەم سیاسەتانە لە ساڵانی ڕابردوودا کەمترین گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و دەتوانین دووبارە لە وتەکانی ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆککۆماری ئێران لە دیداری بەرهەم ساڵح؛ هاوتای عێراقیدا گوێبیستیان بین: "هەر هەنگاوێک لە پێناو بەهێزبوونی عێراق و کورتکردنەوەی دەستی بیانییەکان لەو وڵاتە، بە هۆی پێشکەوتنی عێراق دەزانم. ئێران لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و ئاسایش و سەقامگیریدا لە پێشکەشکردنی خوێنی ئازیزترین ڕۆڵەکانی خۆی وەک شەهید قاسم سولەیمانی دریغیی نەکردووە[٤]".

### ٢-٢- ستراتیژ و ئامانجی ئێران بەرامبەر بە عێراق لە ڕوانگەی گۆڕانکارییە ناوچەییەکانەوە

ئێران لە بواری سیاسەتی ناوچەییدا، عێراق وەک ئەندامێکی بەرەی خۆڕاگری (محور مقاومت) ئەژمار دەکات. ماڵپەڕی ویکی شیعە مەبەست لە بەرەی خۆڕاگری وەها پێناسە دەکات: "تەوەر یان بەرەی خۆڕاگری ناوێکە بۆ ئاماژەکردن بە هاوپەیمانییەکی نەنووسراوی ناوچەیی لەنێوان ئەو وڵات و هێزانە کە زۆربەیان شیعەن، وەک: ئێران، سووریا، عێراق

و حیزبوڵڵای لوبنان. ئامانجی بەرەی خۆڕاگری بریتییە لە: خەبات دژ بە وڵاتی ئیسرائیل، کۆتاییهێنان بە باڵادەستیی ڕۆژئاوا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و داکۆکیکردن لە ڕزگاریی فەڵەستین[٥]." ئەم بەرەیە لە ساڵانی ڕابردوودا پێگەیەکی زۆر گرنگی بۆ ئێران هەبووە. ئەمیر عەبدوڵاهیان؛ وەزیری دەرەوەی ئێران، کاتی وەرگرتنی دەنگی متمانە لە نوێنەرانی پەرلەمانی ئێران، بە پێداگرییەکی وەها باسی پێگە و گرنگیی تەوەری بەرەنگاریی کرد: "هەوڵدان بۆ بەهێزترکردنی بەرەی خۆڕاگری لە ئەجێنداکانی دەوڵەتی سێزدەیەمە و بەرەی خۆڕاگریی هاوپەیمانانی ئێرانن کە بە ئامانجی جێگیریی ئاسایشی بەردەوام لە ناوچەکە و وڵاتاندا بە شێوازێکی خۆکرد پێک هاتوون و دێرانەیەکی گەورە و بەهێزی مسۆگەرکردنی ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکەن[٦]".

### ٣. ئێران و حەشدی شەعبی

سەرهەڵدانی داعش و مەترسیی ڕووخانی عێراق، بەتایبەت لە ناوچە شیعی و ئایینییەکانی ئەو وڵاتە، بوو بە هۆی دەرکردنی فتوایەک لەلایەن گەورەمەرجەعی شیعە ئایەتوڵا سیستانی بە مەبەستی پێکهێنانی هێزی پاراستنی گەل، کە لە قەوارەی حەشدی شەعبیدا خۆی بینییەوە. ئێران لەم چوارچێوەیەدا لە دامەزراندن، پشتگیری و بەهێزکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕۆڵی بەرچاوی بینی. هاشم ئەلحەیدەری؛ جێگری فەرهەنگیی حەشدی شەعبی عێراق، لە وتارێکیدا لە شاری هەمەدان، سەبارەت بە ڕۆڵی ئێران وەها دەدوێت: "ئەگەر پاش داگیرکردنی موسڵ؛ داعش دەگەیشتە سامەڕا، بەشێوییەکی گەورە ڕووی دەدا، بەڵام بە یارمەتیی ئێران و پێکهێنانی حەشدی شەعبی، ئەو ئەگەرە ڕووی نەدا." ئەو دواتر تیشک دەخاتە سەر خاڵێکی سەرەکی کە بۆ ئێران زۆر پڕبایەخە: "ئێمە بڕوامان بە جوگرافیای سیاسی نییە، بەڵکوو بڕوامان بە جوگرافیای باوەڕ هەیە کە درووشمی ئایینی ئیسلامە[٧]". لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران خاڵێکی بنەڕەتییە، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بنەماکانی باوەڕیدا؛ بڕوای بە "ئوممەتی ئیسلامی" هەیە و کاتێک چەمکی ئوممەتی ئیسلامی بەکار دێت، بەو واتایەیە کە بۆ ئێران، سنوورە نەتەوەییەکان، خاوەنی گرنگیی بابەتییانە نین. لەم پێناوەدایە کە ئایەتوڵا خامنەیی لە میدیا فەرمییەکاندا، پتر لە ڕێبەری شۆڕش، بە ناوی "وەلی ئەمری موسوڵمانانی جیهان" ناو دەبرێت.

بە واتایەکی تر: چاوگی وەفا و پەیوەندیی گرووپە سیاسییەکانی وەک حیزبوڵڵای لوبنان، تاقمێک لە گرووپەکانی حەشدی شەعبی و ئەنساروڵڵای یەمەن، نەک ئارمانجی نەتەوەخوازی، بەڵکوو ڕوانگەیەکی ئوممەت تەوەر و ئیسلامی-شیعیی شوێنکەوتووی

وەلی فەقیھ و کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. "سەید حەسەن نەسروڵا سکرتێری حیزبوڵڵای لوبنان، چەندین جار ئەم ڕستەیەی دووپات کردووەتەوە، کە: "من سەربازێکی بچووکی ئیمام خامنەییم"(٨).

بەهێزبوونی حەشدی شەعبی لە عێراقدا بۆ ئێران دەرهاویشتەی جیاوازی هەیە، لە پتەوترکردنی کاریگەریی کردەوەیی تا سنووردارکردنی پانتایی بۆ نەیارانی دی، لەوانە ئەمەریکا و تەنانەت ئەو هێزە عێراقییانە کە زۆر ناچنە خانەی ڕوانگە و بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

## ٤. گرنگایەتیی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق بۆ ئێران

بەپێی دەستووری عێراق، سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتە لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە سیستمێکی پەرلەمانی، فیدراڵ و دیموکراتییە، بەو واتایە کە پەرلەمان ناوەند و سەرچاوەی دابەشکردنی هێز و دەسەڵاتە و هەڵبژاردنی پەرلەمانی بە گرنگترین دیاردەی سیاسیی عێراق دێتە ئەژمار کە ڕوانگەی مژارە گرنگ و بنەماییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی وڵات ڕوون دەکاتەوە، بەم هۆیەوە ئەم دیاردە بۆ سەرجەم دەورگێڕانی بیانیی وەک: ئەمەریکا، ئێران، تورکیا، عەرەبستانی سعودیە و... هتد؛ پڕبایەخە. بەپێی ستراتیژیەتی ئێران کە ئاماژەی پێ درا، سروشتییە ئێران خاوەن پلەبەندییەکی هەڵبژاردن بێت بەرامبەر لایەنە جیاوازەکانی عێراق.

ئێران لە سیاسەتی کردەوەیی خۆیدا زۆرتر داکۆکی لە گرووپە شیعەکان دەکات بەرامبەر بە گرووپەکانی تری وەک: عەرەبە سوننەکان و تەنانەت کوردەکانیش. هەروەها لەنێوان لایەنە جیاواز و فرەچەشنەکانی شیعەدا، پشتگیریی زیاتر لەو لایەنانە دەکات کە لە ڕووی بیر و بەرژەوەندییەوە پەیوەندییەکی ئایدۆلۆژی و تەنانەت ڕێکخراوەییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە.

### ٤-١- ستراتیژییە هەڵبژاردنییەکانی ئێران لە عێراقدا

لە ڕووی گرنگییەوە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە شێوازێکی سروشتی شیعەکان لە ڕیزی یەکەم، کوردەکان لە ڕیزی دووەم و عەرەبی سوننە لە پەراوێزدان. هەروەها بەپێی فرەچەشنی و جیاوازیی بۆچوون و ڕوانگەی حیزب و ڕەوتەکان، ئێران لە ناوەوەی هەریەک لەم بەرە و لایەنانەدا ڕیزبەندییەکی تایبەتتری هەیە.

لەنێو شیعەکاندا، هاوپەیمانیی فەتح کە گرووپەکانی حەشدی شەعبی بە فەرماندەیی هادی عامری کە هاوپەیمانی کۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە؛ لەخۆ گرتووە، لە پلەی یەکەمدایە و پاشتر هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا بە سەرکردایەتیی نووری مالکی لە پلەی دووەمدایە، ئێران ئەم گرووپانە لەژێر

ناوی بەرەی خۆڕاگری ڕیزبەندی دەکات. ئەم ڕیزبەندییە لە شێوازی ڕوومالّکردن و پەرچەکرداری میدیا فەرمی و حکومییەکانی ئێران بەرامبەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە دیاری دەردەکەوێت. بۆ نموونە: هەواڵنێری دەزگای دەنگ و ڕەنگی ئێران لە ڕوومالّی ئاکامی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ٢٠١٨ و لە هەڵوێستی هەمبەر سەرکەوتنی دوو هاوپەیمانیی فەتح و دەوڵەتی یاسا، لە تایتڵێکدا نووسیی: "سەرکەوتنی هاوپەیمانیی بەرەی خۆڕاگری و دژەئەمەریکایی لە هەڵبژاردنی عێراقدا[٩]"، یان ڕۆژنامەی هەمشەهریی تاران کە لەلایەن بناژۆخوازەکان بەڕێوە دەبرێت، پێش دەنگدان لە شرۆڤەیەکی هەڵبژاردنی ٢٠٢١دا، سەبارەت بە هاوپەیمانیی فەتح و ئەبنا دەنووسێت: "هاوپەیمانیی فەتح و ئەبنا بە ڕێبەریی هادی عامری و قەیس خەزعەلی، یەکێک لە گرنگترین ڕەوتە سیاسییەکانی شیعەیە لە عێراقدا کە بەختێکی زۆر باشی بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا هەیە. ئەم هاوپەیمانییە سەرهەڵداوی ڕەوتی سەربازیی حەشدی شەعبییە کە لە ساڵی ٢٠١٤ و بە فتوای مەرجەعیەتی نەجەف و پشتگیریی ئێران، بۆ بەرەنگاریی تیرۆریزم پێک هێنرا و لە شکستی داعشدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا. فەتح و ئەبنا وەک سەرەکیترین هاوپەیمانانی ستراتیژیکی ئێران لە ئاستی عێراق و تەنانەت جیهانی عەرەبییشدا دەناسرێن".

ئەم دابەشکارییە لەنێو لایەنە کوردییەکانیشدا هەیە و ئێران سەبارەت بە کوردەکانیش ڕیزبەندیی خۆی هەیە، بە جۆرێک کە پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەندێ حیزبی ئیسلامیدا گەرمترە لە پەیوەندیی لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی دیکەدا و بێگومان سەرکەوتنی ئەم لایەنە نزیکە کوردییانەشی پێ گرنگترە.

**٤-٢- هەستیاربوونی زیاتر بە کاریگەریی ئێران لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراقدا**

ئێران بەردەوام هەوڵی داوە بەپێی زۆرینەبوونی حەشیمەتی شیعە لە عێراقدا، داکۆکی لەو لایەنانە بکات کە لە سیاسەت و بەرژەوەندیی ئێران نزیکترن. ئەم لایەنگیرییە هەندێ جار بووەتە هۆی دروستبوونی کێشە و بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێ و قەیران لە ناوخۆی عێراقدا. بۆ نموونە: دەتوانین بە سەردانی ساڵی ٢٠١٨ی عەلی ئەکبەر وەلایەتی؛ وەزیری دەرەوەی ڕابردووی ئێران و ڕاوێژکاری نزیک و جێی متمانەی ڕێبەری ئێران، بۆ وڵاتی عێراق ئاماژە بکەین. وەلایەتی لەو سەردانەدا لە کۆنفرانسێکی ڕاگەیاندن بەڕوونی وەها دەدوێت: "ئێمە ڕێگە نادەین لیبراڵ و کۆمۆنیستەکان لە عێراقدا حوکمڕانی بکەن[١٠]". ئەم وتانە لە لایەکەوە ئەو ڕاستییەی وەدەرخست کە ئێران بە هەستیاری و وردبینیی تەواوەوە چاودێریی گۆڕانکارییەکانی هەڵبژاردنی عێراق دەکات،

بەڵام لە لایەکی دیکەوە لە ناوخۆی وڵاتی عێراقدا ڕووبەڕووی پەرچەکردارێکی بەربڵاوی نەرێنی بووەوە، بۆ نموونە: ڕائید فەهمی؛ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعیی عێراق، کە لە هەڵبژاردندا لەگەڵ سائیروون (بزووتنەوەی سەدر) هاوپەیمانن، وتەکانی وەلایەتیی بە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆ و پێشێلکردنی دەستووری عێراق ناو برد. وەها هەستیارییەک تەنانەت لەم دوایین هەڵبژاردنەشدا ڕووی دا و چەند کاتژمێرێک پێش کۆتا ماوەی دەنگدان، هەندێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەواڵی سەردانی سەردار ئیسماعیل قائانی؛ فەرماندەی سوپای قودسی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بڵاو کردەوە، بابەتێک کە لەگەڵ پەرچەکرداری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی تاقمێک لە ڕێبەرانی عێراقیی وەک موقتەدا سەدر ڕووبەڕوو بوویەوە و لە کۆتاییدا ئەحمەد مەسجدی باڵوێزی ئێران لە بەغدا، ناچار کرا بەفەرمی لە تویتێکدا سەردانی قائانی و هەر بەرپرسێکی پلەباڵای ئێرانی ڕەت بکاتەوە[١١].

**٥. شرۆڤەی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ٢٠٢١ی عێراق لە ڕوانگەی ئێرانەوە**

ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ی عێراق، بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک تەنیا سەرکەوتنێکی باش نەبوو، تەنانەت بوو بە هۆی پەرۆشیی زیاتر.

**٥-١- شکستی هاوپەیمانانی ئێران**

بە ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراق، دەرکەوت ئەو لایەنانەی کە ئێران هیوای بە سەرکەوتنیان هەبوو و لانی کەم لە فەزای میدیایی و بانگەشەی خۆیدا داکۆکیی لێیان دەکرد، نەک تەنیا نەیانتوانی پێگەیان بەرزتر بکەنەوە، بەڵکوو لە پاراستنی پێگەی ڕابردووشیاندا سەرکەوتوو نەبوون. گرووپ و هاوپەیمانییە شیعەکانی سەر بە ئێران، بەگشتی هێندەی هاوپەیمانیی سائیروونی ڕەخنەگری ئێران، بە ڕێبەرایەتیی موقتەدا سەدر، کورسیی پەرلەمانیان مسۆگەر نەکرد:

١. هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتیی نووری مالکی: ٣٥ کورسی

٢. هاوپەیمانیی فەتح بە سەرۆکایەتیی

**"**

**ڕێژەی کەمی بەشداری، سەرنەکەوتنی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە وەرگرتنی متمانەی شیعەکان و سەرکەوتنی چاوەڕواننەکراو و بەهێزی سەدر؛ گرنگترین هۆکارەکانی پشت پەرۆشی و نیگەرانیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن**

هادی عامری: ١٥ کورسی

٣. عەقدی وەتەنی بە سەرۆکایەتیی فالح فەیاز: ٥ کورسی

هەروەها لە هەرێمی کوردستاندا کە ئێران بەراورد بە بەغدا بە هەستیارییەکی کەمتر لە گۆڕانکارییە سیاسی و هەڵبژاردنەکان دەڕوانێت، ئاکامەکان لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هێندە خوازراو و جێی پەسن نەبوون.

## ٥-٢- هۆکاری پەرۆشیی کۆماری ئیسلامیی ئێران

ڕێژەی کەمی بەشداری، سەرنەکەوتنی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە وەرگرتنی متمانەی شیعەکان و سەرکەوتنی چاوەڕواننەکراو و بەهێزی سەدر؛ گرنگترین هۆکارەکانی پشت پەرۆشی و نیگەرانیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن. هەڵوێستی موقتەدا سەدر لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و یەکەم لێدوانی پاش هەڵبژاردن و سەرکەوتنی، کە بریتی بوو لە پێداگری لەسەر بنبڕکردنی دەستتێوەردانی بیانی و چەککردنی حەشدی شەعبی، هەمووی ئاراستەیەکی دژ بە ئاقاری داڕێژراو و خوازراوی ئێرانی هەبوو.

## ٦. کاردانەوەکانی ئێران لەهەمبەر هەڵبژاردنی ٢٠٢١

کاردانەوەکانی ئێران لەهەمبەر ئاکامەکانی هەڵبژاردنی عێراق دەتوانین دابەش بکەین بە سێ کورت مەودا، ناوەند مەودا و درێژخایەن:

### ٦-١- کاردانەوەی کورتخایەنی ئێران

١. ناڕەزایەتی و گومان خستنە سەر ئاکامەکان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی خۆپیشاندانی سەرشەقام و نمایشی هێزی چەکداریی ڕەوتی ناسراو بە بەرەنگاری.

٢. هەوڵدان بۆ دروستکردنی فراکسیۆنی زۆرینە، بۆ ئەم مەبەستەش نووری مالکی بژاردەیە و هەوڵ دەدرێت وەک ئەزموونی ساڵی ٢٠١٠، ئەو بتوانێت بەر لە موقتەدا سەدر فراکسیۆنی زۆرینەی پەرلەمان پێک بهێنێت.

٣. پێشگیری لە بەدووجەمسەریبوونی هەڵبژاردن. وێڕای ئەوەی زۆر کەس ئێران بە دۆڕاوی ئەم هەڵبژاردنە دەزانن، بەڵام ئێران بە چەند هۆیەک و بەپێی ئەو ئامراز و دەرفەتانەی لەبەر دەستیدایە، نایەوێت فەزای عێراق بەرەو دووجەمسەریی ئێرانی-دژەئێرانیدا تێپەڕێت. بەم بۆنەوە، کاردانەوە فەرمییەکانی ئێران بە ئاکامی هەڵبژاردن؛ هێدی و خۆپارێزانە بوو. دەتوانرێت کاردانەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەم چوارچێوەدا هەڵبسەنگێنرێت. سەعید خەتیبزادە؛ وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، پیرۆزبایی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی لە دەوڵەت و نەتەوەی عێراق و نوێنەرانی هەڵبژێردراو کرد و هیوای خواست کە بە تەبایی و هاوڕێیەتیی

سەرجەم نوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەلی عێراق، پێکهێنانی دەوڵەتی نوێی عێراق ڕوو بدات. خەتیبزادە جەختی کردەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕابردوو بە پشتیوانیکردنی عێراق ئامادەیە بۆ یارمەتیی هاوبەش لە پێناوی گەشە و پێشکەوتنی گشتگیریی هەردوو وڵاتدا[١٢].

### ٦-٢- کاردانەوەی ناوەندماوەیی ئێران

هەڵبژاردن تەنیا یەکێکە لە پانتاییەکانی نواندنی دەسەڵاتی ڕۆڵگێڕانی جیاوازیی ناوخۆیی و بیانی لە عێراقدا. ئێران بەپێی فرەچەشنیی بەرژەوەندی، ئامراز، دەرفەت و دۆخەکانی بەردەستی و هەروەها هەبوونی ١٦٠٩ کیلۆمەتر سنووری هاوبەش و پەیوەندیی ئابووری، فەرهەنگی و سیاسیی بەربڵاو لەگەڵ گرووپ و بەرە جیاوازەکاندا لەتەنیشت ئەگەری چۆڵکردنی هەنگاوبەهەنگاوی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، وەک باڵادەسترین هێزی بیانی لە عێراقدا دەمێنێتەوە. بەم هۆیەوە وا پێدەچێت کاردانەوەی ناوەندماوەیی ئێران بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنی عێراق بەم جۆرە بێت:

١. کەمکردنەوەی ئاستی ململانێ و زیاترکردنی پەیوەندی لەگەڵ هێزە براوەکاندا

ئێران پێشتریش دەریخستووە کە توانای ڕۆڵگێڕانێکی زۆر باڵای هەیە لەنێوان گرووپ و حیزب و ڕێبەرانی عێراقدا. سەردانی لەناکاوی سەدر لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ئێران و دیداری لەگەڵ ڕێبەری ئێران و بەرپرسانی دیکەی باڵای وڵات، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە فڕۆکەخانە و پەرلەمانی ئێران لە مەراسیمی پێشوازیکردنی لە نێچیرڤان بارزانی لە تاران و...، چەند نموونەیەک لەو توانا سیاسییەیە کە پێدەچێت لەم ماوەیەدا زیاتر لەلایەن ئێرانەوە بگیرێتە بەر.

٢. پێشگیریکردن لە دزەی زیاتری بەرهەڵستکارانی ئێران لە گۆڕەپانی شیعەدا

پرسێکی گرنگ ئەوەیە کە بە هەر ڕادەیەک ئێران لە عێراقدا پاشەکشە بکات، بەو ڕادەیە بەرهەڵستکارە ناوچەییەکان و لەوانە تورکیا و عەرەبستانی سعودی پێشڕەوی دەکەن، بەم بۆنەوە ئێران هەوڵ دەدات لە ناوەندماوەدا بێجگە لە کەمکردنەوەی ئاستی گرژییەکان، پەیوەندیی خۆی لەگەڵ حیزب و لایەنە سەرکەوتووەکان و لەوانە ڕەوتی سائیروون بە ڕێبەریی موقتەدا سەدر و هەروەها لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی مەسعوود بارزانی باشتر بکات.

### ٦-٣- کاردانەوەی ئێران لە درێژخایەندا

لە درێژخایەندا ئێران بەردەوام لەسەر ئەم بنەمایانە، کە لە بەشەکانی دیکەشدا ئاماژەی پێ کرا، پێداگری دەکات:

زیاترکردنی ئاستی پەیوەندی لەگەڵ عێراق و بەرزکردنەوەی تا ڕادەی هاوپەیمانێکی ستراتیژیک، پێشگرتن لە دابەشبوونی عێراق، بەهێزکردنی پێگەی شیعەکان لەهەمبەر لایەنەکانی دیکە، دروستکردنی شێوازێک لە هاوسەنگی لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، لەبەر ئەوەی کە ڕوانگەیەکی گشتی و ڕانەگەیەنراو لە ئێراندا باوە کە پێی وایە بە هەر ڕادەیەک دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بەهێزتر بێت، هەر بەو ڕێژە ئاستی ململانێی هەمبەر ئێران زۆرتر دەبێت.

## ئەنجام

لەنێوان پێنج هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراقدا، دوایین هەڵبژاردن (٢٠٢١) لە دیدی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە خراپترینیان هەژمار دەکرێت. بەتایبەت ئەوەی کە فەزای سیاسیی ئەم هەڵبژاردنە جۆرێک لە دووبەرەکیی ئێرانخوازی و دژەئێرانیی لەنێوان هەندێک لە ڕێبەران و ڕەوتە سیاسییەکانی شیعەدا دروست کردووە. بەڵام بەگوێرەی قووڵایی و بەردەوامیی بەرژەوەندیی ئێران لە عێراقدا و بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندیی هەمەلایەنە و ئەو دەرفەتە جیاوازە سیاسییانەی بە دەست ئێرانەوەیە، ناتوانرێت ئاکامی هەڵبژاردنی ٢٠٢١ی پەرلەمان بە واتای کۆتایی هەبوونی ئێران لە عێراقدا، یان دۆڕاندنێکی زەقی سیاسی بژمێردرێت، بەڵکوو چاوەڕێ دەکرێت ئێران بەسەر هەندێ ڕەهەندی کرداری و پراکتیک و بانگەشەیی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەهەمبەر عێراق و هێز و لایەنەکانی ئەو وڵاتەدا پێداچوونەوە بکات و بە ئاراستەیەکی هێدیتر و جیاواز لە پێش، ڕۆڵی خۆی وەک گرنگترین دەورگێڕی کاریگەری ناوچەیی لە گۆڕەپانی گۆڕانگارییەکانی عێراقدا درێژە پێ بدات.

سەرچاوەکان:

١. ماڵپەڕی سەید عەلی خامنەیی https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=٤٦٠٨١

٢. ماڵپەڕی قاسم سولەیمانی https://soleimani.ir/news/٢٠٥

٣. هەواڵنێریی ئێسنا https://www.isna.ir/news/٩٩٠٧١٧١٢٩٣٩

٤. هەواڵنێریی کۆماری ئیسلامیی ئێران (ایرنا) https://www.irna.ir/news/٨٤٤٢٧٥٠٨

٥. ماڵپەڕی ویکی شیعە: https://fa.wikishia.net/view

٦. هەواڵنێریی تەسنیم: https://www.tasnimnews.com/fa/news/١٤٠٠/٠٥/٣١/٢٥٥٨٣٩٠

٧. هەواڵنێریی تەسنیم: https://www.tasnimnews.com/fa/news/١٣٩٧/١٠/١٨/١٩١٧٥٦٦

٨. پێگەی هەواڵی بەسیرەت: https://basirat.ir/fa/news/١١٩٣٣

٩. هەواڵنێریی دەزگای دەنگ و ڕەنگی ئێران: https://www.iribnews.ir/fa/news/٢١٣١٦٤٩

١٠. هەواڵنێریی پانا: https://www.pana.ir/news/٨٠٣٥٩٨

١١. تویتی ئەحمەد مەسجدیی باڵوێزی ئێران بە زمانی عەرەبی https://twitter.com/IMasjidi/status/١٤٤٧٦٢٦٩٨٥٠٣١٨٣٩٧٤٦

١٢. ماڵپەڕی وەزارەتی دەرەوەی ئێران: https://www.mfa.gov.ir/portal/newsview/٦٥٤٨٣٣

# ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی



شەهلا ڕەعنایی

توێژەری کۆمەڵایەتی

وەرگێڕان: لوقمان سەیفور



**بەرایی**

ئاسایش بە پێداویستیی سەرەکی و ئامانجێکی بنەڕەتیی مرۆڤ ئەژمار دەکرێت، بە شێوەیەک کە بە کەمبوونەوەی ئاسایش؛ ئارامی و دڵنیایی مرۆڤ لەنێو دەچێت و دڵەڕاوکێ، بێمتمانەیی و نائارامی دێتە ئاراوە، لەم ڕووەوە بەدیهێنانی زۆرێک لە پێویستییەکانی مرۆڤ بەندە بە دابینکردنی ئاسایش. ئاسایش بابەتێکی بنەڕەتییە لە هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتیدا و وڵاتانی جیهان دابینکردنی ئاسایش لە کۆمەڵگادا بە ئەولەویەت و ئەرکی سەرەکیی خۆیان ئەژماری دەکەن، هەر چەندە ئەستەمە کە چاوەڕێ بکرێت لە کۆمەڵگایەکدا بەتەواوەتی ئاسایش بوونی هەبێت، بەو پێیەی کە هەر کۆمەڵگەیەك لە کەسانی جیاواز بە دابونەریت و کولتووری جیاواز پێك هاتووە و بەردەوام ڕێژەیەک لە تاوان و زیانی کۆمەڵایەتی بۆ نموونە "ئالوودەبوون" لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە و بە هەمان ڕێژەش هەستکردن بە نائارامی لەو کۆمەڵگایەدا بوونی هەیە. هەستێک کە هەندێک کات بە شێوەیەکی بەرچاو لەناو خەڵکی ئەو کۆمەڵگایەدا دروست دەبێت و وەک کێشە لێی دەڕوانرێت و دەبێت بە وریاییەکی زیاترەوە بخرێتە بەر باس. ئەم نووسینە هەوڵی شرۆڤەیەکی کۆمەڵناسییە سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەریی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە کەمکردنەوەی زیانە کۆمەڵایەتییەکانی "ئالوودەبوون" و لە بەرامبەردا ڕۆڵی پێچەوانەی ئالوودەبوون لە کەمبوونەوەی هەستکردن بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

ئاسایشی گشتی یەکێک لە دیارترین سیماکانی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵگایەک و زەمینەسازیی گەشەکردن و ئارامیی کۆمەڵگایە. جێگیربوونی ئاسایشی گشتی لە کۆمەڵگادا پێویستی بە پێکهاتەگەلێکە کە لەودا لانی کەم هێماگەلێکی وەک یەکسانیی کۆمەڵایەتی، دابینکردنی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، دابینکردنی هەلی کار، ئازادی و دەسەڵات و بەشداریکردنی تەواوەتیی خەڵک، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و زانیاری لە کۆمەڵگەدا، کەڵکوەرگرتن لە توانای نوخبە و زاناکان، گونجاندنی کۆمەڵایەتی و هاوشێوەکانی بوونی هەبێت. ئاسایشی گشتی بابەتێکە لە پێشکەوتنی سیستم، یاسا و لەبەرچاوگرتنی یەکسانی لە کۆمەڵگادا کە هاوڵاتیان لە پەنای ئەودا لە ترس و نائارامی بەدوور دەبن و بۆ بەرگریکردن و پشتیوانی لە مافەکانی خۆیان و دابینکردنی هەلەکان و هۆکارەکانی دەستدرێژی بێخەم دەبن.

لە بەدواداچوون سەبارەت بە مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، مادده هۆشبەرەکان وەک هۆکارێکی دەرەکی لە چوارچێوەی بازرگانی لە بازاڕە ئازادەکان وەک مەترسییەک لەسەر ئاسایش ئەژمار دەکرێت.

لە ڕوانگەی سو پرسی (Sue Pryce) لە کتێبی "ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ماددەی هۆشبەردا"، کاتێک کە بازرگانیی مادده هۆشبەرەکان قەدەغە کرا و وەک مەترسییەک لەسەر ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەوڵەت ناسێنرا و کاتێک کە هەڕەشەئامێزترین جۆرەکانی ماددەی هۆشبەر کەوتە ڕیزبەندیی لیستی قەدەغەکراوی هاوردەی دەرەکی، ماددەی هۆشبەر بوو بە بابەتێکی ئاسایشی و مەترسیدار کە پێویست بوو بەرەنگاری ببینەوە. ئەم بابەتە، بەیاننامەی "جەنگ دژی مادده هۆشبەرەکان"، لەلایەن ڕیچارد نیکسۆن لە ساڵی ١٩٧١ و ڕاگەیەنراوەکەی ڕۆناڵد ڕەیگان سەبارەت بەوەی کە ماددەی هۆشبەر مەترسییەکە لەسەر ئاسایش، ڕوون دەکاتەوە. ماددەی هۆشبەر لە گۆڕەپانی سیاسەتی ناوخۆ، تەندروستی، پەروەردە، خۆشگوزەرانی و تاوانەوە جووڵەی کردووە و دەبێتە پرسی سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماتی و ستراتیژی سەربازی[١].

ڕاسڵ کراندال لە کتێبی "ماددەی هۆشبەر و هەڕەشە"، بڕوای وایە کە لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠، بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان زیاتر لە یەک ترلیۆن دۆلار یاخود بە ڕێژەیەکی گریمانەیی دە ئەوەندەی شەڕی کەنداوی فارس (١٠٢ ملیارد دۆلاری ئەمەریکی بە ڕێژەی هەڵئاوسانی ڕێکخراو)، یاخود سێ ئەوەندەی جەنگی یەکەمی جیهانی (٣٣٤ ملیارد دۆلاری ئەمەریکی بە هەڵئاوسانی ڕێکخراو) لەسەر باجدەرە ئەمەریکییەکان کەوتووە. سەرەڕای دەیان ساڵ هەوڵ و کۆشش بۆ ڕیشەکێشکردنی مادده هۆشبەرەکان، ماددەی هۆشبەر بە شێوەیەکی نایاسایی بەرهەم دەهێنرێت و لە ناوخۆ و دەرەوەی ئەمەریکادا بەردەوام لە گەشەدایە. لەم ساڵانەی دواییدا باجدانی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر و خودی شەڕی ماددەی هۆشبەر بۆ بەشێکی زۆر لە ئەمەریکییەکان زیاد لە هەر کاتێکی تر بووە بە شتێکی تاکەکەسی. لە ساڵی ٢٠١٦، لە هەر دە کەسێکی ئەمەریکی، چوار کەس دانیان بەوەدا ناوە کە لە ئێستادا یان پێشتر کەسێک دەناسن کە ئالوودەی ئارامبەخشە ڕێپێدراوەکانی پزشکان بووە[٢].

ئەم کێشەیە نیشاندەری گرنگی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی زیانەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکانە و سەرمایەگوزاریی دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ باشترکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لەم وڵاتەدا وەک زلهێزێکی سیاسی و ئابووریی جیهانە. بەڵام نابێ لەبەرچاوی نەگرین کە زیانەکانی ئالوودەبوون وەک هۆکارێکی مەترسی لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی بە شێوەیەکی ڕۆژانە لە کۆمەڵگاکاندا ڕوو لە زیادبوونە و ئەنجامدانی ڕێکارە پێویستەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم مەترسییانە وەک بابەتێکی گرنگ ئەژمار دەکرێت. ڕوونە کە پێش لە

هەر کارێک بۆ کۆنترۆڵکردنی مەترسییەک، دەبێت بە باشی و وردی ئەو مەترسییە بناسین و هۆکارە پەیوەندیدارەکانی سەبارەت بەو مەترسییە دەستنیشان بکرێن. لەسەر ئەم بنەمایە، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر (Drug Use) لەنێو خەڵکدا بووە بە یەکێک لە سەرچاوەکانی دەرکەوتن و پەرەسەندنی "هەستکردن بە نائارامی" (Feeling Insecure). بە واتایەکی تر: ئالوودەبوون بە شێوەی زیانی کۆمەڵایەتی، لێکەوتەگەلێکی وێرانکەر و پڕ لە خەرجیی زۆر دەخاتە سەر شانی پێکهاتەی کۆمەڵگا. بۆ نموونە؛ لە کاریگەرییە ئازاربەخش و بونیادتێکدەرەکانی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر بریتین لە جیابوونەوەی هاوسەران، کەمبوونەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، زیادبوونی دزی و گواستنەوەی نەخۆشی کە دەوڵەتەکان بۆ لەنێوبردنی ئەمانە بەناچاری تووشی خەرجییەکی زۆر دەبن. هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەو بەهایەی کە خەڵک بۆ کەمکردنەوەی ئالوودەبوون لە کۆمەڵگە و پاشانیش باشترکردنی ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی قایلن، شایانی گرنگیپێدانە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی دەوڵەت سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کەمبوونەوەی ئالوودەبوون سوودمەندە و هەستکردنی دەروونیی نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئالوودەبوون و زیانەکانی[٣].

لە لایەکی ترەوە، بەو پێیەی کە چەمکی هەستکردن بە ئاسایش یەکێکە لە دەرخەرەکانی چۆنیەتیی ژیان لەنێو شارەکاندا، دەکرێت بڵێین زیانە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکێك لە گرنگترین لێکەوتەکانی ئەم نائەمنییە ئەژمار دەکرێت. لە ئەمڕۆدا بە سەرنجدان لە بڵاوبوونەوەی نائەمنییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو شارەکاندا، پەیوەندیی نێوان ئاسایشی کۆمەڵایەتی و زیادبوونی زیانە کۆمەڵایەتییەکان گرنگیی پێ دەدرێت[٤]. لەسەر ئەم بنەمایە، یاسای سزادانی توند، توندکردنی بەرەنگاربوونەوەکان، ڕێکارە پۆلیسییەکان و سەرمایەگوزاریی دەوڵەتەکان بۆ دابینکردنی هەستکردن بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی؛ ئەنجامێکی دڵخوازی بەدەست نەهێناوە، هەر بەم هۆیەوە ساڵانێکە وڵاتان بیر لەوە دەکەنەوە کە سوود وەربگرن لە توانا و بیرۆکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی (بەهێزکردنی ستراتیژی بەشداریکردنی خەڵک لە دابینکردنی ئاسایش) و کار لە کەمکردنەوەی هەستکردن بە نەمانی ئاسایش بکەن. هەر بۆیە ئاسایشی کۆمەڵایەتی بابەتێکە کە خەڵک و دەوڵەت پێکەوە لە دابینکردنیدا هاوبەش و بەشدارن، لەم ڕوانگەیەوە دەوڵەت و کۆمەڵگە هەنگاوبەهەنگاو و پێکەوە بەبێ ئەوەی خۆیان لە یەکتر جیا بکەنەوە، پێویستە هەمان کردار سەبارەت بە نەمانی ئاسایشی پەیوەندیدار بە هەردووکیان ئەنجام بدەن و هاوکاری یەکتر بن[٥].

**زیانە کۆمەڵایەتییەکان (Social Problems)**

زیانە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆگری هەندێ کێشە و گرفتی کۆمەڵگایە کە بە هۆی ئەوەوە خەڵکی تووشی زیانی جەستەیی و دەستدرێژیی جەستەیی دەبن. ئالوودەبوون بە شێوەی یەکێک لە زیانە کۆمەڵایەتییەکان، سەرەتا دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی سامانی مرۆیی وڵاتەکان و داینامۆی ئابووریی وڵات لەکار دەخات و پاشانیش دەبێتە هۆی پەرەپێدانی تاوانکاری و کێشەگەلی تر لە کۆمەڵگادا، بەم شێوەیە بە توندی و خێرایی دەبێتە هۆی لەدەستدانی سامانی مرۆیی. هەروەها ئەم بابەتە لە ڕێگەی ئەو کاریگەرییە نەرێنییەوە کە بەسەر کۆمەڵگەوە بەجێی دەهێڵێت، دەبێتە هۆی لاوازبوونی سامانی کۆمەڵایەتی. بەشێک لە لێکەوتە نەرێنییەکانی ئالوودەبوون بریتین لە: داڕووخانی بنەمای خێزانەکان، کەمبوونەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، گواستنەوەی نەخۆشییەکان، زیادبوونی دزی لە کۆمەڵگەدا و لە هەمووی گرنگتریش خەرجیی هەلی لەدەستچووی هێزی کار. بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئالوودەبوون لە کۆمەڵگادا، وەک تێچووی مانەوەی ئالوودەبووان لە بەندیخانە یاخود کەمپەکان، یاخود پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەوان لە ڕێگەی ڕێکخراوە تەندروستییەکانەوە، بەڕوونی تێچوونێکی زۆری پێوە دیارە بۆ دەوڵەت. بەڵام لەگەڵ ئەم خەرجییە ڕوون و قابیلی ژماردنانەدا، کۆمەڵێك تێچوونی تر بوونی هەیە کە تێچووی بەهای دراوییەکەی دیار نییە و لە هەمان کاتدا بەهایەکی زۆر زیاتری هەیە کە بریتین لە لەنێوبردنی متمانەی کۆمەڵایەتی لەنێوان خەڵکیدا بە هۆی زیادبوونی دزییەکان، ئەگەری تووشبوون بە تاوانی ئەندامانی تری خێزان بە هۆی لاوازی و لەنێوچوونی شیرازەی خێزانی و هەروەها بریندارکردنی هەستی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ هەستی یارمەتی و بەزەیی ئەوان لە کاتی بینینی ئالوودەبووندا. هەروەها، دەوڵەتەکان بۆ جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەکانی سەبارەت بە کەمکردنەوەی ئالوودەبوون، دەبێت لە کولتوورسازی و پەروەردەی کۆمەڵگادا سەرمایە بخەنە گەڕ. کەواتە، لێکدانەوەی ڕێژەی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و ئەو بەهایەی کە خەڵکی پێی دەدەن سەبارەت بە کەمکردنەوەی ڕێژەی ئالوودەبووان، بۆ داڕشتنی پلان و بەرنامەی ئابووری و کۆمەڵایەتی گرنگیی هەیە[٦].

جیا لە ناوەرۆکی کۆمەڵگا و ئاستی گەشەکردنی، دەکرێت بڵێین بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کاتێک خرایە بەر باس کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەك شارنشینی و پیشەسازی هاتنە کایەوە. کاریگەرییەکان و شێوازی ژیانی تایبەت پیشەسازی، بووە هۆی ڕوودانی گرژی و ئاڵۆزی لە ئاستی تاکەکەسی و کۆمەڵگادا. بێ ناونیشانی

و ونبوونی (گمنامی) تایبەت بە کەشی شارەکان، نەک تەنیا ڕۆڵی چاودێریی خێزانی کەم کردەوە، بەڵکوو بووە هۆی کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئایینیش، ئەم ونبوونە بە لەخۆنامۆبوونی مرۆڤ زیاتر پەرەی سەند. حەزە بێسنوورەکانی مرۆڤ بووە هۆی ئەوەی کە کێشمەکێش و هەژاریی زیاتر بۆ مرۆڤ بەرهەم بهێنێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بووە هۆی ئەوەی کە لە قۆناغی یەکەمدا مرۆڤی مۆدێرن بۆ ئارامبوونەوەی خۆی پەنا بەرێتە بەر ماددەی هۆشبەر و بەدوایدا بگەڕێت و لە کۆتاییدا کاتێک کە کێشەکان وایان لێ دێت بەرگەی ناگرێت، تووشی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر دەبێت[٧].

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، پێکهاتەی کولتووری-کۆمەڵایەتی لە پەرەپێدانی ئالوودەبوون لە کۆمەڵگادا شایانی گرنگیپێدانن. لە ڕوانگەی تیۆری کردارگەرایی (Functionalism)، کاتێک کە نۆرمە (بەها/هنجار) کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەبن، حەزی تاکەکان بۆ ئەو ماددە هۆشبەرانە زیاتر دەبێت. بە ئاڵۆزتربوونی کۆمەڵگا و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی خێراتر، بەهاکان و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان ناڕوونتر دەبن و دەگاتە ئاستی بێبەهابوون. نەگونجاویی نۆرم، لە گرنگترین هۆکارەکانی لاوازبوونی بەهاکانە. سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی تەندروستی سەبارەت بە مەترسی و زیانەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، بە هۆی بانگەشەی بەرهەمهێنەرانی ماددەی هۆشبەر، پێکدادانی پێکهاتەیی دەردەکەوێت و تاکەکان بەرەو کێشانی ئەم ماددانە ڕادەکێشێت. بێبەهایی و بەرەڵایی تاکەکەسیش هۆکارەکانی ترە کە هەلێکی گونجاو بۆ ڕاکێشانی مرۆڤ بەرەو ئالوودەبوونی بە ماددەی هۆشبەر دەڕەخسێنێت. لێکهەڵوەشاوەیی پێکهاتەی خێزانەکان بە هۆی جیابوونەوەی دایکان و باوکان، جیابوونەوە لە هاوڕێیان بە هۆکاری شوێن گواستنەوە و کۆچکردن و لەم نموونانە، مرۆڤ لەبەرامبەر ماددەی هۆشبەر لاوازتر دەکات. لەم ڕوانگەیەوە، لاوازبوونی هاوڕایی گشتی سەبارەت بە بەها پەسەندکراوە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگترین هۆکارە کە مرۆڤ پەنا بەرێتە بەر ماددە هۆشبەرەکان[٨].

## ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر
## (Drug Addiction)

ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر نەخۆشییەکی سەرەکی و کوشندەیە و خێرا گەشە دەکات. لەم نەخۆشییەدا جۆرێک پەیوەندیی ئارامکەرەوە دروست دەکات بە ماددەیەکی هۆشبەر، یاخود کاریگەر لەسەر مێشک کە ئێمە بێتوانا دەکات سەبارەت بە چالاکی و حەزی زۆر. ئالوودەبوون وەک کردارێک پێناسە دەکرێت کە جەستەی

مرۆڤ وا لێ دەکات بۆ ئەنجامدانی چالاکیی ڕۆژانەی خۆی وابەستەی هەندێ هەڵسوکەوت و مادده هۆشبەر ببێت. کاتێک کە وەک پێویست ماددەی هۆشبەر ناخرێتە بەردەست جەستە، یاخود کردارگەلێک کە کەسی ئالوودەبوو وابەستەی بووە و ناتوانێت ئەنجامی بدات بە هەر هۆکارێك، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی نیشانەکانی ناهۆشیاری. بە واتایەکی تر: ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر دەکرێت پێناسەی بکەین بە کارێک کە مرۆڤ ناچارە ئەنجامی بدات و لە هەمان کاتدا لە کاتێکدا لە لێکەوتە زیانبەخشەکانی بەئاگایە. ئەمە لە کاتێکدایە کە دایك و باوکان، هاوسەر و کەسانی نزیکی کەسی ئالوودەبوو بە ماددەی هۆشبەر بەئاسانی ئەم ڕاستییە وەک جۆرێک لە نەخۆشی قبووڵ ناکەن، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەم کەسانە لە ڕووی هەستەوە لە پرۆسەی نەخۆشیی کەسی ئالوودەبوو بەشدارن. سەرەڕای ئەوەی کە وشەی "ئالوودەبوون" بەزۆری ئاماژەیە بۆ وابەستەبوون بە ماددەی هۆشبەر یاخود خواردنەوە کحوولییەکان و لەژێر ناوی ئالوودەبوون بە ماددەکانی تر ئاماژەی پێ دراوە، ئەم ئەگەرەش هەیە کە مرۆڤ ئالوودەی هەندێ کردار و چالاکیی تریش ببێت، وەک: قومارکردن، زۆرخۆری، پەیوەندیی سێکسی، سەیرکردنی وێنە و ڤیدیۆی سێکسی، یاخود تەنانەت شت کڕینی ناپێویست و زیاد لە ڕادە، ئەم جۆرە لە ئالوودەبوونانە وەک ئالوودەبوونی کرداری یاخود پرۆسەیی ئاماژەی پێ دەدرێت. لەسەر بنەمای پێناسەی ئەنجوومەنی چارەسەرکردنی ئالوودەبوونی ئەمەریکا، وشەی ئالوودەبوون بەم شێوەیە پێناسە کراوە: "ئالوودەبوون نەخۆشییەکی سەرەکی و درێژخایەنە کە گرفت دروست دەکات لە بەشەکانی پاداشت، پاڵنەر و خەزنکردن (حافظە) و بەشەکانی تری تایبەت بە مێشك، ئەم کێشانە دەبنە هۆی دروستبوونی تایبەتمەندییە وابەستەییەکانی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی". سەرهەڵدانی ئەم ئاماژەگەلانە لە مرۆڤدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆ دەستکەوتنی پاداشت (چێژ) یان ئارامبوونەوە ڕوو بکاتە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، یاخود کرداری تێکدرانە و وێرانکەر. ئاماژە دیارەکانی ئالوودەبوون بریتین لە تێکچوونی کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوت و کردارەکان، حەزی زۆر بۆ کێشانی مادده هۆشبەرەکان، بێتوانایی لە پاك مانەوەی بەردەوام و بێ توانایی لە ناسینی کێشەی هەڵسوکەت و پەیوەندیی گونجاو لەگەڵ کۆمەڵگادا. ئەگەر ئالوودەبوون بە دەرمان یاخود بە چالاکییەکانی پێویست کاری لەسەر نەکرێت، بەردەوامـــبوونی لەوانەیە ببێتە هۆی لەکارکەوتنی مێشک و تەنانەت مردنیش(٩).

## ئالوودەبوونی جەستەیی

وەڵامی فسیۆلۆژیی جەستەیە بەرامبەر بە داخڵبوون و کاریگەریی ماددەی نوێ بۆ جەستە کە بەگشتی دیاردەی قبووڵکردن ((Tolerance ی لێ دەکەوێتەوە، واتە لەبەر زیادبوونی وەرگرە دەمارییەکان و کەمبوونەوەی نێوەنجییە دەمارییەکان لە سیستمی ناوەندیی دەماردا، کەسی ئالوودەبوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێویستی زیاتری بە کێشانی ماددەی هۆشبەر دەبێت. وازهێنان لە ماددەی هۆشبەر دەبێتە هۆی ئازاری جەستەیی، بێخەوی، زۆرخەوی و ناهۆشیاریی جەستە. ماوەی وازهێنان لە ئالوودەبوونی جەستەیی زۆر کورتترە لە ئالوودەبوونی دەروونی. ئەو تیۆریستانەی کە پەرژاونەتە سەر هۆکارەکانی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر، لە ڕوانگەی زیندەوەرناسییەوە باوەڕیان وایە کە مرۆڤ لە ڕووی فسیۆلۆژییەوە ئامادەیی سەبارەت بە ئالوودەبوون تێدایە. بە بۆچوونی جاروڤیک (Jarvik)، هەندێک لە مرۆڤەکان لە ڕووی فسیۆلۆژییەوە ئامادەییەکیان تێدایە کە ئەمەش خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر چێژ لە خراپ بەکارهێنانی کێشانی ماددەی هۆشبەر وەربگرن و هەر ئەم ئامادەییەش دەبێتە هۆکاری ئالوودەبوونی ئەوان. بە واتایەکی تر: سیستمی ناوەندیی دەماری، ماددە هۆشبەرەکان لە ڕێگەی گەیەنەرە دەمارییەکانەوە بە چەشنێك پرۆسێس دەکات کە ببێتە هۆی ئەزموونێکی چێژبەخشی دەگمەن(١٠).

## ئالوودەبوونی دەروونی

ئالوودەبوونی دەروونی بە هۆی چێژ و سەرخۆشیی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوەیە لە درێژمەوەدادا. ڕێکوڕاست بە هۆی تێکچوونی شیرازەی ڕژانی نێوەنجییە دەمارییەکانەوە، تاك تووشی زیان یان دژیەکییە ڕۆحییەکان دەبێت. بۆ نموونە؛ مادەی هۆشبەری مێتائامفتامین (شیشە)، دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕژێنی دوپامین لە مێشکدا و ڕوودانی حاڵەتی ورووژێنەر، سەرخۆشی، تەرکیز و...، پاش وازهێنان لە بەکارهێنان یان کەمکردنەوەی ئاستی دوپامین، کەسی ئالوودەبوو تووشی خەواڵوویی، خەمۆکی و بێتەرکیزی و... دەبێت. ماوەی خولی گەڕانەوەی ئەم نێوەنجییە دەمارییانە بۆ حاڵەتی ئاسایی زۆر درێژتر و تەنانەت هەندێك پێیان وایە کە گەڕانەوەیان نییە. لە ئەنجامدا ئالوودەبوونی دەروونی زۆر کوشندەتر دەنوێنێت. ئالوودەبوونی دەروونی دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرێك لەو کەسانەش کە پێشتر کۆرسە درێژخایەنەکانیان بینیوە، دیسانەوە دڵیان بۆی لێ بداتەوە. بەڵام بەداخەوە کە هەندێك کەسی هەلپەرست بۆ ڕیکلامکردن بۆ ماددەی هۆشبەر، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەکاربەرەکان ئالوودە ناکات، بەڵام لە واقیعدا هەموو ماددەیەکی هۆشبەر ئالوودەبوونی دەروونییشی لەتەکدا دەبێت، تەنانەت ئەگەر هەندێك لە ماددەکان نەبنە هۆی ئالوودەبوونی جەستەیی لە کەسەکاندا(١١).

لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە بۆچوونێك هەیە کە ئەو کەسانەی کە متمانەبەخۆبوونێکی کەمیان هەیە و لە دڵەڕاوکێدان، بە مەبەستی ئارامی و بەدەستهێنانی متمانەبەخۆبوون و ڕزگاربوون لە بەریەککەوتنەکان؛ ڕوو لە ماددە هۆشبەرەکان دەکەن. کەسە وابەستەکان ئەگەری ئالوودەبوونیان زیاترە(١٢).

### ئاسایشی کۆمەڵایەتی

ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەك یەکێك لە هەستیارترین و گرنگترین جۆرەکانی ئاسایش، ڕەگەزێکی سەرەکیی ژیانی مرۆڤ پێك دەهێنێت. بێگومان هیچ ڕەگەزێك بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگەیەك و هەروەها چەکەرەکردنی تواناکان؛ گرنگتر نییە لە ڕەگەزی ئاسایش و دابینکردنی ئارامی لە کۆمەڵگەدا. ئاسایش خاوەنی دوو واتای ئەرێنی (واتە بوونی هەستی ڕەزامەندی و دڵنیایی دەسەڵاتداران و هاوڵاتیانە) و نەرێنی (واتە نەبوونی ترس، زەبر و هەڕەشە)یە.

ئێستاکە چەمکی ئاسایش لە ڕووی ڕواڵەتەوە لە کۆمەڵگەدا سنووری نەبوونی تاوان و زیانەکانی تێپەڕاندووە و حاڵەتگەلی وەك دەروونی، ئەخلاقی، تەندروستی، ئابووری دەگرێتەوە و هەروەها هەڵگری سەقامگیری، شیرازەی واقیعی و ئەقڵانییە لە کۆمەڵگەدا کە ئەمانە هەموویان بە واتای ئاسایشی کۆمەڵایەتی لێك دەدرێنەوە. بۆیە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە هەتاوەکوو ڕێژەی پەرەپێدانی کۆمەڵگەیەك زیاتر بێت، تێکڕای ئاسایشی کۆمەڵایەتییش زیاتر دەبێت و هاوتەریب لەتەك ئەوە ڕێژەی سەرپێچی، تاوان و زیانە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر دەبێت.

### پێناسەی ئاسایش

ئاسایش لە ڕەگوریشەی لاتینیی "Securus"ەوە وەرگیراوە کە بە واتای نەبوونی دڵەڕاوکێ و دوودڵی دێت. بۆیە واتا زمانەوانییەکەی ئاسایش؛ ڕزگاربوونە لە شڵەژان، دڵەڕاوکێ، ترس یان هەستکردنە بە ئارامی و دڵنیایی. هەستکردن بە ئارامی و دڵنیایی بە هۆی نەبوونی دەستدرێژی بۆ سەر گیان، ماڵ، کار و مافەکانی دیکەی مرۆڤ دێتە دی. ئەم بەها جێگیرە، یەکێکە لە پێداویستییەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی(١٣). هەروەها، ئاسایش خاوەنی دوو ڕەگەزی سەرەکیی هەڕەشە و دەرفەتە و بەرقەرارکردنی ئاسایش بەستراوەتەوە بە ڕزگاربوونی ڕێژەیی لە هەڕەشە و سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکانە. بەم پێیە بەرجەستەبوونی ئاسایش لە لایەك بەستراوەتەوە بە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و لە لایەکی ترەوە بە دەرکەوتەکانی دەستڕاگەیشتن بە پێداویستییەکان و باشکردنی دۆخ و ڕێکخستنی ژیان(١٤).

**ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دابەشکارییەکانی**

ئاسایشی کۆمەڵایەتی ڕەهەندی سیاسی و حکومیی هەیە و ئاوێزانە بە بابەتی سەرەکیی دەسەڵاتەوە و لە توێژینەوە و خوێندنەوە ستراتیژییەکاندا لەژێر چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەییدا شەنوکەو دەکرێت[١٥]. ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە ڕووی گشتگیری و هەمەلایەنییەوە دەکرێت بە ئاسایشی ستوونییش هەژمار بکرێت کە کایەکانی ئاسایشی گشتی و بەکۆمەڵیش لەخۆ دەگرێت. لەسەر ئەم بنەمایە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئارامی و ئاسوودەییە کە کە هەر کۆمەڵگەیەك ئەرکی سەرشانیەتی بۆ ئەندامەکانی خۆی دابینی بکات و زۆر جار بۆ ئاسایشی پیشەیی، ئابووری، سیاسی و دادەوەری دابەش دەکرێت[١٦].

- ئاسایشی پیشەیی

واتە دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسایش بۆ مرۆڤ لە ڕێگەی پیشەوە، لەبەرامبەر هەوڵدانی دادپەروەرانە بە ئاراستەی بەدەستهێنانی بژێویی تاکەکانی کۆمەڵگە.

- ئاسایشی ئابووری

دابینکردنی شیرازەیەکە لەنێو بەش و جومگە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەدا کە تاکەکان لە هەستکردن بە مەترسیی کەمبوون و نەبوونی پێداویستییە سەرەکییەکانی تاك دەپارێزێت.

- ئاسایشی سیاسی

بریتییە لە ڕەخساندنی دەرفەتی ڕادەربڕینی تاکەکان، ڕێژەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە و بەشداری لەم جۆرە کاروبارانەدا بەبێ هەستکردن بە ترس و لەرز، مەترسی و هەڕەشە.

- ئاسایشی دادوەری

ئاسایشی تاکەکانە بەرامبەر بە هەر جۆرە دەستدرێژییەك، تۆقاندنێك، ترس و هەڕەشەیەک، بەرامبەر بە گیان و ماڵ، شەرەف، ئازادی، پیشە و شوێنی ژیان و بە شێوەیەکی گشتی هەموو مافە یاساییەکانیان. جێی ئاماژەیە کە بەگوێرەی مادەی (٣)ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، "هەر کەسێك مافی ژیان، ئازادی و ئاسایشی تاکەکەسیی هەیە" و لەسەر بنەمای مادەی (٢٢)ی جاڕنامەکە هەموو تاکێك وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگە مافی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی هەیە[١٧].

ئاسایش و نائارامی وەك گۆڕاوی وابەستە (بەرەنجام) بەتوندی لەژێر کاریگەریی نەبوونی کۆنترۆڵی هەمەلایەنە، نارەزایەتی و بوونی بەریەککەوتنە ڕەفتارییەکان، نەبوونی ڕەزامەندی لە پێداویستییەکان، دابڕانە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانی کولتووری، لاوازبوونی یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی، ناکارامەیی سیاسەتە ئاسایشییەکان، نەبوونی لێهاتوویی ئامرازەکانی دابینکردنی ئاسایش، ململانێی سیاسی، پەراوێزخستن و کۆچکردنی نارێکخراوە. ئەو دۆخ و هۆکارە باسکراوانە، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ڕێژەی تاوان و زیانە کۆمەڵایەتییەکان جێ دەهێڵن.

بە واتایەکی تر: ڕێژی تاوانەکان و زیانە کۆمەڵایەتییەکان بەتوندی لەژێر کاریگەریی ڕێژەی ئاسایشی کۆمەڵگەدایە. هەتا لە کۆمەڵگە، ناوچە و گەڕەکەکاندا دۆخێکی ئارامتر زاڵ ببێت، گۆڕاوە ئاماژەپێکراوەکان چاك دەکرێن و دەبنە هۆی کەمبوونەوەی زیانە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا. هەروەها کۆمەڵگە لە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەتەك دۆخ و هۆکارە ئاماژەپێکراوەکاندا، بە شێوەیەکی نەرێنی و خەسارناسییانە، گەشەی بەردەوامی ئاماری سەرپێچی و تاوان و توندبوونی زیانە کۆمەڵایەتییەکانی بەدوادا دێت. بۆیە بەرزبوونەوەی ئاستی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتی و هاوشان لەتەك ئەوە کەمبوونەوەی ڕێژەی تاوان و زیانە کۆمەڵایەتییەکان[١٨]. کۆمەڵگەیەك کە بیر لە گەشەپێدانی بەردەوام و هەمەلایەنە دەکاتەوە (کۆمەڵگەی تەندروست)، دەبێت ژێرخانەکانی گەشەکردن و دابینکردنی مافی هاوڵاتییەکانی بکاتە ئەولەویەتی کارەکانی خۆی. لە وەها کۆمەڵگەیەکدا مافی هاوڵاتیان، ئاسایشی گشتی، گیانی، دارایی، هەستکردن بە ئاسایش (بەرزکردنەوەی تایبەتمەندیی ئاسایشی دەروونی)، دەبنە جێی سەرنج و ڕێز. بەرقەرارکردنی وەها دۆخێك، پێوستی بە ئیرادە، گرنگی و ویستی دەوڵەت و خەڵك هەیە. دەوڵەت لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی ژێرخانە سەرەکییەکان لە بەرقەرارکردنی شیرازە و ئاسایشدا، هەروەها پلاندانانە ستراتیژی و ئاسایشییەکان، جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی ئەم پلانانە و خەڵکیش بە بەشداریی چالاکانە و کاریگەریی خۆیان دەتوانن یارمەتیی باشترکردنی شیرازە و ئاسایش و بەرزکردنەوەی ئاستی هەستکردن بە ئاسایشی بدەن. لە ئەنجامدا بەرزیی ئاستی ئاسایش و زیانە کۆمەڵایەتییەکان بەستراوەتەوە بە ڕێژەی پەرەپێدان، خەسڵەتی ئاسایش، بەشداریی خەڵکی بەگشتی، کارامەیی دامەزراوەکان و دامودەزگاکانی ئاسایشەوە[١٩].

**ئەنجام**

لە کاتی ئێستادا زۆربەی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان لەبەردەم کاریگەریی خراپ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەردان کە کاریگەریی لەسەر کایە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسیی کۆمەڵگە هەیە. پانتایی کاریگەریی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بە ئەندازەیەك بەرفراوان و قووڵە کە نەك تەنیا خودی کەسی بەکاربەر، بەڵکوو هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە خێزانەوە تا هاوڕێیان و ژینگەکانی خوێندن و پیشە سەرجەمیان کاریگەریان هەیە. توێژینەوەکان نیشانی دا کە هۆکارەکانی وەك بێکاری، نۆرمپشێوی، گۆشەگیری، کەلێنی ڕێژەیی، بڕوانامەی نزم، پێگەی ئابووری و

کۆمەڵایەتیی نەگونجاو، بێبەشبوونی ڕێژەیی، خەمۆکی، کاریگەرییان لەسەر ئالوودەبوون هەیە و لەنێو هۆکارە ئاماژەپێکراوەکان و ئالوودەبووندا پەیوەندیی هەیە. کۆنترۆڵ و چارەسەری ئەم زیانە کۆمەڵایەتییە دەستەبەر نابێت مەگەر لە ڕێگەی سیاسەتگوزارییە گشتگیر و گونجاوەکانەوە لە ئاستی وردی و درشتی کۆمەڵگەدا، کە لەم حاڵەتەدا دەکرێت ڕێگە لە تووشبوون و تەشەنەسەندنی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە و کاریگەرییە خراپەکەی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی بگیرێت یان بگەیەنرێتە کەمترین ئاست.

سەرچاوەکان:

(1) Sue Pryce (2012). Fixing Drugs (The Politics of Drug Prohibition), Palgrave Macmillan, p46.

(2) Russell Crandall (2020), Drug and Thugs (The History and Future of America's War on Drugs), Yale University Press, pp 2-9 .

(٣) کیانی، غلامحسین. موید فر، رزیتا. رزاقی، محمد رضا، (١٣٩٦)، برآورد تمایل به پرداخت افراد جامعه برای کاهش آسیب‌های اجتماعی (مطالعه موردی اعتیاد به مواد مخدر در شهر اصفهان)، پژوهش هاي راهبردي مسائل اجتماعي ایران (پژوهش هاي راهبردي امنیت و نظم اجتماعي)، زمستان ١٣٩٦، دوره٦ ، شماره ٤، صص ٢-١.

(٤) بنی فاطمه، حسین. سلیمی، آمینه، (١٣٩٠)، احساس امنیت اجتماعي جوانان و عوامل اجتماعي مرتبط با آن، نشریه مطالعات اجتماعی، دوره ٣، شماره ١٢، صص ٥٩-٦٠.

(٥) علی محسنی، رضا، (١٣٨٨)، تحلیل جامعه شناختي امنیت اجتماعي و نقش آن در کاهش جرم و آسیبهای اجتماعی، فصلنامه نظم و امنیت انتظامی، شماره چهارم، سال دوم، صص ٢١-١.

(٦) کیانی، غلامحسین. موید فر، رزیتا. رزاقی، محمد رضا، (١٣٩٦)، برآورد تمایل به پرداخت افراد جامعه برای کاهش آسیب‌های اجتماعی (مطالعه موردی اعتیاد به مواد مخدر در شهر اصفهان)، پژوهش هاي راهبردي مسائل اجتماعي ایران (پژوهش هاي راهبردي امنیت و نظم اجتماعي)، زمستان ١٣٩٦، دوره٦ ، شماره ٤، صص ٢-١.

(٧) علی وردی نیا، اکبر، (١٣٨٤)، مطالعه جامعه شناختی اعتیاد به مواد مخدر در ایران. فصلنامه علمی پژوهشی رفاه اجتماعی، سال پنجم شماره ٢٠، ص١٩٤.

(٨) دانایی، نسرین (١٣٩٤). فصلنامه اعتیاد پژوهی سوءمصرف مواد. سال نهم، شماره سی و ششم. صص ٣٥-٣٤.

(٩) برزگر، زهرا، قربانی، اکرم. تقوی، حسین. جلالی، مهدیه. رنجبر بلیانی، محمد (١٣٩٤). تجارب جوانان از اعتیاد و آسیب های اجتماعی متأثر از آن. کنفرانس بین المللی علوم انسانی، روانشناسی و علوم اجتماعی. (١٠) دانایی، نسرین (١٣٩٤). فصلنامه اعتیاد پژوهی سوءمصرف مواد. سال نهم، شماره سی و ششم. صص ٣٥-٣٤ .

(١١) برزگر، زهرا، قربانی، اکرم. تقوی، حسین. جلالی، مهدیه. رنجبر بلیانی، محمد (١٣٩٤). تجارب جوانان از اعتیاد و آسیب های اجتماعی متأثر از آن. کنفرانس بین المللی علوم انسانی، روانشناسی و علوم اجتماعی.

(١٢) دانایی، نسرین، (١٣٩٤)، فصلنامه اعتیاد پژوهی سوءمصرف مواد، سال نهم، شماره سی و ششم. صص ٣٥-٣٤.

(١٣) نصری، غدیر، (١٣٨١)، معنا و ارکان جامعه شناسی امنیت، تهران: نشریه تحقیقات استراتژیک، شماره ٢٦.

(١٤) علی محسنی، رضا، (١٣٨٨)، تحلیل جامعه شناختي امنیت اجتماعي و نقش آن در کاهش جرم و آسیبهای اجتماعی، فصلنامه نظم و امنیت انتظامی، شماره چهارم، سال دوم، صص ٢١-١.

(١٥) همان، صص ٢١-١.

(١٦) رجبی پور، محمود، (١٣٨٢)، درآمدی بر احساس امنیت عینی، فصلنامه دانش انتظامی (نشریه دانشگاه علوم انتظامی)، شماره ٢٦.

(١٧) علی محسنی، همان، ص٢١-١.

(١٨) همان، ص٢١-١.

(١٩) کیانی، غلامحسین. موید فر، رزیتا. رزاقی، محمد رضا، (١٣٩٦)، برآورد تمایل به پرداخت افراد جامعه برای کاهش آسیب‌های اجتماعی (مطالعه موردی اعتیاد به مواد مخدر در شهر اصفهان)، پژوهش هاي راهبردي مسائل اجتماعي ایران (پژوهش هاي راهبردي امنیت و نظم اجتماعي)، زمستان ١٣٩٦، دوره ٦، شماره ٤، ص٢-١.

# هەڕەشەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە



هاوکار ڕەفیق ڕەحمان



## بەرایی

هەرێمی کوردستان بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە ساڵی ١٩٩٠-دا، هیچ حاڵەتێکی بەکارهێنان و بازرگانیکردنی ماددە هۆشبەرەکانی تێدا نەبووە، ئەم دۆخە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ بەم شێوەیە بووە، بەڵام لە ئێستادا لە هەرێمێکی بەکارهێنەرەوە بووەتە وێستگەیەکی ترانزێت و ئامار و داتاکانی پەیوەست بە بازرگانی کردن و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە هەڵکشانی بەردەوام دان و لە ئەگەری نەدۆزینەویە چارەسەرێکی ڕیشەیی، لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبنە مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی گشتیی هەرێمی کوردستان. لەم توێژینەوەیەدا بە سوود وەرگرتن لە ئامارە فەرمییەکانی دەزگا پەیوەندیدارەکان، باس لە مەترسیی ماددە هۆشبەرەکان کراوە و هەوڵدراوە میکانیزیمەکانی بەرەنگاربوونەوەی بخرێنە ڕوو.

## ماددەی هۆشبەر چییە؟

وەرگێڕدراوی وشەی "Narcotic"ی ئیغریقییە و بە واتای "بێهۆشکردن" یان "لەهۆشخۆچوون" دێت، ئەمەش واتای ئەوەیە هۆشی مرۆڤ دەبرێت و لە حاڵەتی سروشتی خۆی دادەبڕن، لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی ئالوودەبوون و ژەهراویبوونی کۆئەندامی دەمار[١]. ماددە هۆشبەرەکان لە ڕێگەی (دەم، دەرزی و کوتان، بۆنکردن، کێشان و هەڵمژین، خستنەژێر زمان و کۆم) بەکار دەهێنرێن[٢]. جۆرەکانی دەشێت سروشتی بن، لە شێوەی گەڵا و گوڵ و ڕەگی دار، یان نیمچەدەستکرد بن و لە جۆرە سروشتییەکانەوە وەربگیردرێن، یان لە تاقیگەدا بە شێوەی حەپ و دەرزی ئامادە دەکرێن، کە بریتین لە (تلیاک، مۆرفین، کۆدایین، هیرۆیین، حەشیش، کراک، شیشە، پیسیدین، میسادۆن، بێنزۆدیازیپین، ئەمفیتامینەکان، کۆکاین، ئیفیدرین، بەنگ، فینسیکیدین، هایدرۆکلۆریک، داتورە، کوکا، خات یان فات، کراتم، ناس، متادون، ، پاپاورین، پتادین)[٣].

## ڕەوشی تەشەنەی ماددەی هۆشبەر لە جیهاندا

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ڕابردووی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ماددەی هۆشبەر (UNODC) لە ساڵی ٢٠٠٩دا، ٣٥ ملیۆن کەس لە جیهاندا وەک ئالوودەبووی ماددەی هۆشبەر تۆمار کراون[٤]. بەپێی هەمان سەرچاوە، ڕێژەکە لە ٢٠١٥دا بۆ (٢٥٠) ملیۆن بەرز بووەتەوە و لە ساڵی ٢٠١٨دا؛ ٢٦٩ ملیۆن کەس وەک ئاڵوودەبووی ماددەی هۆشبەر تۆمار کراون. هەر لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە مێرمنداڵان و گەنجان زۆرینەی بەکارهێنەران پێک دەهێنن. ئەو وڵاتانەش

کە ڕێژەی بێکاری و شەڕیان تێدایە، خێراتر ماددەی هۆشبەری تێدا بڵاو دەبێتەوە(٥).

لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/٢٤، نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماری نوێی بڵاو کردەوە کە تێیدا ئاماژەی بەوە داوە (٢٧٥) ملیۆن بەکارهێنەر لە جیهاندا بوونیان هەیە کە ئەمەش نزیکەی ٦٪ی ڕێژەی دانیشتووانی سەر گۆی زەوی پێک دەهێنێت. لەم ژمارەیە، ٣٦ ملیۆنیان بەدەست خراپیی بارودۆخی مێشکیانەوە دەناڵێنن. بەرهەمهێنانی کۆکاین و ئەفیون لە هەڵکشاندایە. مردنی ڕاستەوخۆ بە هۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە گەیشتووە بە ٦٠٪ . هەروەها بە ڕێژەی ٤٠٪ی بەکارهێنەرانی مێرمنداڵ بۆ لیستەکە زیاد بوو(٦). بازرگانیی ماددە هۆشبەرەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ بە (٣٦٠) ملیار دۆلار دەخەملێنێت و لە ساڵی ٢٠٢١ بازرگانیی ماددە هۆشبەرەکان بە نزیکەی (٣٢٥) ملیار دۆلار دەخەملێنێت(٧).

ناویان لێ نراوە مانگی ئاڵتوونی. لە پاکستان سێ ملیۆن کەس ئالوودەن، ساڵانە حەوت بۆ دە هەزار هێکتار زەوی بۆ چاندنی تریاک (خاشخاش) بەکار دێت. ئەفغانستانیش سێیەکی تلیاکی جیهان بە ڕێژەی (٨٠٪) و هیرۆیین بە ڕێژەی (٩٢٪) بەرهەم دەهێنێت. لە ئێرانیشدا نزیکەی چوار ملیۆن ئالوودەبوو هەن، ڕۆژانە دە کەس بە هۆی ماددەی هۆشبەرەوە گیان لەدەست دەدەن و ٧٠ کەسی دیکەش دەبنە بەکاربەر. ئێران ناوچەی ترانزێتی ماددەی هۆشبەرە، ڕۆژانە پێنج بۆ شەش تەن ماددەی هۆشبەر ساغ دەکاتەوە، هاوسنووریی لەگەڵ هەرێمی کوردستان؛ مەترسییەکی گەورەیە. دەوڵەتانی سێگۆشەی ئاڵتوونیش پێک دێن لە سێ دەوڵەتی دیکەی بەرهەمهێنی ماددەی هۆشبەر، ئەوانیش بریتین لە (بۆرما (میانمار)، تایلەند و لاوس) کە توانای کۆنترۆڵکردنی بازاڕی هێرۆیینی ئەورووپایان هەیە(٨).

| بازرگانیی ماددەی هۆشبەر لە ٢٠٢٠دا | هێرۆیین: ١١٠ ملیار | کۆکاین: ١٣٠ ملیار | ماریوانە: ٧٥ ملیۆن دۆلار | ماددەکانی دیکە: ٦٠ ملیار دۆلار |
|---|---|---|---|---|

Worldomete, (3/1/2021), https://bit.ly/3nDzI7N

### مەترسیی دەوڵەتانی مانگی ئاڵتوونی و سێگۆشەی ئاڵتوونی

دەوڵەتانی مانگی ئاڵتوونی کە مەبەست لێی سێ دەوڵەتی (ئەفغانستان، پاکستان و ئێرانە)، کە سێ گەورەترین دەوڵەتی بەرهەمهێن و بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرن، بەم شێوەیە

### جۆرەکانی ماددە هۆشبەرەکان

بەردەوام جۆرەکانی ماددە هۆشبەرەکان ڕوو لە زیادبوونن، بە دەیان شێوەی جیاواز، بە تێکەڵکردن و گۆڕانیان لە تاقیگەدا لە ڕووی چەندایەتییەوە لە زیادبووندان. لە ساڵی ٢٠١٢، (٢٦٠) جۆری ماددەی هۆشبەر هەبووە،

ئەم ڕێژەیە لە ٢٠١٨دا بۆ (٤٨٣) جۆر زیادی کردووە. ئەگەر زۆر بەوردی هەموو جۆرەکانی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان دیاری بکەین، ئەوا جۆرەکانی لە ئێستادا (١٠٠٠)یش تێپەڕ دەکەن[٩].

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ماددە هۆشبەرەکان بەم شێوەیە پۆلێن دەکات[١٠]:

١. ئەوانەی دەبنە هۆی خەیاڵاوییوون (وڕێنە)

٢. ماددە هۆشبەرە سروشتییەکان

٣. ماددە هۆشبەرە کیمیاییەکان

٤. ماددە هۆشبەرە لاوازکەرەکان (ئازارشکێن و خەوهێنەرەکان)

٥. ماددە هۆشبەرە ئارامبەخشەکان

٦. ماددە هەڵمژینەکان

٧. ماددە وروژێنەرەکان

٨. کحوول، توتن و قاوە

## جۆری ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان مەترسیدارترین جۆرەکانی ماددە هۆشبەرەکان بەربڵاون، لە باوترین و مەترسیدارترینیان ماددەی هۆشبەری "کریستاڵ"ە، بە زمانی بازاڕی "شیشە"ی پێ دەگوترێت، ئەم ماددەیە ڕاستەوخۆ لە ماوەی سێ خولەکدا کاریگەرییەکەی دەگات بە مێشک، بە میکرۆبی پووکانەوەی خانەکانی مێشک ناسراوە. ئەم جۆرە ماددانەش لە هەرێمی کوردستان هەن: تریاک، هێرۆیین، کریستاڵ، ماریگوانا، بەنگ، جامایکا، حەشیش. بە شێوەیەکی گشتی و بەربڵاو لە هەرێمی کوردستان ١٧ جۆری باوی ماددەی هۆشبەر هەیە[١١].

## هۆکارەکانی بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان:

• باوەڕبەخۆنەبوون و خۆبەکەمزانین.

• هاوڕێی خراپ و لادەر، باری ئابووریی خراپ و کەمدەرامەتی.

• خراپیی پەروەردەی خێزان و بەکارهێنانی توندوتیژی.

• کەمیی ئاستی زانیاری و هۆشیاری.

• بێکاری و بێپلانیی حکومەت بۆ گەنجان[١٢].

• لاوازیی پێگەیاندنی خێزانی و پێشتگوێخستنی پەروەردەی منداڵ.

• لێکترازانی شیرازەی خێزان و جیابوونەوەی ژن و مێرد لە یەکتری، یان فرەژنی.

• ڕۆڵی نەرێنیی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن (کلیپ، فیلم و درامای نەگونجاو).

• لاوازیی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش، نەمانی متمانە بە دەسەڵاتی دادوەری.

• خەمساردیی حکومەت لە بەرەنگاربوونەوەدا.

• ناسەقامگیریی سیاسی و بەردەوامی و قەیران.

• نەبوونی هەماهەنگیی هاوبەشی پارێزگاکان لە بەرەنگاربوونەوەدا.

• لاوازیی خاڵە گومرگی و بازگەکانی سەرسنوور.

• خراپیی دۆخی کافتریاکان و ئاساییبوونەوەی بەکارهێنانی نێرگەلە و خواردنەوەی کحوول[١٣].

دەشێت بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو جیهاندا ئەمانە هۆکارەکانی زیادبوونی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بن، لە هەرێمی کوردستانیش ئەمانە ڕۆڵی کارایان هەیە، بەتایبەتی قەیرانی دارایی و نەبوونی ئاستی هۆشیاری و بەربڵاویی بێکاری، بەڵام لەپاڵ ئەم هۆکارانەشدا دەشێت ئەم چەند خاڵەش ڕۆڵیان لە خراپبوونی دۆخەکەدا هەبێت:

*نەبوونی دیسپلین و بەرەنگاربوونەوەیەکی توند.

* خەمساردیی لایەنی پەیوەندیدار و لاوازیی ڕۆڵی دادوەری.

* هاوسنووریمان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و شلوشێواویی سنوورەکان.

* نەبوونی ناوەندی چارەسەریکردنی ئالوودەبووان.

* ڕۆڵی لاوازی حکومەت، پارێزگار و ڕێکخراوەکان.

* نەبوونی هۆشیاریی گشتی دەربارەی کاریگەریی خراپی مادده هۆشبەرەکان[١٤].

لە ساڵی ٢٠١٧-دا ڕێکخراوی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان باسی لەوە کرد کە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە دە هەزار هاونیشتمانی ئالوودەی ماددەی هۆشبەرن، لە ساڵی ٢٠٢١-دا لێدوانی نوێیان ئەوە بوو کە نزیکە لە ٥٠ هەزار. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم داتایە بە تێگەیشتی ئیمە یەکجار کەمە، هەر چەندە داتایەکی ورد بەردەست نییە و ئەوەی لە لایەنی پەیوەندیداریشەوە بڵاو دەکرێتەوە؛ کۆی داتاکان نییە. هەروەها هەتا ئێستا لە کوردستان داتایەکی ورد نییە بۆ دەرخستنی سەرجەم بەکارهێنەران، بەڵام بە هەوڵی دەستەی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/٢٧ هەتاوەکوو ئێستا، کە هەڵمەتی هۆشیاری گەیەنراوە بە نزیکەی ٦٠٠٠ هەزار کەس لە توێژە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان (لە مامۆستای ئایینی، مامۆستا، خوێندکار، توێژەر و دایک و باوکان) زانیارییان ڕاستەوخۆ پێ گەیشتووە، هەروەها یاسای ژمارە ٥٠-ی ساڵی ٢٠١٧ لە پەرلەمانی عێراق، بۆ هەرێمی کوردستان پێشنیار کراوە و لە پەرلەمانی کوردستانیش بە کەمێک دەستکارییەوە پەسەند کرا. بۆ نموونە: لەدوای بینینی زیاتر لە ٣٠ بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکانمان لە نزیکەوە، پرسیاری ئەوەیان لێ کراوە ئایا چەند کەسی دیکە دەناسن کە بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان بن، زۆربەیان دەڵێن ٣٠ بۆ ٤٠

هەتا ٥٠ کەسی تر. هەروەها دەپرسم دەتوانی بڕی چەند ماددەی هۆشبەر لە ئێستا پەیدا بکەیت، زۆربەیان دەڵێن لە یەک گرام هەتا دە کیلۆ. ئەم بەدواداچوونە مەیدانییە ئەوەمان پێ دەڵێت کە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ١٠٠ هەزار بەکارهێنەر هەیە(١٥).

**داتا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان**

داتاکانی ساڵانی (٢٠١٨، ٢٠١٩، ٢٠٢٠ و شەش مانگی سەرەتای ٢٠٢١)، لە سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکانی (هەولێر، دهۆک، سۆران و ئاکرێ)، واتە بەبێ سنووری پارێزگای سلێمانی:

پاشان تریاک بووە. ئەوەی جێگەی مەترسی و هەڵوەستەلەسەرکردنە، دۆخی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان و ئەو پارێزگا و قەزایانەن کە نزیکن لە ئێرانەوە، وەک ئیدارەی ڕاپەڕین، پارێزگای سلێمانی و قەزای سۆران. یاخود ئەو قەزا و ناوچانەی بێکاریی زۆری تێدایە، وەک شارەزوور و دەربەندیخان. لە نوێترین هەواڵی تایبەت بەم دۆخە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/١٢، لەلایەن ئەفسەر و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، لە دەڤەری سۆران توانرا دەست بگیرێت بەسەر بڕی دە کیلۆ ماددەی هۆشبەر لە جۆری هێرۆیین(١٦).

| ساڵ | تۆمەتباری دەستگیرکراو | سزادراو | بڕی ماددەی دەستبەسەرداگیراو |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٨ | ٩٤١ کەس | ٧٦ کەس | ٤١٥ کیلۆگرام |
| ٢٠١٩ | ٩١٦ کەس | نەزانراو | ١١٥ کیلۆگرام |
| ٢٠٢٠ | ١١١٣ کەس | ٩١٦ کەس | ٥٥٥ ,٧٤٠ کیلۆگرام |
| شەش مانگی ٢٠٢١ | ٨٨١ کەس | ٣١٥ کەس | ٣٩٣،٢١٤ کیلۆگرام |

ئاماری بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لەنێوان ساڵانی ٢٠١٨ هەتا شەش مانگی سەرەتای ٢٠٢١

هەروەها لە ماوەی ١١ مانگی ساڵی ٢٠١٩-دا، لە سنووری پارێزگای سلێمانی زیاتر لە ٢٨٤ کەس لە بازرگان و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر گیراون. ٣٢ ژن لەنێو گیراوەکاندان و زۆربەی ئەو مادده هۆشبەرانەی دەستیان بەسەردا گیراوە؛ هێرۆیین، کریستاڵ و

**دۆخی پارێزگای هەولێر و سلێمانی لە ڕابردوو و ئێستادا**

ئەگەر تەنیا داتای ژمارەی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی ٢٠٠٨ وەربگرین، ئەوانەی ڕەوانەی "یەکەی دەروونیی نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری"

کراوان، بە هۆی ئالوودەبوونی دەرمانەوە، ٦٤ کەس (٤٦ نێر و ١٨ مێ) بوون[١٧]. هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی گەورانی هەولێر (پیاوان)، هەتا ساڵی ٢٠٠٩، ٣٢ بۆ ٣٣ کەس بە هۆی بازرگانیی ماددەی هۆشبەرەوە دەستگیر کراون، هەروەها نزیکەی ١٢ بۆ ١٥ کەس بە تاوانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون[١٨].

لەگەڵ ئەمەشدا، لە ئێستادا لەناو زیندانی چاکسازیی گەورانی هەولێر زیاتر لە (١٠٠٠) کەس بە هۆکاری بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون. لە ساڵی ٢٠٠٩دا، ئەگەر تەنیا یەک کیلۆ ماددەی هۆشبەر لە هەولێردا نەبووبێت، ئەوا لە ئێستادا بە دەیان کیلۆ بە یەک جار دەستی بەسەردا دەگیردرێت، زۆر جار دەگاتە ٥٠ کیلۆگرام. بەپێی دوایین زانیارییەکان، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٢٣، لە شاری هەولێر لە چالاکییەکدا بازرگانێکی ماددە هۆشبەرەکان دەستگیر کراوە، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی بڕی ١٨٤ قاڵب ماددەی هۆشبەر لە جۆری هێرۆیین کە بڕەکەی (٩٢) کیلۆیە[١٩]. پرسیارەکە ئەمەیە، دەبێت چەند (٩٢) کیلۆیی قوتاری بێت و بڕوات؟ دەبێت ساڵانە چەند تەن ماددەی هۆشبەر بەهێمنی بە کوردستاندا تێپەڕ بێت یان ساغ بکرێتەوە؟ لە پارێزگای سلێمانییش دۆخی ماددەی هۆشبەر لە ئاستێکی مەترسیدارادایە، ئەگەر ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ دەستبەسەرداگرتنی ماددەی هۆشبەر بە کیلۆگرام نامۆ بووایە، ئەوا لە ئێستادا لە یەک چالاکیدا ١٠ کیلۆگرام و ٢٠ کیلۆگرام دەستی بەسەردا دەگیردرێت. لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٢١، باندێکی ماددەی هۆشبەر و بڕی ١٣ کیلۆ ماددەی هۆشبەر دەستی بەسەردا گیراوە[٢٠].

هەروەها لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١ تاوەکوو ٢٠٢٠/١٢/١، ئاسایشی سلێمانی ٢٥٧ پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ئەو کەسانە کردووەتەوە کە بەکارهێنەرن و بازرگانییان بە ماددە هۆشبەرەکانەوە کردووە، ٢٦٢ کەس زیندانی کراون، بەشێک لەوانە ڕەوانەی دادگا کراون. لەو ڕێژەیەش، ١٦ کەسیان لە ڕەگەزی مێ بوون. هەر ١٠ ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم داتا فەرمییانە و لە ٢٠٢١/١/٢١، ئاسایشی سلێمانی باندێکی مەترسیدار دەستگیر دەکات. بەڕێوەبەری نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی ڕایگەیاند کە ڕێژەکە زۆرە و ناتوانن لە ئێستادا ئاشکرایان بکەن، هەر لەم ئۆپەراسیۆنەدا بڕی ١٣ کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر دەستی بەسەردا گیراوە[٢١].

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە پێش پرۆسەی ئازادیی عێراق، دۆخی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ماددەی هۆشبەرەوە زۆر پاك بووە، بە جۆرێک لە ساڵی ٢٠٠٣ کەمتر لە دە کەس بەم هۆکارە زیندانی کرابوون و تەنیا حەوت کەس بە تاوانی ماددەی هۆشبەر لە پارێزگای سلێمانی زیندانی کرابوون. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥دا ئەم ڕێژەیە دەبێتە ٨٠ کەس،

کە ٥٩ کەسیان بەکارهێنەر و ٢١ی دیکەیان بازرگانن. لەدوای کرانەوەی سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران، ئەمە بووە گەورەترین هۆکار بۆ تەشەنەسەندنی ماددەی هۆشبەر. لە ساڵی ٢٠٠٨دا، ڕێژەی دەستگیرکراوان دەگاتە ٨١ کەس (٢٧ بازرگان و ٥٤ بەکارهێنەر)[٢٢]. واتە لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٨، لە سنووری پارێزگای سلێمانی ٣٢٦ کەس بە تۆمەتی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کروان، بەڵام ئێستا لە سێ مانگدا ئەو ڕێژەیە لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەستگیر دەکرێت، کە ئەم هەڵکشانەش هیچ ئاسایی نییە.

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هارتلاند ئەلاینسی نێودەوڵەتی لە عێراق کە لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا لە ساڵی ٢٠٢٠دا دەڵێت: "لە سێ هەزار و ١٥٢ سزادراوی هەرێمی کوردستان، ٤٢٨ کەسیان لەسەر مادده هۆشبەرەکان سزا دراون و ١٠٪ی تووشبووان لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵن[٢٣]". عەمید جەلال بەگ؛ بەڕێوەبەری پێشووی بەڕێوبەرایەتیی نەهێشتی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی، لە بەرنامەیەکدا دەڵێت کە ٨٠٪ی بەندکراوانی کوردستان لەسەر ماددەی هۆشبەر گیراون و لە نێویاندا سزادراو هەیە کە پێنج بۆ شەش جار دەستگیر کراوەتەوە. هەروەها نموونەی کەسانێك هەبووە لەسەر سەرپێچیی هاتوچۆ گیراون، بەڵام دواتر بوونەتە بەکارهێنەر. بەپێی قسەی ئەو بەرپرسەی پێشووی ئاسایشی سلێمانی، بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان بەردەوام لە زیادبووندایە، بۆ بەڵگەی قسەکەشی وتی: ٥٢ ملیۆن حەپی ترامادۆڵمان بە جارێك گرتووە، هەروەها دەڵێت تەنیا لە یەک ساڵدا یەک تەن ماددەی هۆشبەر (کریستاڵ) دەستی بەسەردا گیراوە. هەروەها لە قوتابخانەکانیشدا ماددەی هۆشبەر گیراوە، هەوڵ دراوە ئەم ماددانە ببرێتە ناو زانکۆ و پەیمانگاکانیش. تەنیا لە ماوەی دوو ساڵدا، زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار کەس گیراوە[٢٤].

## قەبارەیەکی فراوان لە بازرگانیی حەپ لە هەرێمی کوردستان

بەپێی ئەو دەرئەنجامە مەیدانییانەی پێی گەیشتووین، ناوچە سنوورییەکانی شارباژێڕ حەپی هۆشبەری لێ هەناردە دەکرێت بۆ ئێران، هاوکات لە ناوچەکانی دیکەی ئیدارەی ڕاپەڕینیش بە هەمان شێوە. دۆخی شاری کەرکووکیش کە لەدوای ڕووداوەکانی ٢٠٢١/١٠/١٦ ناسەقامگیر بووە، بازرگانیی حەپ و ماددەی هۆشبەر بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بەپێی لێدوانەکانی بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی، لە ساڵی ٢٠١٧دا ٥٢ ملیۆن حەپی ترامادۆڵی ٢٠٠ میلیگرامی لە یەک چالاکیدا دەستی بەسەردا گیراوە[٢٥].

هەروەها حەپەکانی تر وەك (ئەکتیفیت، یونایتد، ئیفدرین، یونۆکلۆید، مۆرفین)، لە

کوردستانەوە بازرگانییان پێوە دەکرێت و دەنێردرێنە سنووری ئێران و لەوێشەوە لەگەڵ ئەسید (تێزاب) و چەندین ماددەی دیکەی کیمیایی تێکەڵ دەکرێن و ماددەی دیکەی هۆشبەریان لێ دروست دەکرێت و دیسانەوە بۆ کوردستان دەگەڕێنەوە، یەکێک لە ماددەکان کریستاڵە. قەبارەی بازرگانییەکە فراوانە، تەنیا لە ساڵی ٢٠١٧دا لە یەک ئۆپەراسیۆندا ٨٩٠ کارتۆن کە دەکاتە ٢٠ ملیۆن دەنك لە جۆری (ترامادۆڵ ٢٠٠ میلیگرام و ئیفدرین و مۆڵفین) کە بەهاکەی نزیکەی ١٠ ملیۆن دۆلار دەبێت، لە سنووری پێنجوێن و شارباژێڕ دەستی بەسەردا گیراوە[٢٦].

بەپێی ئەو ئامارانەی ساڵانە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان بڵاوی دەکاتەوە، باوترین جۆری حەپە هۆشبەرەکان ئەمانەن: (ترامادۆڵ، سۆمادریل، پرازولام، میتادۆن، ئەکتیفیت، یونایتد، کلۆنازپام، ئیفدرین، یونۆکلۆید، مۆرفین، سۆمادرین، دیزاپام، ئارتین، ئیفدرین). لێرەدا بڕی ئەو حەپانە دەخەینە ڕوو کە لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا دەستی بەسەردا گیراوە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەولێر، دهۆک، سۆران و ئاکرێ، واتە بەبێ سنووری پارێزگای سلێمانی:

| ساڵ | بڕی حەپی هۆشبەر |
|---|---|
| ٢٠١٨ | ١٧ هەزار و ٢٨١ شیت |
| ٢٠١٩ | نۆ هەزار و ٢١٥ شیت |
| ٢٠٢٠ | ٦ هەزار شیت |
| ٦ مانگی سەرەتای ٢٠٢١ | ٤٠ هەزار و ٩٣٧ شیت |

سەرچاوە: ڕاگەیەنراوی فەرمیی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە ساڵەکانی ٢٠١٨، ٢٠١٩، ٢٠٢٠ و ڕاگەیەنراوی شەش مانگی سەرەتای ٢٠٢١.

ڕێژەی حەپی هۆشبەر لە ساڵی ٢٠٢١ زیاترە لە سێ ساڵی ڕابردوو. لە شاری هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٣، دەستیان گرتووە بەسەر ٢٣ هەزار و ٣٢ شیت حەپی جۆراوجۆر لەگەڵ ٧ هەزار و ١٩٠ دەرزیی جۆراوجۆر کە زۆرینەیان هۆشبەر بوون[٢٧]. بەپێی بڵاوکراوەیەکی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی مادده هۆشبەرەکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٥، بازرگانێکی ماددەی هۆشبەر دەستبەسەر کراوە کە ٢٦٥ گرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری (تلیاك، هێرۆیین و شیشە) و بڕی ٤٩٠ شیت حەپی هۆشبەری جۆری ترامادۆڵ و چوار دەمانچە و یەك كلاشینكۆف، تەرازوویەكی دیجیتاڵ و چەند کەلوپەلێکی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەری پێ بووە. لە ڕاستیدا ئەو زانیارییانەی دەربارەی حەپە هۆشبەرەکان هەن؛ پێناچێت ورد بن، بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی کە نووسەری ئەم بابەتە لە ناوچە سنوورییەکان لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو ئەنجامی داوە، ڕێژەی حەپەی هۆشبەر زۆر زیاترە

لەو ئامار و داتایانەی کە لایەنە فەرمییەکان بڵاویان کردووەتەوە.

### هەرێمی کوردستان و عێراق وەک ناوچەی ترانزێتی مادده هۆشبەرەکان

لایەنی پەیوەندیدار چەندین جار ئەوەی ڕاگەیاندووە کە بە چەندین شێوازی جیاواز بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان هەوڵیان داوە کە لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانی و هەولێر بە پۆستە ماددەی هۆشبەر بۆ ئەورووپا بنێرن، هەروەها چەندین جار باس لەوە کراوە کە لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە ماددەی هۆشبەر دەنێردرێت بۆ شارەکانی خوارووی عێراق و دەوڵەتە عەرەبییەکان. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ماددەی هۆشبەر (UNODC) لە ساڵانی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠٢٠ بڵاوی کردووەتەوە، ئەفغانستان وەک وڵاتی سەرەکیی چاندنی مادده هۆشبەرەکان و هەناردەکردنی؛ ناو هێنراوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بارەی گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، مادده هۆشبەرەکان لە ئەفغانستانەوە بەرەو ئێران ڕەوانە دەکرێن، لە ئێرانەوە بەرەو تورکیا و عێراق دەنێردرێن، عێراق دەبێتە ڕێڕەوی گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکان بۆ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، تورکیاش دەبێتە ڕێڕەوی گواستنەوە بۆ ئەورووپا[٢٨].

تەنانەت لایەنی پەیوەندداری عێراقی و کوردستانیش ئەمەی پشتڕاست کردووەتەوە، مادده هۆشبەرەکان لە ئێرانەوە لە ڕێگەی شارەکانی بەسرە و میسان و سنوورەکانی هەرێمی کوردستان داخڵی عێراق دەکرێن، لە عێراقیشەوە بۆ وڵاتانی کوێت و سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداوی عەرەبی دەنێردرێن، کارلێکەرە عەقڵییەکانیش لە سنووری سووریاوە هاوردەی عێراق دەکرێن. عێراق پێشتر تەنها ڕێڕەوی گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر بوو، بەڵام ئێستا بازاڕە بۆ ساغکردنەوەی ماددەی هۆشبەر و توێژی گەنجان و مێرمنداڵان لە عێراق بوونەتە قوربانیی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر[٢٩].

### مەترسیی بەدەرکەوتنی مافیای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی مافیای مادده هۆشبەرەکان؛ کۆنترۆڵکردنی حکومەت و سیاسەتی وڵاتە، ئەمەش دەبێتە قۆناغی مەترسیدار و بەرپاکردنی جەنگ لەنێوان حکومەت و مافیاکان. ئامانجی مافیاکان ئەوەیە وڵات لە بەکارهێنەرەوە بگۆڕن بۆ بەرهەمهێن[٣٠]. دۆخی ئێستای ئەفغانستان باشترین نموونەیە کە لە دەست دەرچووە، هەر چەندە تاڵیبان لە ئێستادا بە شێوەی زۆرەملێ دەیەوێ سنوورێک بۆ بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دابنێت، بەڵام هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەمە هەوڵێکی بێئەنجامە. هاوکات ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە پێناو سنورودانان بۆ بەرهەمهێنانی تریاک، لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠١٧، زیاتر لە ٨ ملیارد و ٦٠٠

ملیۆن دۆلاری لە ئەفغانستاندا بۆ کۆتاییهێنان بە کێڵگەکانی گوڵی خەشخاش و وشککردنیان و پێدانی پارە وەك قەرەبوو بە گوندنشینان خەرج کردووە، بەڵام لەدوای ساڵی (٢٠١٧)ەوە ئەمەریکا ئەو هاوکارییەی وەستاندووە، چونکە دڵنیا بووە کە بەرهەمهێنانی گوڵی خەشخاش بەو کۆنترۆڵ ناکرێت[٣١].

مافیاکانی ماددەی هۆشبەر لە مەکسیک جەنگ بەرپا دەکەن، تەنیا ساڵی ٢٠٠٨ هەتا مانگی ٤ی ٢٠٠٩، زیاتر لە ٧ هەزار کەس بە هۆی جەنگی مافیاکانەوە کوژراون، لە میانماریشدا بەئاشکرا خەڵکی لەلایەن مافیاکانەوە دەکوژرێن و ساڵانە پێکدادانی نێوان حکومەت و مافیاکان ژیانی ئەو وڵاتەی تاڵ کردووە، میانمار دووەم گەورەترین بەرهەمێنی تریاکی جیهانە، کۆنترۆڵکردنی ئەم بابەتە لەوێش بووە بە خەون، لە میانمار، لاوس و تایلەند، تەنیا لە ٢٠٠٣دا؛ ٢٠٠٠ کەس بەدەست مافیاکان کوژراون. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش هیچ لە هاوسێیەتیی مەکسیک دڵخۆش نییە و بە سەرچاوەی نەگبەتیی دادەنێت، چونکە لە ئێستادا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێرۆیین بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە زیادبووندایە و دەیان تاقمی مافیاش دروست بوون. کۆلۆمبیاش کە گەورەترین بەرهەمهێنی کۆکاینە لە جیهاندا، مافیاکان لە شانۆی سیاسیی ئەو وڵاتەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە[٣٢].



سەرچاوە: لێدوانی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی ماددە هۆشبەرەکانی سلێمانی لە ٢٠٢١/٦/٢٠ و بڵاوبوونەوەی وێنەکان لە پەیجی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سلێمانی. هەروەها لێدوانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی

بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان سەبارەی بە کێڵگەی دووەم لەنزیك پارێزگای دهۆك.

وێنەی لای ڕاست، کێڵگەی چاندنی ماددەی هۆشبەرە لەنزیک سلێمانی، کەڵەوانان، وێنەی لای چەپ چاندنی ماددەی هۆشبەرە لەناو خانووی پلاستیکیدا لە پارێزگای هەولێر لە گوندی تیسانی سەر بە ناوچەی باجد کەندال.

### مەترسییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان

بەپێی جۆری مادده هۆشبەرەکان، کاریگەرییەکانیش لەسەر دەروون و جەستە و عەقڵی بەکارهێنەر جیاوازن، ئەوانەی سروشتی نین و تەواو کیمیایین یان نیمچەکیمیایین، کاریگەرییان زۆر زیاترە لەو ماددانەی سروشتین، ئەو ماددانەی بە دەرزی بەکار دەهێنرێن، کاریگەرییان زیاترە لە جۆرەکانی دیکە، لێرەدا باوترین جۆرەکان دەخەینە ڕوو کە لە هەرێمی کوردستان باون و لەگەڵ کاریگەرییەکانیان:

**کاریگەریی بەکارهێنانی هێرۆیین[٣٣]:**

• نەمانی خەوی شەو، زیاد لێدانی دڵ و دوودڵیی زۆر.
• بێمەیلی بۆ خۆراک و دابەزینی کێش.
• پووکانەوەی گورچیلە و کێشە لە میزکردن.
• خوران و گۆڕانی ڕەنگی پێست.
• داڕووخانی کەسایەتیی مرۆڤ .
• زامدارکردنی جەستە و بیرکردنەوە لە خۆکوژی.
• قەبزی بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ و تەنگەنەفەسی.
• قەپاتبوونی بۆرییەکانی دڵ و هەوکردنی جگەر.

**کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی حەشیش[٣٤]:**

• دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە دەنگ، ڕەنگ و تێگەیشتندا.
• تووشبوونی حەساسیەت و هەڵامەتی بەردەوام.
• بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی جەستە.
• لەرزینی دەست، ئارەقەکردنەوەی زۆر.
• ئارەزووی زۆر خەوتن، لەدەستدانی کێشی جەستە.
• سوورهەڵگەڕانی چاو و کردەی توندوتیژی.
• حەزکردن بە گۆشەگیری و تەنیایی.
• لەدەستدانی کوالێتیی مێشک و توانای پەیبردن.
• هاوسەنگیی لەش تێک دەدات و زاکیرە دەشێوێنێت.
• قسەی هەڵیتوپەڵیت و بەرزبوونەوەی دەنگ.
• نەخۆشیی تەنگەنەفەسی و شێرپەنجەی ڕیخۆڵە.
• لەناوبردنی خانەکانی مێشک، هەوکردنی ناو سییەکان.
• خەمۆکی، بێتاقەتی و نائارامی.
• هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی.
• ڕەفتاری شێتانە، خەوزڕان.

**کاریگەریی بەکارهێنانی کریستاڵ[٣٥]:**

• کەس ناناسێتەوە، بەرپرسیارێتیی خێزانی لاواز دەکات.

• بە ئاستێکی بەرز کەسەکە قەلەق دەکات و تووشی وەهم دەبێت.

• خەوی دەزڕێت و بە چەند شەوێک ناخەوێت.

• ترسی دروستکراو دەکەوێتە دڵیەوە و بە هەڵە لە مەبەستی بەرانبەر تێدەگات.

• ئەو کاتەی لەژێر کاریگەریی ئەم ماددەیەدایە، بە ڕێژەیەکی زۆر قسە دەکات.

• یادەوەری لەدەست دەدات و خانەی مێشک وێران دەبێت.

• هاندانی کوشتن و ئەنجامدانی کردەی توندوتیژی.

دەتوانین ئەم کۆمەڵە نیشانەیەش بخەینەڕوو بۆ بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان:

• وابەستەبوونی دەروونی و جەستەیی و هزری. پشتکردنە خێزان و خانەوادە.

• بە شەو ناخەوێت و لە ناوەڕاستی ڕۆژدا ئالوودەی خەو دەبێت.

• وشکبوونەوەی خانەکانی مێشک. خەوزڕان، لەرزین.

• حەزنەکردن بە خواردن و سکچوون، ڕشانەوە.

• تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی.

• درزکەوتنە لێوەکانەوە و گۆڕانی ڕەنگی پێستیان.

• گۆڕانی ژێر چاویان بۆ ڕەنگی ڕەشی کاڵ یان مەیلەوقاوەیی.

• لەدەستدانی توانای کارکردن.

• قسەپێبڕین و قسەزۆرکردن لە هەندێک کاتدا.

• جووڵەی بێ ئاگایانە و زۆر بە چاوەکان و سەرسوڕاندنی زۆر بەملا و ئەولادا.

• بێهێزی و تەمبەڵی، کۆکەی زۆر[٣٦].

• گرنگینەدان بە جلوبەرگ و جگەرەکێشانی زۆر.

• بێجگە لە لێکەوتە جەستەییە و دەروونییەکانی تر.

• زیادبوونی دزیکردن، ڕووداوی هاتوچۆ.

• زۆربوونی تاوانی سێکسی و پەککخستنی هاوسەرگیری.

• لە دوورمەودادا پەککەوتنی توانای سێکسی و لاوازیی جەستەیی.

• هەڵچوون و هەوڵدانی خۆکوشتن[٣٧].

نووسەری ئەم بابەتە لەگەڵ زیاتر لە ٣٠ کەس لە بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان بە شێوەی ڕووبەڕوو و تەلەفۆن قسەی کردووە و بەوردی ئەم نیشانانەیان تیایاندا بینیوە:

• نەبوونی متمانە و بڕوابەخۆبوون و زاڵبوونی هەستی خۆبەکەمزانین بە ئاستێکی زۆر بەرز.

• ڕوانگەیەکی خراپ بۆ کەسە نزیکەکانیان، وەک خێزان، خزم و هاوڕێ.

• دوودڵیی زۆر و وەهمی دروستکراو لە ناخیاندا.

• ڕاڕایی و ناڕوونی لە بڕیاردان و قسەکردندا.
• جووڵە و هەڵسوکەوتی نامۆ بە شێوەی خێرا و دووبارەبووەوە.
• هەموو کات کەسێک دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی هەڵەی خۆیانی بخەنە سەرشان.
• جگەرەکێشان و چای خواردنەوەی زۆر.
• خۆخوراندنی زۆر و زۆر دەستهێنان بە ڕوخساردا.
• هەتا دڵنیا نەبێتەوە دەنگی تۆمار ناکەیت؛ قسەت بۆ ناکات.
• کەسیان نەدیوە کە کێشەی ڕزین، یان کەوتن و پووکانەوەی ددانەکانی نەبێت.
• بەڕوونی لە هەموویاندا کێشەی دەروونیی قووڵ هەیە.
• شوێنەواری بریندارکردن و خۆسووتاندن بە جەستەیانەوە دیارە.
• زۆر بەباشی هان دەدرێن بۆ کردەی هەڵە و توندوتیژی.

**ڕاسپاردە و پێشنیار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان[٣٨]**

**١. ڕاسپاردەی تایبەت بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت)**

• فشاری جددی دروست بکرێت و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی ئەم بابەتە بکات.
• داوای هاوکاری نێودەوڵەتی و ڕاوێژ بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی خێرا و جددی.
• هەڵمەتی ساڵانەی سەرتاسەری بە ناوی حکومەتەوە ئەنجام بدرێت.
• ساڵانە بڕە پارەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوە بە پلان خەرج بکرێت.
• ناوەندێکی بەدواداچوونی سەر بە حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوە دابمەزرێت.
• کەسی تایبەت لەم بوارەدا پێبگەیەنرێت و پشتگیری بکرێن لە ناوخۆ یان دەرەوە.
• ئەگەر لادانێک هەبوو لە سزادانی بازرگانەکان، ڕاستەوخۆ سەرۆکی حکومەت بێتە سەر خەت و چاوپۆشی لە کەس نەکات.
• هانی ئەوە بدات کە پەیوەندیی نێوان پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوە زیاتر بکرێت.

**٢. ڕاسپاردەی تایبەت بۆ دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)**

• پەرلەمان ساڵانە چاودێریی جێبەجێکردنی یاسا نوێکە بکات.
• پەرلەمان واتە چاودێر بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری، دەبێت لەم کەیسەدا چالاکانەتر بە ڕۆڵی لێپرسینەوە و چاودێریکردن هەڵبستێت.
• ئەندامپەرلەمانەکان بە ڕۆڵی خۆیان هەڵبستن و هەست بە ئەم مەترسییە بکەن و زیاتر کار لەسەر بابەتە جەوهەرییەکان بکرێت.

**٣. ڕاسپاردەی تایبەت بۆ دەسەڵاتی دادوەری (دادگاکان)**

• لە هەرێمی کوردستان دادگاکان نیشانەی پرسیاریان لەسەرە، پێوستە زۆر بەخێرایی متمانە بۆ دەسەڵاتی دادوەری بگەڕێتەوە و یاساکانی تایبەت بە ماددە هۆشبەرەکان وەک خۆیان جێبەجێ بکرێن. بابەتی بەرتیل، مەحسوبیەت، خزمخمێنە و دەستوەردانی حیزب لەم بابەتە بچێتە دەرەوە.

• بەئاشکرا سزادانی بازرگانەکان و جێبەجێکردنی سزاکانیان بەبێ دواخستن و بەلاڕێدابردن و بڵاوکردنەوەی وێنە و ناوەکانیان.

• دەسەڵاتی دادوەری و سەرجەم دادگاکان و داواکاری گشتی پێداگر بێت لەسەر جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٥٠-ی ساڵی ٢٠١٧-ی پەرلەمانی عێراق، بە ناوی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق پەسەند کرد، ماوەتەوە ئەوەی بەوردی کاری پێ بکرێت[٣٩].

• ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە ئەم یاسایە دروستکردنی ناوەندی چارەسەر بۆ بەکارهێنەر و ئالوودەبووان لە خۆی دەگرێت، هەروەها زیاتر ڕێکاری چارەسەرکردن پێشنیار دەکات تا زیندان و سزادان، بەڵام لەگەڵ بازرگانەکان توندە و بڕی غەرامەیەکی زۆر و سزای توند تا ئاستی لەسێدارەدان پێشنیار دەکات[٤٠-٤١].

**٤. ڕاسپاردە خێزانییەکان**

• گرنگیدان بە پڕۆسەی پەروەردەی خێزانی و هۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکان لەم بابەتە.

• دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و بەکارهێنانی نادروست لە پەروەردەکردندا.

• پشتگیریکردنی خێزان لە کەسی تووشبوو لە ماڵدا، پشتێنەکردن و بیرندارنەکردنی کەسایەتییەکەی.

• هەتا دەتوانن ڕێگە بگرن لە چوونی منداڵەکانیان بۆ کافتریان، بەتایبەت شەوان.

**٥. ڕاسپاردەی تایبەت بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی**

• هەلی کاری زیاتر دەستەبەر بکرێت، کەرتی تایبەت ناچار بکرێت بە وەرگرتنی دەستی کاری ناوخۆ.

• هاوکات ناوەندەکانی دۆزینەوەی کار زیاتر بکرێت و هانی ئەو کەسانە بدرێت کە پڕۆژەی بچووکیان هەیە.

• بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەیانە، چاودێریی دۆخی زیندانیان بکەن.

**٦. ڕاسپاردە بۆ وەزارەتی تەندروستی**

• چاودێریی ورد بخانە سەر دەرمانە کارتێکەرە عەقڵییەکان، بەتایبەت لە قەزا و ناحیەکاندا.

• سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بەوردی چاودێریی ڕەچەتەی دەرمانخانەکان بکەن.

• سەنتەری تایبەت بە ئالوودەبووان بکاتەوە، بە مەبەستی چارەسەری بەکارهێنەر و ئالوودەبووان ئەگەر بە شێوەی سنووردراریش بێت.

• وەزارەتی تەندروستی بەرپرسیارێتیی زۆری دەکەوێتە سەرشان، بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١)ی (٢٠٢٠)ی پەرلەمانی کوردستان.

• ئاگاداری ئەو پزیشکانە بێت کە پسپۆڕییان دووره لە چارەسەرکردنی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر و چارەسەر دەنووسن.

• پزیشک و ستافی تایبەت بنێرێتە دەرەوە، بۆ وەرگرتنی ئەزموونی چارەسەری بەکارهێنەران و ئالوودەبووان.

**٧. ڕاسپاردە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەکانی پارێزگاکانی کوردستان**

• لەم بوارەدا خولی تایبەت و پێشکەوتوو بۆ کارمەندەکانیان بکەنەوە.

• تەکنەلۆژیای نوێ بەردەست بخەن.

• سوود لەو بەکارهێنەرانە وەربگرن کە وازیان هێناوە.

• ئەو کەسانەی زانیاری دەدەن، خەڵاتی تایبەت بکرێن.

• هۆشیاریی گشتی بڵاو بکەنەوە و هانی خەڵک بدەن هاوکاریان بن.

• لەناو دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کاری جددی لە ڕێگەی میکانزمی بەدەستهێنانی زانیاری و هەواڵگری بکرێت.

**٨. ڕاسپاردە بۆ وەزارەتی ناوخۆ**

• جددی و کارا بێت لە جێبەجێکردنی یاسای ژمارەی (١)ی ساڵی (٢٠٢٠).

• چاودێریکردنی یانە شەوانەکان.

• چاودێریکردنی ئەو کەسانەی لە ئێرانەوە دێنە هەرێمی کوردستان.

• چاودێریکردنی وردی کافتریاکان و ڕێگەنەدان بە کەسی خوار (١٨)ساڵ بۆ چوون ئەم شوێنانە. چاودێریکردنی کەلوپەل و تووتنی بەکارهاتوو لە کافتریاکان.

• ئاگاداربوونی ئەو بینا و خانووە بەتاڵ و تەواونەکراوانەی لە پارێزگا، قەزا و ناحیەکاندا هەن.

• توندکردنی زیاتری خاڵە سنوورییەکان و دانانی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ.

• ڕێگریکردن لە هاتنی بەلێشاوی پەنابەر و کۆمپانیای وەهمی و کرێکار، لەبەر ئەوەی زۆر جار ئەوانە دەکرێن بە ئامرازێك بۆ گواستنەوەی ماددە هۆشبەرەکان.

• بەهێزکردنی خاڵەکانی پشکنین و یەکەکانی گومرگ و بازگەکانی سەرسنوور.

**٩. ڕاسپاردەی تایبەت بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

• مامۆستایانی ئایینی لە ڕەوشی ماددە هۆشبەرەکان ئاگادار بکرێنەوە و ئەم بابەتانە لە مینبەرەکانەوە باس بکرێن.

• داتا و زانیارییان پێ بدرێت و ساڵانە هەڵمەتی سەرتاسەری لە مینبەرەکانەوە بەجێ بگەیەنرێت.

**١٠. ڕاسپاردە بۆ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا**

• ساڵانە لەلایەن ستافی تایبەتەوە لە سەرجەم خوێندنگاکان سیمنار، سیمپیۆزیم، پانێل یان هەر کۆڕێکی تر ساز بکرێت.

• هەروەها توێژەر و مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان لەم بابەتە ئاگادار بکرێنەوە.

• ئەم پرسە بکرێتە بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن و ساڵانە پێشکەش بکرێت.

• ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی بۆ زانینی هۆکارەکانی زیادبوون و لێکەوتەکانی.

• زۆربەی ئەو بەکارهێنەرانەی بەرچاوم کەوتوون لە قوتابخانە، پەیمانگە و زانکۆ خوێندکار بوون و گرووپەکەشیان بەردەوام لە فراوانبووندابووە.

**١١. ڕاسپاردە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**

• هاندانی چالاکوانانی ئەم بوارە و ناچارکردنیان بە ئەنجامدانی چالاکیی هۆشیاری.

• گرنگیدان بە هۆشیارکردنەوەی قەزا و ناحیەکان.

• فشارکردن لە میدیاکان بۆ ئەنجامدانی بەرنامە و ڕاپۆرتی هۆشیاری.

• قەدەغەکردنی ئەو فیلم و کلیپانەی کە باس لە ماددەی هۆشبەر یان ئەلکحوول دەکەن، نموونەی بەکارهێنەر هەیە کە لەژێر کاریگەریی ئەو فیلمانەدا ماددەی هۆشبەری لا شیرین بووە.

**١٢. ڕاسپاردەی تایبەت بۆ بەڕێوەبەراییەتییەکانی چاکسازیی گەورانی پارێزگاکان**

• لە زیندانەکاندا خول و چالاکیی تایبەت بەم بابەتە بۆ ئەو کەسانە بکرێتەوە کە لەسەر ماددەی هۆشبەر سزا دراون.

• سزای ئەو کەسانە کەم بکرێتەوە کە ئاماژەی ئەوەیان تێدایە جارێکی دیکە بۆ ئەم بابەت ناگەڕێنەوە و بڕوای ئەوەیان لا دروست بووە کە بەتەواوی لەم بابەتە دوور بکەونەوە.

• لەناو گرتووخانەکاندا زۆر بەوردی چارەسەری دەروونی و تەندروستیی بەکارهێنەران بکرێت و ئازاری دەروونییان نەدرێت.

• وردتر بن لە جیاکردنەوەی کەیسەکان لە یەکتری، تووشبوونی کەسێک بە ماددەی هۆشبەر لە زینداندا کە لەسەر پێشێلکردنی یاساکانی هاتوچۆ گیرابێت، ئەمە کارەساتە (ئەمە لە کوردستان ڕووی داوە).

• دزەپێکردن و بازرگانیپێکردنی ماددەی هۆشبەر لە زیندانەکاندا بنەبڕ بکرێت و کاری جددیتری بۆ بکرێت.

• توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بکرێت لەسەر ڕۆڵی زیندان لە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.

• فێڵەکانی دزەکردن و هێنانی ماددەی هۆشبەر بۆ زیندانەکان ئاشکرا بکرێت، بۆ ئەوەی ئەوانەی نیەتی ئەم کارەیان هەیە؛ ترس بیانگرێت.

**کۆمەڵێک ڕاسپاردەی دیکەی گشتی**

• بەدڵنیاییەوە بەکارهێنەران تاوانبارن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆشن، پێوستە وەک نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

• لەبریی ئەو بڕە پارەیەی کە ڕۆژانە بۆ زیندانییان خەرج دەکرێت، کە بڕەکەی (١٠ بۆ ١٢) دۆلارە بۆ هەر زیندانییەک، ئەوا پێوستە بەکار بهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی لە دەرەوەی زیندان. هەروەها ئەو سندووقەی پارەی پێبژاردنی تێدا کۆ دەکرێتەوە، کە لە بەکارهێنەر و بازرگانەکان وەردەگیرێت، بخرێتەوە خزمەتی چارەسەری بەکارهێنەران.

• ئازایانە دەست بگیردرێت بەسەر موڵک وماڵی بازرگانەکان و ئەو بڕە پێبژاردنەی لە یاسا نوێکەدا هەیە؛ وەک خۆی جێبەجێ بکرێت.

• خستنەڕووی مەترسیی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان بە زمانێکی ڕوون و سەلمێنراو، لە ڕووی دەروونی، تەندرووستی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، دارایی، جەستەیی.

• ئەو کەسانەی وازیان لە ماددەی هۆشبەر هێناوە، وەک پاڵەوان بناسرێن و لە میدیاوە هانی گەنجان بدەن بۆ وازهێنان.

**ئەنجام**

بەپێی ئەو ئامارە فەرمی و نافەرمییانەی کە لەبەردەستن و هەروەها بە بەراوردی داتاکانی چەند ساڵی کۆتایی، ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی مەترسیداردایە و پێوستە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار زۆر بەوردی کار لەسەر بەرەنگاربوونەوەی جددی و سنووردارکردنی ئەم بابەتە بکات، چونکە بەردەوام هەڵکشانی داتاکان ئاماژەیەکی مەترسیدارە. هەروەها هەوڵێکی جددی بۆ کارکردن بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بکرێت و ناوەندی چارەسەری ئالوودەبووان لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە. بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان تەنیا ئەرکی لایەنێکی دیاریکراو وەك ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تایبەت بە ئاسایش نییە، بەڵکوو بەشێکی زۆر لە وەزارەتەکانی حکومی و هەروەها دامەزراوە ئەهلییەکان پێویست دەکات کە بەرنامەیەکی تایبەت بە هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی خەڵك دابڕێژن، ئەمە جیا لەوەی کە لە کۆمەڵگە و بەتایبەتی خێزان هۆشیاریی پێوست بگەیەنرێت و هاوکات دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیا بە ئەرکی سەرشانی خۆیان سەبارەت بەم بابەتە هەڵسن، کۆی ئەم هەنگاوانە و لەگەڵیدا باشکردنی دۆخی گشتیی ئابووری وڵات و دابینکردنی هەلی کار و کەمکردنی جیاوازیی چینایەتی و گەڕانەوەی هیوا بۆ کۆمەڵگە، دەشێت مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکان کەمتر بکات، هەڵبەت ئەمە پێوستی بە هەنگاوی خێرا و دڵسۆزانە هەیە پێش ئەوەی کە دۆخەکە لەدەست دەربچێت.

سەرچاوەکان:

(١) What are drugs?,(17 July 2019) Australian Government on health, https://bit.ly/3b3wXqk.

(2) Misha Ketchell, (January 7, 2015), Many people use drugs – but here's why most don't become addict, https://theconversation.com/many-people-use-drugs-but-heres-why-most-dont-become-addicts-35504

(3) Traci Carl (November 3, 2009). "Progress in Mexico drug war is drenched in blood". Associated Press. Retrieved May 4, 2010.

(4) UNODC World Drug Report 2009, https://bitly.is/3Bb23a2

(٥) ڕاوچی حەسەن، وێبسایتی ڕووداو، (٢٠٢١/٠١/٢٥)، لە سلێمانی چوار بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر دەستگیر کران، https://bit.ly/٣mdr٩BV

(6) UNODC, (24 Jun 2021)UNODC World Drug Report 2021, https://reliefweb.int/report/world/unodc-world-drug-report-2021-enar

(7) Worldomete, (3/1/2021), https://bit.ly/3nDzI7N

(8) Kallol Bhattacherjee and Suhasini Haidar , India and Iran discuss ways to fight drug trafficking from Afghanistan, (OCTOBER 13, 2021), https://bit.ly/3B2nBFX

(٩) أخطر أنواع المخدرات في العالم و الشرق الاوسط، (٢٠١٦/٥/٢٦)، https://bit.ly/٣b٣jrD٤

(١٠)منظمة الصحة العالمية لشرق المتوسط، (٢٠١٩/٦/٢٠)،https://bit.ly/٣prVBZY

(١١) ساميا حەسەن، (٢٠٢٠/٦/٢٦)، زیاتر لە ١٠ هەزار بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان هەن، https://bit.ly/٣vFEPb٨

(١٢) سعد الكندي، (٢٢ فبراير/٢٠١٨) انتشار ظاهرة المخدرات في العراق، https://bit.ly/٣nojwaf

(١٣)لوقمان سیوەلی، سێبەر تلیاک، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١، ل٣٢-٣٣.

(١٤)ئاکۆ ئاڵی، (٢٠٢٠/١١/٧)، ماددە هۆشبەرەکان هەڕەشە لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات، https://bit.ly/٣vDDeT٦

(١٥)ئەمە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی (ڕێکخراوی "NLP" بۆ ڕاهێنان و ڕاوێژکاری – لقی سلێمانی)، کە لە (٢٠١٩/٧/٢٧)ەوە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەمان لە کوردستان دەست پێ کردووە.

(١٦) پەیجی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان (٢٠٢١/١٠/١٢)، https://bit.ly/٣BglHkR

(١٧) ڕێبوار سیوەیلی، وەرگرتوو لە کارمەندێک لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری، لە ٢٠٠٩/٤/٧.

(١٨) داتای وەرگیراو لە بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی گەورانی هەولێر/پیاوان، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٦.

(١٩) ئەم داتایە وەرگیراوە لە پەیجی فەرمیی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشەرەکانی هەرێمی کوردستان.

(٢٠) گۆڤەند مستەفا، (٢٠٢١/١/٢١)، ئاسایشی سلێمانی دەست بەسەر زیاتر لە ١٣ کیلۆ ماددەی

هۆشبەردا دەگرێت، https://bit.ly/3py86mV
(٢١) ئاسایشی سلێمانی باندێکی مەترسیدار دەستگیر دەکات و ڕاگەیەنراوێك بڵاو دەکاتەوە، (٢٠٢١/١/٢١)، https://bit.ly/2ZoiJhm
(٢٢) ئەم ئامارە بە هاوکاریی فەرمانگەی چاکسازیی گەورانی سلێمانی، لە (٢٠٢٠/١٠/٩)دا وەرمانگرتووە.
(٢٣) بەرنامەی لەگەڵ ڕەنج، (٢٠١٩/٢/٢١)، مەترسیی مادده هۆشبەرەکان لە عێراق و کوردستان، https://bit.ly/2XHYZVl
(٢٤) بەرنامەی لەگەڵ ڕەنج، لە کەناڵی ڕووداو، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/٢٠، https://bit.ly/3b3yzjS
(٢٥) هەمان سەرچاوە.
(٢٦) هاوکار ڕەفیق، (٢٠١٧/١٧/١)، تیرۆری ڕەش، کیمابارانکردنێکی لەسەرخۆ، https://bit.ly/3jzVrfk
(٢٧) ئیدریس جەبار، (٢٠٢١/٨/٣)، ژمارەیەك بازرگانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کران.
(28) UNODC, World Drug Report 2009 FOR 2020, https://bit.ly/3mc9QjE
(٢٩) بەرنامەی ڕووداوی ئەمڕۆ، بە ناونیشانی مادده هۆشبەرەکان، شەڕی داهاتووی هەرێمی کوردستان و عێراق، لە کەناڵی ڕووداو، ٢٠٢١/١/٤.
(٣٠) کۆمەڵێک نووسەر، بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر، و: ئارام مەحموود، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٦٥.
(٣١) لوقمان غەفوور، ئەمەریکا نەیتوانی ئەم کارە بکات، با بزانین تاڵیبان چۆن بنبڕی دەکات، (٢٠٢١/١٠/٢٠)، https://bit.ly/2ZkXKw9
(٣٢) کۆمەڵێک نووسەر، بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر، سەرچاوەی پێشوو.
(٣٣) مستشفى الأمل للطب النفسى، تأثير الهيروين على المدمن(٢٠١٨/١٠/٥)، https://bit.ly/3GiKyZb
(٣٤) مستشفى الأمل للطب النفسى، ما هي الأعراض الانسحابية للحشيش وكيف يمكن التخلص منها؟(٢٠١٧/٤/٢١)، https://bit.ly/3Cfenrc
(٣٥) مستشفى الأمل للطب النفسى، اعراض ادمان الكريستال ميث - علاج ادمان الكريستال ميث، https://bit.ly/2ZgQYae
(٣٦) مايو كلينك، إدمان المخدرات (اضطراب تعاطي المواد المخدرة)، (٢٠١٧/١٠/٢٦)، https://mayocl.in/3GnyxSr
(٣٧) لوقمان سیوەیلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٧-٣١٤.
(٣٨) ئەم ڕاسپاردانەی خراوەتە ڕوو، بەشێکی لە توێژینەوەکەی "لوقمان سیوەیلی" وەرگیراون، کە پێشتر بەتەواوی ئاماژەمان پێی دا، خاڵەکانی دیکە تایبەتن بە ڕێکخراوی "NLP" بۆ ڕاهێنان و ڕاوێژکاری، لقی سلێمانی، وەک بەشێک لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.
(٣٩) یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠)، بە هەوڵی ئێمە لە ڕێکخراوی "NLP" بۆ ڕاهێنان و ڕاوێژکاری و کۆمەڵێک دڵسۆزی دیکە لە پەرلەمانی کوردستان جووڵێنرا و کاری لەسەر کرا.
(٤٠) قانون المخدرات والمؤثرات العقلية، (٨/ايار/٢٠١٧)، مجلس النواب العراقي، رقم (٥٠)، سنة (٢٠١٧): https://bit.ly/3b45tkf ؛ یاسای ژمارە (١)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان (پەرلەمانی کوردستان)، (٢٠٢٠/٩/٨)،.https://bit.ly/3bkgm1L.

ئایندەناسی

# توێژینەوەی وەرگێڕدراو

# ڕێباز و تەکنیکەکانی توێژینەوە ئایندەییەکان و جێبەجێکردنیان لە پلاندانادا

د. ساحلی مەبروک
مامۆستای زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان- زانکۆی ئوم بەواقی لە جەزائیر
وەرگێڕان: بارام سوبحی

بە هۆی ئەو گەشەسەندنە سروشتییەی لەسەر ئاستی زانستە کردارییەکان و زانیارییە مرۆییەکان ڕووی داوە، بایەخدان بە زانستی داهاتوو و توێژینەوە ئایندەییەکان و پێشبینیکردن بۆ ئایندە هاتووەتە کایەوە، ئەو توێژینەواش لە ڕێگەی ڕێبازەکانیەوە لە ئاراستەکردن و پلاندانان بەشدار و یارمەتیدەر دەبن لە تۆکمەترکردنی بناغەی زانیاریی ئایندەیی، هەروەها لە بەهێزکردنی ئەو بەدیلانەی دەکرێت پێش پرۆسەی بڕیاردان بکەون، کە خۆی لە پلان و سیاسەت و داڕشتنی سیاسەتی گشتی و پلاندانەر و جێبەجێکاردا دەبینێتەوە.

ئەو گۆڕانکارییانەی دەوڵەتی گرتووەتەوە -ئیدی گۆڕانکارییەکان ناوخۆیی بن یان دەرەکی-، وای کردووە پێویستییەکی لەڕادەبەدەر هەبێت بۆ زیادکردنی زانیاریی زانستی کە دەکرێت بۆ زانینی داهاتوو پشتی پێ ببەسترێت، ئەو زانیارییانەش بۆ دیاریکردنی سروشتی گۆڕانکارییەکان و دانانی ڕێگا و شێوازی کارتێکردن لەو گۆڕانکارییانە پێویستن.

لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەوە دەکرێت جەخت لەسەر ئەو بنەمایە بکرێتەوە کە ئایندەناسی لەسەر بەها و دیاریکردنی گۆڕاوەکان و هۆکارەکان بینا دەکرێت، کە لەبریی سیما سەرەکییەکانی هەریەکە لە ڕابردوو و ئێستایە، ئەمەش هەرگیز پێویستیی پێشبینیکردنی گۆڕانکارییەکان

و هۆكارە نەبینراوەكان كە لە هەر وێستگەیەك لە وێستگەكانی ماوەی داهاتوو دەردەكەون و كار دەكەنە سەر دیمەن و وێنەی داهاتوو؛ ڕەت ناكاتەوە. لێرەوە وا دەردەكەوێ ئایندەناسی گوزارشتە لە پرۆسەیەكی بەردەوامی زەمەنی كە ئامانج لێی دیاریكردنی وردەكارییەكانی داهاتوو و پێشبینیكردنی نییە، بە ئەندازەی ئەوەی ئامانجی دۆزینەوەی بەدیلە ئایندەییە جۆراوجۆرەكان و ئاراستەكردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی باشترینەكانە لەنێو بەدیلەكاندا، بە مانایەكی دیكە: ئەو زانستەیە كە ئەركی ئاگاداركردنەوە و هۆشداریدانە، چارەسەركردنە بەبێ ڕوودانی كێشەكان، ئەو مەترسییانەی لە ئایندەدا دووچاری كۆمەڵگە دەبنەوە لەسەر هەموو ئاستەكانی: كۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، كولتووری، فێركاری، تەندروستی و ئەندازەیی، پاشان زیادكردنی ئامراز و تواناكانە كە دەتوانن گۆڕانكاری لەو بەدیلانەدا بكەن كە دەبێتە هۆی ڕێنونیكردنی پرۆسەی پلاندانان و خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی دەكات.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە؛ لێكۆڵینەوە و شیكاركردنی چۆنێتیی بەكاربردنی تەكنیكە ئایندەییەكانە لە پرۆسەی پلاندانانەدا. لەو پێناوەشدا دەپرسین: چۆن تەكنیكەكانی توێژینەوە ئایندەییەكان لە پرۆسەی پلاندانانەدا بەكار دەبرێت؟

بەم شێوازەش وەڵامی دەدەینەوە:

**یەكەم: چەمكی پلاندانان**

لە ناساندنی پلاندانانەدا جۆرج تێری دەڵێت: هەڵبژاردنێكە لە كاتی تێڕوانین و پێكهێنانی چالاكیی پێشنیاركراو، پەیوەستە بە ڕاستی و بەكارهێنانی گریمانەی پەیوەست بە داهاتووەوە، كە باوەڕ وایە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی چاوەڕوانكراو پێویستە.

هەر چی هێنری فایۆلە پێی وایە: پێشبینیكردنی ئەوەی ئاینده چۆن دەبێت دەگرێتەوە، لەگەڵ خۆئامادەكردن بۆ ئەو ئایندەیە.

ئەحمەد ئەلسەید مستەفا پێناسەی كردووە بەوەی: هونەری مامەڵەكردنە لەگەڵ ئایندەدا، ئەركێكی پێشوەختە یان خاڵێكی دەستپێكردنە لە هەر پرۆسەیەكدا، دیاریكردنی ئامانجەكان و هەڵسەنگاندنیان و هەڵبژاردنی گونجاوترینیان لەخۆ دەگرێت، دیاریكردنی چۆنێتیی پێگەیاندنی ئامانجەكانە لە ڕێگەی بەرنامەوە، ئەو ئامانجانەش لەبریی پێوەرەكانی هەڵسەنگاندنی ئەدای كردارییە. پلاندانان لەسەر دوو ڕەگەز وەستاوە: پێشبینیكردنی داهاتوو، ئامادەسازی بۆ داهاتوو.

بەو پێودانگە دەكرێت پلاندانان پێناسە بكرێت بەوەی: چالاكییەكی گشتیی مرۆییە تاكەكەس و كۆمەڵەكان لە هەموو كاروبارێكی ژیانیاندا جێبەجێی دەكەن. لەم بارەیەوە بینتۆن (BENTON)پێی وایە: پلاندانان

وەکوو چەمکێکی گشتی، ئامادەسازی و ئامادەکارییەکی هۆشەکییە بۆ چالاکییەك لە پێناوی کارێکدا یان دروستکردنی نەخشەیەکی هۆشەکییە. بەپێی ئەو مانایە، پلاندانان هەموو کارێکی بەئەنقەستە، لە هزردا دەچەسپێنرێت و وێنا دەکرێت، پێش ئەوەی شوێنی خۆی لە واقیعدا بکاتەوە. واتە بەر لەوەی جێبەجێ بکرێت، دەبێت دروست بکرێت، ئەمەش ڕێسای بیرکردنەوە پێش کارکردنە.

هەروەکوو چەمکی پلاندانان ئاماژەی بۆ دەکات، بژاردە سیاسییەکان کەناڵێکی بنەڕەتییە لە هێنانەکایەی گۆڕانکارییەکان لە ڕوانگەی گەشەپێدانەوە، هەروەها بە پایەی چوارچێوە گشتییەکانی پلاندانان دادەنرێن. لەم ڕوانگەیەوە پلاندانان بە پرۆسەیەکی بەردەوام دادەنرێت کە بڕیاردان و هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ئامانجە گۆڕاوەکان لەنێو ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان؛ لەخۆ دەگرێت، ئەوەش بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی تایبەت لە کاتێکی دیاریکراودا، واتە ئامرازێکە بۆ سیاسەتی ئابووری بە ئامانجی دیاریکردنی بژاردە ستراتیژییەکان بۆ گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دابینکردنی ئامرازە پێویستەکان بۆ پارەدارکردنی.

بەپوختی: پلاندانان لێکۆڵینەوەیە لە داهاتوو، پێشبینیکردنی ئەوەی لەسەریەتی و خۆئامادەکردنە بۆی، ئەم توێژینەوە و پێشبینییانە بۆ ئایندە تەواو نابن تەنها لە ڕێگەی تەکنیکە زانستییەکانەوە نەبێت کە ڕێنوێنیی بڕیارسازان دەکات، لە پێناوی پلاندانانێکی دروست و کارادا ئەو تەکنیکە ئایندەییانە ئامرازەکانی ڕێنوێنی بۆ بڕیارسازان لەخۆ دەگرێت.

ئەگەر لە بارەی کارە لەپێشینەکان و قۆناغەکانی توێژینەوە ئایندەییەکان لە پرۆسەی پلاندانانداندا کۆدەنگی لەنێو تیۆریستەکاندا کارێکی مەحاڵ بێت، ئەوا هەموویان کۆکن لەسەر ئەو بنەمایانەی کە پێویستە توێژینەوەکە جەختی بکاتەوە سەر:

- دیاریکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەو بەهایانەی کە لە ئایندەدا دووچاری توێژینەوەکە دەبنەوە، وەکوو: قوربانییانی جەنگەکان، مسۆگەرکردنی سەقامگیریی دەوڵەت، بیمەی کۆمەڵایەتی، هاوسەنگیی ژینگەیی... تاد.

- باسکردن و دۆزینەوەی گرنگترین ئاراستە کاریگەرەکان لە داهاتوودا.

- دیاریکردنی بەدیلە ئایندەییەکان، ئەمەش پرۆسەیەکە پەیوەستە بە ئێستاوە، بەڵام زۆر جار سروشتێکی تیۆری و خەیاڵی وەردەگرێت.

- هەڵبژاردنی بەدیلێك لە بەدیلە ئایندەییەکان کە وەکوو باشترین هەڵبژاردە دەردەکەوێت، چونکە وەڵامگۆی پێودانگەکانی بەرژەوەندیی نیشتیمانییە.

- گەشەپێدانی ستراتیژە ڕاگوزەرییەکان کە ڕێگە بە مرۆڤایەتی دەدەن، لە ڕێگەی تێکەڵەیەك لە گۆڕانکارییە تاکەکەسییەکان

و بەکۆمەڵەکان لە ڕەفتاری مرۆییدا، دەبنە قوربانیی پەیکەر (هیکل) و ئەو پرۆسانەی دەبنە لەمپەر لەبەردەم بەدیهێنانی ئاییندەیەکی باشتردا.

**دووەم: تەکنیکە ئاییندەییەکان**

شارەزایان لە بواری پلاندانانا پشت بە کۆمەڵێك تەکنیکی ئاییندەیی دەبەستن بۆ ئاراستەکردنی پرۆسەی پلاندانان کە لە دیاریکردنی کێشەکەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە قۆناغی جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن، بە نمونە: (تەکنیکی سیناریۆکان، تەکنیکی دلفی، تەکنیکی پێشبینی، تەکنیکی لێکچوواندن، تەکنیکی تیۆری گەمە، توێژینەوەی پرۆسەکان، ڕێکخستنی زانیارییەکان). بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها باس لە تەکنیکی سیناریۆکان، تەکنیکی دلفی، تەکنیکی پێشبینی دەکەین.

١. تەکنیکی سیناریۆکان: ئەم تەکنیکە دەچێتە چوارچێوەی ئامرازە میتۆدییە زۆر بەکارهێنراوەکانەوە لە توێژینەوە ئاییندەییەکاندا، هەروەکوو ئامرازە میتۆدییەکانی دیکە، ئەم تەکنیکەش بەوردی کات و چۆنێتیی دەستپێکردنی دیاردەیەکی دیاریکراو لە ئاییندەدا دەستنیشان ناکات، بەڵام هەوڵی دیاریکردنی ڕێڕەوە گشتییەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو گۆڕانکارییانە دەدات کە لە هەر یەکێك لەو ڕێڕەوانەدا ڕوو دەدات. بە نموونە: وەکوو ئەوەی بڵێین ئایا دەوڵەتەکانی جیهانی عەرەبی بەرەو پێکگەیشتن یان بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچن؟ بۆیە سیناریۆ گوزارشتە لە ڕێگەیەکی شیکاری گریمانەیی کە لە ڕێگەیەوە چاودێریی ڕێڕەوی گشتیی گەشەسەندنی دیاردە و ڕووداوەکان دەکرێت، لە ڕوانگەی بارودۆخ و دۆخی ئێستایەوە تا دەگات بە تۆمارکردنی زنجیرەیەك لە پێشبینیی ئاییندەیی بۆ ئەو دیاردە و ڕووداوانە. پاشان دەتوانین بڵێین سیناریۆ گوزارشتە لە گەمەی گریمانەکان، بە هۆیەوە دەکرێت تێبگەین لە وەرچەرخانە بنیادییەکان کە گەشەندنی ڕێکخستنێکی دیاریکراو دەیگرێتە بەر.

لە ڕووی جۆر و پۆلەکانی سیناریۆوە، دیارترین قوتابخانەکانی توێژینەوە ئاییندەییەکان لەسەر دابەشکردنی بۆ سێ جۆر کۆکن:

- سیناریۆی ئاراستەیی یان هەنگاوی: ئەو سیناریۆیەیە گریمانەی بەردەوامبوونی کۆنترۆڵی دۆخی ئێستا دەکات بەسەر گەشەسەندنەکانی دیاردەیەکدا کە جێگەی توێژینەوەیە لە ئاییندەدا، ئەمەش پێویستیی بەردەوامبوونی جۆر و ڕێژەی گۆڕاوەکان دەسەپێنێت کە لە دۆخی ئێستادا دیاردەکەیان کۆنترۆڵ کردووە. لێرەوە بابەتەکە پەیوەستە بە پرۆسەی لەکارخستنی هەنگاوەکان بۆ ئاراستە و وێنەی دیاردەکە لە ئێستادا بەسەر داهاتوودا.

- ئاراستەی چاکسازی (گەشبینی): بە پێچەوانەی سیناریۆی یەکەم کە لە ڕوانگەی

مانەوەی دۆخی ئێستایە وەکوو خۆی، ئەم سیناریۆیە جەخت دەکاتەوە سەر ڕوودانی چاکسازی و گۆڕانکاری بەسەر دۆخی ئێستای ئەو دیاردەیەدا کە بابەتی توێژینەوەیە. چەندێتی و جۆری ئەو چاکسازییانەش دەبنە هۆی هێنانەکایەی ڕیزبەندییەکی نوێ لە گرنگی و جۆری ئەو گۆڕاوانەی کە کۆنترۆڵی گەشەسەندنی ئەو دیاردەیە دەکەن، ئەوەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی بەدیهێنانی باشبوونی ئاراستەی دیاردەکە کە ڕێگە دەدات بە گەیشتن بە ئامانجەکانی، کە لە دۆخی ئێستای دیاردەکەدا ناکرێت بەدی بهێنرێت.

- سیناریۆی رادیکاڵی (ڕەشبینی): لە چوارچێوەی ئەم سیناریۆیەدا پشت دەبەسترێت بە ڕوودانی وەرچەرخانی رادیکاڵیی قووڵ لە چواردەوری ناوخۆیی و دەرەکیی دیاردەکە، ئەو گۆڕانکارییانەش دەبنە هۆی هەڵوەشانەوە یان دابڕان لەگەڵ ڕێڕەو و ئاراستەکانی پێشووی دیاردەکە. ئەم سیناریۆیە دەوەستێتە سەر گەشەسەندن و بازدانی کتوپڕ کە دەست بەسەر ژینگەی دیاردەکەدا دەگرێت. لەم بارەدا گۆڕانکارییە کەم گریمانەکراوەکان بەهەند وەردەگیرێت، بەڵام کاتێك ڕوو دەدات ئەوا ڕێگوزەری گشتیی دیاردەکە بە شێوەیەکی ڕیشەیی دەگۆڕێت.

چەقی بیرۆکەی ئەم سیناریۆیە لەسەر زنجیرەیەك ئەگەری گریمانەکراوە کە لەسەر بنەمای ئەم بیرۆکەیەیە: ئەگەر – ئەوا، واتە کاتێك "س" ڕوو دەدات، ئەوا ئەنجامەکەی "ص" دەبێت، ئەگەر "ا" ڕووی دا، ئەوا ئەنجامەکەی "ب" دەبێت... تاد. بەم شێوەیە سیناریۆکە هەوڵی خستنەڕووی هەموو ئەگەر و پێشبینییەکان و لێکەوتەکانی دەدات. پرۆسەی سیناریۆکەش بەگوێرەی ئەم هەنگاوانە دەبێت:

- دیاریکردنی دیاردەکە، بابەتی لێکۆڵینەوەکە، کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و ڕاستییەکان لە بارەیەوە.

- دیاریکردنی ڕێگوزەرە جیاوازەکانی گەشەسەندنی دیاردەکە، ئەمەش بینا لەسەر ئەو پێدراو و ڕاستییانەی لە قۆناغی یەکەمدا کۆ کراونەتەوە. لەم قۆناغەدا گۆڕاوە جیاوازە کاریگەرەکان لە گەشەسەندنی ئەم دیاردەیە دیاری دەکرێن، بەگوێرەی گرنگییان ڕیزبەندی دەکرێن بۆ گۆڕاوە سەرەکی و گۆڕاوە ناوەندییەکان. لێرەدا پێویستە دەرکەوتنی گۆڕاوی ڕیزپەڕ یان کتوپڕ کە ڕێگوزەری گەشەسەندنی دیاردەکە لەسەری دەوەستێت، بەهەند وەربگیرێت. هەر بۆیە لەم قۆناغەدا جیاکاری دەکرێت لە ئاراستەی ڕێگوزەری گەشەسەندنی دیاردەکە لە داهاتوودا (ئاراستەی هەنگاوی، ئاراستەی چاکسازی، ئاراستەی رادیکاڵی).

- لێکەوتەکان: واتە ئەنجامە چڕوپڕەکان کە گریمانەی ئەوە دەکرێت کار بکاتە سەر هەر هەنگاوێك لە هەنگاوەکان پاڵپشت بە ڕێسای ئەگەر-ئەوا. هەروەها هەندێك

لە لێکەوتە جیاوازەکان بە هەندێکی دیکەیانەوە دەبەسترێنەوە، چونکە هەر لێکەوتەیەك کاریگەری لەسەر لێکەوتەیەکی دیکە دادەنێت. بۆیە هەر لێرەوە دەبێت کاریگەریی لێکەوتەکان لەسەر یەکتر لە کەرتە جۆراوجۆرەکان لە داهاتوودا بزانرێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، ئەم نموونەیە دەخەینە ڕوو لە بارەی بابەتی پلاندانان بۆ نەهێشتنی بێکاری لە جەزائیر، وەکوو بابەتی توێژینەوە بەم گۆڕاو و ئاماژانەوە پەیوەستی دەکەین: نرخی نەوت، گەشەکردنی دانیشتووان، دەروازەکانی بازاڕی کار، سەقامگیریی سیاسیی ناوخۆیی، سەقامگیری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

ساڵی (٢٠١٢) وەکوو بنەما دادەنێین، ساڵی (٢٠٣٠)یش وەکوو ساڵی گریمانەکراو. بۆیە دواتر پێشبینی دەکەین لە بارەی زیادبوونی دانیشتووان، نرخی سووتەمەنییەکان، تێکڕای سەقامگیریی سیستمی سیاسی، گەشەکردنی ئابووری. پاشان سیناریۆکان لەسەر بنەمای ئاراستە ئایندەییەکان بەم شێوەیە دادەڕێژین:

- سیناریۆی ئاراستەیی یان هەنگاوی (مانەوەی ڕێژەی جێگیری بێکاری): ئەم سیناریۆیە گریمانەی بەردەوامبوونی دۆخی ئێستا و گەشەسەندنی دیاردەی بێکاری لە داهاتوودا دەکات، بۆ ئەمەش پێویستە نرخی نەوت بە جێگیری بمێنێتەوە، کۆنترۆڵی ڕێژەی گەشەکردنی دانیشتووان بکرێت، سەقامگیریی سیاسیی ناوخۆیی، سەقامگیری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ڕێژەی گەشەکردنی ئابووری بە بەرزی بمێنێتەوە. لێرەوە تێبینیی پەیوەندی و لێکەوتەی هەر گۆڕاوێك لەسەر ئەوی تر دەکەین. گۆڕاوی سەقامگیریی نێودەوڵەتی کار دەکاتە سەر نرخی نەوت، ئەویش بە ڕۆڵی خۆی کار دەکاتە سەر وەبەرهێنانی ناوخۆیی دەوڵەتی بەتایبەتی لە دەوڵەتە کرێخۆرەکاندا (دۆخی دەوڵەتە عەرەبییەکان)، بۆیە بڕیارسازان دەبێت هەموو بارودۆخەکان و لێکەوتەی گۆڕاوەکان لەبەرچاو بگرن.

- ئاراستەی چاکسازی: ئەم سیناریۆیە جەخت دەکاتە سەر ڕوودانی گۆڕانکاری و چاکسازی بەسەر دۆخی ئێستای دیاردەکەدا و دەیکاتە بابەتی توێژینەوە. ئەگەر نرخی سووتەمەنی لە بازاڕەکانی جیهاندا بەرز ببێتەوە، ئەوا دەبێتە هۆی دابینکردنی پارەی پێویست بۆ دەستکردن بە پڕۆژەی گەشەپێدان، ئەوەش دەبێتە هۆی زیادبوونی هەلی کار و نەهێشتنی بێکاری و پارێزگاری لە سەقامگیریی سیاسیی ناوخۆیی دەکات.

- سیناریۆی ڕادیکاڵی (ڕەشبینی): لە چوارچێوەی ئەم سیناریۆیەدا پشت دەبەسترێت بە ڕوودانی وەرچەرخانی ڕادیکاڵیی قووڵ لە چواردەوری ناوخۆیی و دەرەکیی دیاردەکە، ئەگەر نرخی سووتەمەنی دابەزێت بۆ کەمتر لە سی دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، ئەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی وەبەرهێنان، بە هۆیەوە

زیادبوونی بێکاریی لێ دەکەوێتەوە.

کۆنترۆڵنەکردنی گەشەکردنی دانیشتووان دەبێتە هۆی زیادبوونی چڕیی دانیشتوان، لێرەوە بڕیارسازان خۆیان دەستەوەستان دەبینن لە دابینکردنی پارەی پێویست بۆ بەدەمەوەچوونی داخوازییەکانی کۆمەڵگا، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی شەرعیەتی سیاسیی ڕژێمەکە و ناسەقامگیریی دەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە.

گرنگیی داڕشتنی سیناریۆکان دیار دەکەوێت لە:

- بێدارکردنەوەی بڕیارسازان لە سروشتی کێشەکان و ئەو ئەنجامانەی لە هەڵبژاردنی ڕێگوزەرێکی دیاریکراو لە ڕێگوزەرەکانی گەشەسەندنی دیاردە و ڕووداوەکان دەکەوێتەوە، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لەسەر چاکسازی یان گونجاندنی بڕیارە سیاسییەکان تەنانەت پاشگەزبوونەوە لێیان ئەگەر پێویستی وای خواست. هەروەها یارمەتیدەر دەبێت لەسەر خۆسازدان بۆ بەرەنگاربوونەوەی شوێنەواری ئەو ڕووداوانەی لە گرتنەبەری ڕێگوزەرێکی دیاریکراو دەکەوێتەوە.

- داڕشتنی سیناریۆکە دەبێتە هۆی جۆشدانی بڕیارسازان لە پلاندانان یان ڕاستکردنەوەی کارێك و پچڕاندنی پەیوەندی بە ڕابردووەوە.

داڕشتنی سیناریۆ بە شێوەیەکی بنەڕەتی پێویستی بە بڕی پێویستە لە زانیاری لە بارەی دیاردەکەوە، تاوەکوو ئەو لێکەوتانەی لە هەر سیناریۆیەك لە سیناریۆکان دەکەونەوە؛ دەستنیشان بکرێن.

٢. تەکنیکی دێلفی: ناونانی ئەم تەکنیکە بەو ناوەوە دەگەڕێتەوە بۆ پەرستگایەکی کۆنی یۆنانی، ئەویش پەرستگای "Delphi"یە کە کاهین و پیاوە ئایینییەکان و عاریفەکان تیایدا هەوڵی زانینی داهاتوویان دەدا. ئەم تەکنیکە بەزۆری لەلایەن قوتابخانە ئەمەریکییەکان بۆ توێژینەوە لە داهاتوو بەکار دەهێنرێت، ئەمەش لەبەر کۆمەڵێك پێودانگ کە گرنگترینیان بەهێزی و پێشکەوتوویی ئامرازەکانی پەیوەندیی ئەمەریکییە کە پرۆسەی پشتبەستن بە گەورەترین ژمارەی پسپۆڕان لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی توێژینەوە و زانکۆ ئەمەریکییەکان ئاسان دەکات، پاشان ژمارەیەك لە شارەزایان، توانای پێویست بۆ بەدیهێنانی ئەم تەکنیکە دابین دەکات. ئەمەریکییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەوە لە بارەی بابەتێکی دیاریکراو لە کاروباری ناوخۆیی یان دەرەکی، هەوڵی دەرهاویشتن و دیاریکردنی بەهێزترین گریمانە و پێشبینی لە بیروبۆچوونە جۆراوجۆرەکان دەدەن.

بە بۆچوونی هێلمەر، تەکنیکی دێلفی پشت دەبەستێت بە دەرهێنانی بەهێزترین پێشبینییە دژیەکەکان لە بارەی هەر بابەتێکەوە، هەروەها دەرخستنی تەواوی بەڵگەکان کە پشتیوانی لە هەر پێشبینییەك


لە پێشبینییەکان دەکات. هەروەها پێی وایە هەنگاوەکانی کارکردن لە تەکنیکی دێلفی دەکرێت بە بەکارهێنانی تەکنیکی یارمەتیدەر گەشەی پێ بدرێت کە هەندێك لە ئەنجامەکانی ڕێك دەخات، یان ئاسانکاری لە پێکەوەبەستنی نێوان ڕەهەندەکانی دیاردەکە دەکات کە لێی دەکۆڵنەوە، بە نموونە: دۆڵابی داهاتوو، تەکنیکی هەڵوەشانەوە.

تەکنیکی دۆڵابی داهاتوو لەلایەن پیتەر واگەشال دانراوە، لە لێکەوتەی دیاردەکان دەکۆڵێتەوە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانیەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگاتە ئەنجامێکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دانانی واقیعێکەوە وەکوو چەقی توێژینەوەکە، پاشان باس لە هەموو شوێنەوارە ڕاستەوخۆکان دەکات کە لەو دیاردەیە دەکەوێتەوە، دواتر چاودێریی شوێنەوارە ڕاستەوخۆکان دەکات کە کار دەکەنە سەر یەکەمین شوێنەواری ڕاستەوخۆ، ئینجا بەردەوام دەبێت لە هاتنەخوارەوە بە دۆڵابەکەدا.

ئەم تیۆرە پشت بەم هەنگاوە کردارییانە دەبەستێت:

١. بازنەی یەکەم دەکێشین، لە ناویدا ئەو ڕووداوە ناوەندییە دادەنێین کە دەمانەوێت لێی بکۆڵینەوە، وا باشترە ڕووداوەکە بە وشەیەك یان ڕستەیەکی کورت بنووسرێت، بەم بازنەیە دەوترێت بازنەی ناوەندی.

٢. کۆمەڵێك بازنە بەدەوری بازنەی



ناوەندیدا دەکێشین، ژمارەی ئەو بازنانەش بە هێندەی ژمارەی لێکەوتە ڕاستەوخۆکان دەبێت کە پێشبینیی دەکەین بۆ ڕووداوەکە. ئەگەر دیتمان ڕووداوەکە پێنج لێکەوتەی ڕاستەوخۆی دەبێت، ئەوا پێنج بازنە دەکێشین کە هەریەکەیان بە هێڵێکی کورت بە بازنەی ناوەندییەوە دەبەسترێتەوە. هەر ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکەش لە ڕێگەی خۆیەوە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی ئەنجامی گرێدراو پێیەوە، ئەو ئەنجامانەش دوایین ئەنجامەکان ڕێك دەخەن.

بە نموونە: ئەگەر دیاردەی بێکاری وەربگرین و دۆلابی داهاتووی بۆ بەکار بهێنین، تاوەکوو زنجیرەیەك بازنە ببینین کە لێکەوتە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی دیاردەکە بنوێنێت. بە نموونە: ئەگەر هاتوو بڵێین بێکاری دەبێتە هۆی پێشکەوتنی زانستی، ئەوا گریمانەکە نەگونجاو دەردەکەوێت، بەڵام بەدواداچوونی لێکەوتەکانی دیاردەکە بەگوێرەی ئەم نموونەیە بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت.

بەکارهێنانی تەکنیکی دۆلابی داهاتوو لەلایەن شارەزایانەوە دەبێتە هۆی باشکردنی توانایان بۆ زانینی ئەو دیاردەیەی لێی دەکۆڵنەوە لە لایەك، هەروەها بۆ زانینی خاڵە هاودژەکانی لە لایەکی دیکەوە (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)، لەگەڵ دیاردەکانی دیکە کە توێژەرانی دیکە لێی دەکۆڵنەوە.

نموونەیەك بۆ تەکنیکی هەڵوەشانەوە (Decomposability)، ئەگەر لە ئەگەرەکانی هەڵایسانی شۆڕش لە دەوڵەتێکی دیاریکراودا بکۆڵینەوە، ئەوا بەگوێرەی نموونەکەی نیکڵسۆن بە دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی هەڵایسانی شۆڕشەکە؛ دەست پێ دەکەین، پاشان دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی شۆڕشەکان و هۆکارەکانی هەر شۆڕشێك دەژمێرین. ئەگەر بینیمان هۆکاری "س" بە ڕێژەی (٦٠٪) لە شۆڕشەکاندا هەبوو، کەواتە بە ڕێژەی (٦٠٪) بەشدار بووە لە هەڵایسانی شۆڕشەکاندا. بەڵام ئەگەر جگە لە هۆکاری "س"، هۆکارێکی دیکەمان بینی کە ئەویش "ص"ە و بە ڕێژەی (٤٠٪) هەبوو، ئینجا لەو دیاردەیەی لێی دەکۆڵینەوە بینیمان هۆکارەکانی "س و ص" هەن، ئەوا ڕێژەی گریمانەکە بۆ زیاتر لە (٦٠٪) بەرز دەکەنەوە، بە مەرجێك دەبێت نەبوونی پەیوەندی لەنێوان دوو گۆڕاوەکەدا (یان یەکێکیان) بەهەند وەربگرین. ئەمەش مانای وایە تەکنیکی هەڵوەشانەوە دەکرێت لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە تەکنیکی دێلفی ئاسان بکات، ئەویش دیاریکردنی ڕێژەی ئەگەرەکانە لەسەر ئەم بنەمایانە:

- کۆبوونەوەی ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئەگەرەکە.

- دیاریکردنی چۆنێتیی زیادبوونی گۆڕاوێکی دیاریکراو بۆ گرنگیی گۆڕاوێکی دیکە، یان کەمکردنەوەی گرنگییەکەی.

قۆناغەکانی جێبەجێکردنی تەکنیکی دێلفی لە پرۆسەی پلاندانانداندا، خۆی دەبینێتەوە لە:

- دیاریکردنی هەموو بابەتە پەیوەندیدارەکان بە دیاردەکەوە، دەبنە بابەتی توێژینەوەکە.

- جەختکردنەوە لەسەر هەڵبژاردنی دەستەبژێرێك لە پسپۆڕان لە هەر کەرتێکدا کە لە هەنگاوی یەکەمدا دیاریمان کردووە، هەریەکێکیان چارەسەرێکیان پێ دەسپێردرێت کە دەکەوێتە بازنەی پسپۆڕییەوە، پێویستە ئەو کەسانە شارەزایی و لێزانیيان بە هەردوو لایەنی تیۆری و کرداریی بابەتەکە هەبێت. لە لایەنی تیۆرییەوە بابەتەکە شارەزابوون بە تیۆرییە گشتییەکان دەخوازێت، هەروەها بە سەلمێنراو و گریمانەکان و تەنانەت توێژینەوە زانستییەکان کە دەکرێت شیکاری دینامیکیەتی گەشەکردنی دیاردەکە بکەن. هەر چی لە لایەنی کردارییە، پێویستە زانیاری و ئاماری تایبەت بە دیاردەی بابەتی توێژینەوەکەیان لەبەر دەستدا بێت.

- دیاریکردنی چوارچێوەی ئەو ماوەیەی دیاردەکە کە پێشبینیی بۆ دەکرێت (ماوەی ڕاستەوخۆ، نزیك، مامناوەند، دورێکی نەبینراو).

- ئاراستەکردنی زنجیرەیەك ڕاپرسی کە کۆمەڵێك پرسیار لەخۆ بگرێت پەیوەست بن بە بابەتی هەڵبژێردراوەوە، هەروەها بە ئەگەرە جیاوازەکانی گەشەکردنیەوە لە داهاتوودا، پرسیارگەلی دیکە پەیوەست بە هۆکارەکان و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان هۆکارە جۆراوجۆرەکان کە دەکەونە پشت ڕوودانی هەموو ئەگەرێکەوە.

- گونجاندنی ئەنجامەکانی هەر پسپۆڕێك پاڵپشت بە وەڵامی پسپۆڕانی دیکە لە کەرتەکانی تردا، پاشان ژماردنی وەڵامەکان و دەرهێنانی ڕێژەی مامناوەندی تیایاندا، ئەوەش بەهێزترین پێشبینییەکان دەنوێنێت. لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەوە، کۆمپیوتەر بەئاسانی کارەکە تەواو دەکات، چونکە بۆچوونی شارەزاکان لە کۆمپیوتەرێکدا جیا دەکرێتەوە کە بە کۆمپیوتەری ناوەندییەوە بەستراوەتەوە و کارلێك لەنێوان ئەنجامە بەدیهاتووەکانی هەر کۆمپیوتەرێکدا بەجیا بەدی دەهێنێت، ئەمەش لە هەندێك نووسراودا بە کۆنگرەی دێلفی ناوزەد کراوە. هەندێکی دیکە لە توێژەران دەستەواژەی کۆنگرەی کۆمپیوتەری بەکار دەهێنن.

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کردەیی ئەم تەکنیکە ڕوون بکەینەوە، ئەم نموونەیە وەردەگرین: ئەگەر بمانەوێت پلان دابنێین بۆ سیاسەتی بەکارخستن و نەهێشتنی بێکاری لە جیهانی عەرەبیدا لە ساڵی (٢٠٢٥)دا، ساڵی (٢٠١١)ش وەکوو ماوەی بنەڕەتی وەربگرین، هەر دەبێت گۆڕاوەکان بەم جۆرە دیاری بکەین:

ا. بارودۆخی دیمۆگرافی لە جیهانی عەرەبیدا.

ب. نرخی سووتەمەنی.

ج. گەشەی ئابووری لە دەوڵەتە

عەرەبییەکاندا.

د. دەروازەکانی بازاڕی کار (دەرچووانی زانکۆکان، پیشەگەرەکان، زۆربوونی قوتابخانەکان).

هـ. سەقامگیریی سیاسی لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا.

و. بارودۆخی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە جیهانی عەرەبیدا.

أ. هەر شەش کەرتەکەی کە ئاماژەی پێ درا، بەگوێرەی ئاستی شارەزایی پسپۆڕەکە لە هەر کەرتێکدا ڕیز دەکەین، واتە پسپۆڕەکە بەگوێرەی توانای زانستیی خۆی لەو کەرتانەدا ڕیزبەندییەك دەکات، بە جۆرێك ئەو کەرتەی زۆر شارەزایە تیایدا لە سەرەتاوە دادەنێت، پاشان کەرتەکانی دیکە بەگوێرەی ئاستی زانینی دادەنێت تا دەگاتە کەرتی شەشەم، بە گریمانەی ئەوەی پسپۆڕەکە بەراورد بە کەرتەکانی دیکە زانیاریی کەمە لەو بوارەدا.

ب. وەڵامی ژمارەیەك لە پرسیارەکان وەکوو لەم خشتەیەدا ڕوون کراوەتەوە.

خشتەکە ئەمانە لەخۆ دەگرێ:

- خانەی گەشەکردنی گریمانەکراو: گەشەکردنی گریمانەکراوی هەر کەرتێك لەو شەش کەرتەی هەڵمانبژاردووە دادەنێین، یان گەشەکردنی گریمانەکراوی کەرتی دیمۆگرافی دادەنێین کە (أ، ب، ج...) گوزارشتی لێ دەکات.

- هەر چی خانەی دووەمە، بۆ دیاریکردنی ئەو ساڵەیە کە پسپۆڕەکە پێی وایە گەشەکردنی ئاماژەپێدراو لە خانەی یەکەمدا تیایدا ڕوو دەدات.

- خانەی سێیەم: داوا لە هەموو پسپۆڕان دەکرێت سێ ساڵ بۆ ڕوودانی گەشەکردنەکە دابنێن. بە نموونە، پێمان دەڵێن گەشەکردنی دانیشتووان لە جیهانی عەرەبیدا دەگاتە (٧٠٠) ملیۆن کەس بە نموونە لە ساڵی (٢٠١٣ یان ٢٠١٤ یان ٢٠٢٠).

لە ڕێگەی ئەو ساڵانەوە نزیکترین و دوورترین ساڵ کە لە خەمڵاندنەکاندا هاتوون؛ دیاری دەکەین، هەروەکوو دەبینین نزیکترین پێشبینی؛ ساڵی (٢٠١٣)یە و دوورترین ساڵی (٢٠٢٠)ە.

| گەشەسەندنی گریمانەکراو | ساڵ | ئاستی خەمڵاندنەکان دوای سێ ئەگەری هەر پسپۆڕێک | بۆچی گەشەکردنەکە بەزوویی ڕوو دەدات | بۆچی گەشەکردنەکە دوا دەکەوێت | ئەو ساڵەی گەشەکردنەکە تیایدا ڕوو دەدات بۆ گریمانەی (90%) |
|---|---|---|---|---|---|
| ا | | | | | |
| ب | | | | | |
| ج | | | | | |
| د | | | | | |
| هـ | | | | | |
| و | | | | | |

- خانەی چوارەم: ڕووداوی پێشوەختە: لەم بارەیەوە داوا لە پسپۆڕەکە دەکرێت ئەو هۆکارانە دیاری بکات ئەگەر هەبن؛ وا دەکات گەشەکردنە لە ماوەیەکی زوودا ڕوو بدات.

- خانەی پێنجەم: هەمان داواکاریی خانەی چوارەمە، لەگەڵ ئەو جیاوازییەی لە بارەی ئەو هۆکارانەی ئەگەر هەبن؛ وا دەکات گەشەکردنە درەنگتر ڕوو بدات.

- خانەی شەشەم: داوا لە هەر پسپۆڕێك دەکرێت ساڵێك دیاری بکات کە پێی وایە بە ئەگەری (٩٠٪) گەشەکردنەکە تیایدا ڕوو دەدات.

هەر دەبێت ئاماژە بەوە بکەین پسپۆڕەکان لە هەر جارێکدا وەڵامەکانیان هەموار دەکەنەوە، پاڵپشت بەو پێدراوانەی بۆیان ئاشکرا دەبێت و ئاگایان لێ نەبووە یان لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی سنووری پسپۆڕی و زانیارییان بووە.

هەروەك هەر کەرتێك کاریگەریی بەسەر کەرتەکەی دیکەدا هەیە، بۆیە دەبێت پێویستیی شوێنەواری ئەو گۆڕانکارییە دابنرێت کە هەر کەرتێك بەجێی دەهێڵێت ئەگەر هاتوو لە ماوەیەکی زووتر لە ماوەی پێشبینیکراو ڕوو بدات. دیاردەی سیاسی خاڵی کارلێکی نێوان چەندین پێدراوە، بۆیە هەر دەبێت ئەم دیاردەیە بۆ بەشەکانی هەڵبوەشێنرێتەوە و هەر بەشێکی بدرێتە پسپۆڕێك.

٣. تەکنیکی پێشبینی: پێشبینی بەوە ناس دەکرێت کە کۆکردنەوەی فاکت و زانیاریی ڕاستە بۆ دیاریکردنی ئایندەی گریمانەکراو کە سیاسەتە پێشنیارکراوەکان دەیهێننە کایەوە. لەسەر بیرۆکەیەکی سادە وەستاوە، ئەویش ئەوەیە ڕووداوی "أ" لە ماوەی "ب"دا ڕوو دەدات، بەڵام توانای دەرچوواندنی ئەم جۆرە حوکمانە مەرجدارە بە بوونی بارودۆخی ئامادەیی بۆ پێشبینی (Initial Conditions)، واتە بوونی بڕی پێویست لە پێدراوەکان کە دەبنە بناغە بۆ پێشبینیکردن.

تەکنیکی پێشبینی یارمەتیدەر دەبێت لە پێشکەشکردنی ڕاسپاردە کە پشتگیریی هەندێك لە بەدیلە سیاسییەکان بەسەر هەندێکی دیکەیاندا لە قۆناغی پلاندانان و سیاسەتسازیدا دەکەن. هەروەها پێشبینی یارمەتیمان دەدات لە شیکارکردنی تێچوون و کارایی دوای جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکان، لە میانی هەردوو قۆناغی هەڵسەنگاندن و شیکارکردندا.

ئەوەش واتە پرۆسەی پلاندانان پێویستی بە بەگەڕخستنی ئەو فاکت و زانیارییانە هەیە کە پێشبینیی ئەوە دەکەن ئەگەر پشتیان پێ ببەسترێت، ئەوا ئەو ئەنجامانەی لێ دەکەوێتەوە. ئەمەش ڕۆڵی پێشبینییە لە شیکارکردندا کە پێش کردار یان دروستکردنی سیاسەتی گشتی دەکەوێت. بە شێوەیەکی نەریتی، پێشبینی لەلایەن پشتیوانان و سوودمەندانەوە بەگەڕ دەخرێت کە لەگەڵیاندا دەگونجێت. هەروەها سیاسەتکاران بەکاری

دەهێنن بۆ زانینی ئەو زیان و خراپکارییانەی لە کاتی جێبەجێکردنیاندا دەکەونەوە. دوای توێژینەوەی لێکەوتەکانی هەر بەدیلێك پاڵپشت بە ژمارەیەك گریمانە، ئەوا باشترین بەدیل هەڵدەبژێردرێت لە دیدگای دەستەی بڕیاربەدەستانی سیاسییەوە، بەم شێوەیە زۆرینەی بڕیارە سیاسییەکان بڕیارگەلێك دەبن کە بەرمەبنای جۆرێك لە پێشبینییە.

زۆرینەی دیاردە سیاسییەکان هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکەیاندا یان لەگەڵ دیاردەکانی دەرەوەی کێڵگەی سیاسیدا پێکەوە گرێ دراون. توێژینەوە ئایندەییەکان لە زانستی سیاسیدا چەمکی پێشبینیی گرێدراوی هێناوەتە ناوەوە، کە مانای زنجیرەیەك لە پێشبینیی مەرجدار دەگرێتەوە کە هەندێکیان بە هەندێکی دیکەیانەوە پەیوەستن. لەم دۆخەشدا هاوکێشەکە بەم شێوەیەی لێ دێت: "ا" ڕوو دەدات ئەگەر "ب" ڕوو بدات، بەڵام "ب" کاتێك ڕوو دەدات کە "ج" ڕوو بدات، ڕوودانی "ج" مەرجدار کراوە بە ڕوودانی "د"... تاد.

ئەگەر بمانەوێت ئەمە بگوێزینەوە بۆ واقیعێکی سیاسی، لە ڕێگەی نموونەیەکی سادەکراوەوە دەڵێین:

- ڕێژەی بێکاری لە جەزائیر کەم دەبێتەوە، ئەگەر ڕێژەی وەبەرهێنان بەرز ببێتەوە.

- ڕێژەی وەبەرهێنان بەرز دەبێتەوە، ئەگەر نرخی سووتەمەنی لە بازاڕی نێودەوڵەتیدا بەرز ببێتەوە.

- نرخی سووتەمەنی لە بازاڕی نێودەوڵەتیدا بەرز دەبێتەوە، ئەگەر فشارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئێران زیاد بن.

لێرەوە دەکرێت کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە جەزائیر (یەکەم لە زنجیرەکە) ببەستینەوە بە فشارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئێران (کۆتایی زنجیرەکە).

هەر چی داهاتووە کە پێشبینییەکە کۆتایی پێ دەهێنێت، یان دەیەوێت وێنای بکات و دایبڕێژێتەوە بە پشتبەستن بە سیاسەتە گشتییە لێکۆڵراوەکان، ئەوا یەکێك لەم سێ جۆرەی لێ دەکەوێتەوە:

- ئایندەی بەدیل (Potintial Future) کە بەدیهاتنی گریمانەکراوە: گوزارشتە لە حاڵەتی بەدیل کە دەکرێت بەدی بهێنرێت یان پێویستە وا بێت (What Might be).

- ئایندەی گریمانەکراو :(Plausible) چاوەڕوان دەکرێت لە ڕووی تیۆرییەوە بەردەوام بێت بەگوێرەی پەیوەندییەکانی هۆ و ئەنجام .(What Will Be)

- ئایندەی عەقیدەیی: (Normative Future) جیاوازیی نێوان یەکەم و دووەم کەم دەکاتەوە، پێویستە وا بێت .(What Should be)

هەر چەندە ڕێگەکانی پێشبینی فرەجۆر بن، ئەوا ئامراز و تەکنیکەکانیشی جۆراوجۆر دەبن. ئەم خشتەیە پێشبینی و ڕێساکانی و تەکنیکەکانی و ئەنجامەکانی ڕوون دەکاتەوە.

| شێوازی پێشبینی | ڕێسا | تەکنیک | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| شیکارکردن بنیاد لەسەر زانیارییەکانی ئێستا | بەردەوامبوونی دۆخەکە | شیکارکردنی زنجیرە زەمەنییەکان<br>تەکنیکی هێڵی ڕەش<br>کارەسات | داڕووخان:<br>مەزەندەکردنی ئایندە لەبەر ڕۆشنایی زانیارییەکانی ئێستا |
| شیکاری تیۆری یان هۆکاری | - تیۆری<br>- بەڵگەنەویست<br>- گریمانە | - نەخشەکان<br>- شیکردنەوەی ڕێگوزەر | پێشبینی و نوقڵانەلێدان بە ڕوودانی شتێک بە هۆی شتێکی دیکەوە |
| شیکاری پەیبردن | کۆششکردن | - شێوازی دێلفای<br>- شیکاری لێکەوتە<br>- گونجان | خەملاندن، گومانی |

**نموونەیەکی کردەیی**

یەکەم: ئامانجی نموونەکە: بێگومان هەر نموونەیەك ئامانجێکی هەیە و هەوڵی بەدیهێنانی دەدات. گریمان ئێمە دەمانەوێت ئاستی سەقامگیریی سیاسیی دەوڵەتێکی دیاریکراو لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا بپێوین.

دووەم: دیاریکردنی گۆڕاوەکان: ئەو گۆڕاوانە دیاری دەکەین کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە سەقامگیریی سیاسیدا و بەپێی گرنگییان ڕیزبەندییان دەکەین (ڕیزبەندیکردن بەپێی گرنگی لە توێژەرێکەوە بۆ توێژەرێکی دیکە دەگۆڕێت، بەگوێرەی ئەو تیۆرییەی توێژەرەکە پەیڕەویی دەکات). وای دادەنێن گۆڕاوەکان بەپێی گرنگییان بەم جۆرە ڕیزبەندی دەکرێن:

١. تێوەگلانی دەوڵەت لە شەڕی دەرەکی.
٢. تێوەگلانی دەوڵەت لە شەڕی ناوخۆیی (ئەهلی).
٣. زیادبوونی دانیشتووان.
٤. کەمبوونەوەی تێکڕای گەشەکردنی ئابووری.
٥. سنوورداریی بەرهەمهێنانی خۆراك.
٦. بەردەوامبوونی دەستەبژێرە دەسەڵاتدارە داخراوەکان.
٧. پشتبەستن بە شمەکی هاوردەکراو.
٨. گەندەڵیی کارگێڕی.
٩. دەستوەردانی سوپا لە سیاسەتدا.
١٠. لەدەستدانی پشتیوانیی دەوڵەتە زلهێزەکان.
١١. کێشە لەگەڵ وڵاتانی هاوسێ.
١٢. قەرزی دەرەکی.
١٣. لاوازبونی دەزگای دەوڵەت.
١٤. تێکڕای بێکاری.
١٥. دەرکەوتنی هێزی سیاسیی پەڕگیر.
١٦. فرەیی و تێکچڕژانی تایەفی.

١٧. هەڵاتنی سەرمایەداران.

١٨. کۆچکردنی کەسە لێهاتووەکان بۆ دەرەوەی وڵات.

١٩. چڕبوونەوەی دانیشتووان لە شارەکاندا.

٢٠. ڕێژەی نەخوێندەواری.

سێیەم: پێدانی بەهای ژمارەیی، پلەی گرنگیی گۆڕاوەکە دیاری دەکات: ئەگەر شەڕی دەرەکی بە مەترسیدارترین گۆڕاو دابنێین و بەهای (١٩-٢٠) خاڵی بۆ دابنێین، ئەو گۆڕاوەی بەدوایدا دێت بەهای (١٨-١٩) بۆ دانا، بەم شێوەیە لەگەڵ تەواوی گۆڕاوەکانی دیکەدا تا دەگاتە دوایین گۆڕاو؛ بەهای (١-٠) دەدەینێ.

چوارەم: ماوەیەك دیاری دەکەین: بە نموونە پێنج ساڵ.

پێنجەم: پێوانی بەهای گۆڕاوەکان: لە بارودۆخی دەوڵەتەکە لە هەموو ڕوویەکەوە دەکۆڵینەوە، لەو ڕووانەی کە گۆڕاوەکانی پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن؛ دەیانگرێتەوە (پێویستی بە تیمێکی توێژەرانی پسپۆڕە لە لقە زانستییە جۆراوجۆرەکان، هەروەها بە بڕێکی گەورەی زانیاریی دروست).

شەشەم: هەژمارکردنی پلەی سەقامگیریی سیاسیی دەوڵەتەکە:

ا. کۆی بەهای ڕەهای هەموو گۆڕاوەکان لە ماوەی پێنج ساڵدا (١٠٥٠) خاڵە، ئەوەش ئەنجامی کۆی ئەوپەڕی خاڵەکانی هەر گۆڕاوێکە لێکدانی پێنج بکرێت .(x٥) (کۆی ئەوپەڕی خاڵەکان بریتییە لە: ٢٠ + ١٩ + ١٨ + ١٧... +١) ژمارەی ساڵەکانیش پێنج ساڵە. ئەمەش واتە هەر گۆڕاوێك لە دۆخی ڕەهایدا لە ماوەی پێنج ساڵدا ڕوو بدات، ئەوا ڕێژەی ناسەقامگیری لەم دۆخەدا (١٠٠٪) دەبێت.

لەبەر ئەوەی لە دۆخی ئاساییدا پلەی ڕوودانی هەر گۆڕاوێك لەگەڵ ئەوی تر جیاواز دەبێت، بە نموونە گەشەکردنی ئابووری، بۆیە لە ساڵی یەکەمدا زۆر خراپ دەبێت، بەڵام دۆخەکە لە چوار ساڵی داهاتوودا باشتر دەبێت. کەواتە کۆی خاڵەکانی ئەم گۆڕاوە دەکاتە خاڵەکانی لە ئەوپەڕیدا (x ١) (ساڵی دانەوەی قەرزەکە) + کۆی خاڵەکان لە نزمترین ئاستیدا x ساڵانی گریمانەکراوی مانەوەی دۆخەکە.

ب. ڕێژەی ناسەقامگیری لە دەوڵەتدا بریتییە لە: کۆی خاڵەکانی کاریگەری x ١٠٥٠/١٠٠.

گریمان کۆی خاڵەکانی دەوڵەتێك (٤٨٠) خاڵە، ئەوا مانای وایە ڕێژەی سەقامگیریی سیاسی لەو دەوڵەتە پاش پێنج ساڵ دەکاتە ٤٨٠ x ١٠٥٠/١٠٠ = ٤٥,٧٪.

بەگوێرەی توێژینەوە ئاییندەییەکان، وڵاتەکان لە ڕووی پلەی سەقامگیریی سیاسییەوە بە پێوانەی ڕێژەی سەدی بەم جۆرە پۆلێن دەکرێن:

لە ١٠٠٪ - ٨٥٪: دەوڵەتەکان لە دۆخی زۆر مەترسیدان.

٨٤٪ - ٧٠٪: لە دۆخی مەترسیدار تا زۆر مەترسیدان.

٦٩٪ - ٥٠٪: لە دۆخی مەترسیداری مامناوەند تا مەترسیدارن.

٤٩٪ - ٣٠٪: دەوڵەتەکان لە دۆخی مەترسیداری سادە تا مامناوەندن.

٢٩٪ - سفر: دەوڵەتەکان لە دۆخی نامەترسی تا مەترسیداری سادەن.

ئەم خشتەیەش پوختەی نموونەکەیە:

ئامانجی بیناکردنی قوتابخانەیەکی فیکریی خاوەن سروشتێکی تایبەتە، نەگەیشتووەتە ئاستی ڕسکاندنی ئامرازی میتۆدی و ئەو تەکنیکانەی کە دەکرێت مەرامەکانی پێ بەدی بهێنرێت، ئەم بابەتەش وای لە بایەخدەرانی ئەم مەیدانە کردووە ئامراز و تەکنیك لە کێڵگەکانی دیکەوە بخوازن. ئەوەی نامۆیە لەم بابەتەدا ئەوەیە زۆرێك لە تیۆریسێنان لە زانستی

| گۆڕاو | ئاستی لانی زۆر | ساڵانی لانی زۆر | ئاستی لانی کەم | ساڵانی لانی کەم | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | - + 20 | 2 (بە نموونە) | 19 | 3 | 97 |
| 2 | - + 19 | 4 (بە نموونە) | 18 | 1 | 94 |
| 3 | - + 18 | | 17 | | |
| 4 | _ + 17 | | | | |
| 5 | - + 16 | | | | |
| 20 | - + 1 | | | | |

**کۆتایی**

وادیارە توێژینەوە ئایندەییەکان وەکو ئامرازێکی پلاندانان، مەبەستی بەدیهێنانی دوو ئامانجی بنەڕەتییە: یەکەمیان خۆی لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی فیکری دەبینێتەوە کە بایەخ بە شیکردنەوە و دیاریکردنی کێشە و ئاڵنگارییەکان دەدات، کە لە داهاتوودا دووچاری پێشکەوتنی مرۆیی دەبنەوە. دووەمیش خۆی لە ئاراستەکردنی سیاسەتڤانان و ئامادەکردنیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەدیلە ئایندەییە جۆراوجۆرەکان دەبینێتەوە لە ڕێگەی چاودێریکردن و بەگەڕخستنی تواناکان و مەرجە خوازراوەکان بۆ گەیشتن بە بەدیهێنانی بەدیلی گونجاو.

لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوە ئایندەییەکان کە

سیاسیدا ئایندەناسی لە چوارچێوەی تیۆرییەکانی ڕەفتاری دروستدا پۆلێن دەکەن.

سەربارى هاتنی ئایندەناسی بۆ ناو زانستی سیاسی و سەربارى بایەخە زۆرەکەی، بەڵام هەوڵ و کۆششەکان لەم بوارەدا پێویستی بە پرۆسەی ئافراندن و ڕێکخستنی فراوان هەیە، چونکە لایەنە میتۆدییەکەی سیماکانی ڕوون نین، ئەم بابەتەش هەندێك جار بووەتە هۆی لێکدژیی تێڕوانینەکان لە بارەی بابەتێك و ناڕوونی و ئاڵۆزبوونی کە ڕێگە بە گەشەسەندنی ئەم لقە کێڵگەیە لە کێڵگەی زانستی سیاسی نادات. بۆیە وا دەردەکەوێت ئەوەی لەم بابەتەدا بەدی هاتووە، نەگەیشتووەتە ئاستی تیۆری، هێشتا لە قۆناغی پێش تیۆریدایە.

# دیموکراسییە سەرکەوتووەکەی عێراق کە نادیدە گیراوە

نووسەر: فەرید زەکەریا | وەرگێڕان: پەرۆش محەمەد



چەند هەفتەیەکی کەم دوای کەوتنە تراژیدییەکەی ئەفغانستان، ڕووداوێکی گرنگ ڕووی دا لەو وڵاتەی تر کە ئەمەریکا لە ماوەی ڕابردوودا ئەزموونی بونیادنانی دەوڵەتی تێدا تاقی کردەوە: عێراق هەڵبژاردنی ئەنجام دا کە بەزۆری ئازاد و دادپەروەرانە بوو. گەر ئەم پرۆسەیە ببێتە هۆی دروستبوونی حکومەتێکی نوێ، ئەوا ئەمە شەشەم جارە لە (٢٠٠٣)ەوە کە گواستنەوەیەکی ئاشتییانەی دەسەڵات ڕوو دەدات. هەر چەندە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکەدا زۆر کەم بوو، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە نیشانەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ بەرەوپێشچوون. بەرپرسێکی گەورەی عێراقی وەکوو "زەمینلەرزەیەکی سیاسی" وەسفی کرد لەلای من.

هەژدە ساڵ دوای ئەوەی ئەمەریکا عێراقی داگیر کرد، کە سەردەمی ئاژاوە و شەڕی ناوخۆ و سەرهەڵدانی داعشی بەدوادا هات، سیستمی دیموکراسیی عێراق بەرگەی گرتووە. هەڵبژاردن بووە بە ڕۆتین. پارتە سیاسییەکان پێشبڕکێ دەکەن. بە ئەندازەیەکی کەم؛ فرەیی میدیا و دەسەڵاتێکی دادوەریی خاوەن بڕیار هەیە (هەر چەندە بەپێی ستانداردەکانی ڕۆژئاوا ئازاد و سەربەخۆ نییە، بەڵام بەرەوپێشچوونی پێوە دیارە). بۆ نموونە؛ کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە لە دادوەران پێک هاتووە، بێلایەن و کاریگەرە.

بەرپرسە باڵاکەی عێراق ئەنجامەکانی بە

**"**

## براوەی گەورە لەم هەڵبژاردنەدا موقتەدا سەدرە کە مەرجەعێکی ئایینیی رادیکاڵی توندی دژەئەمەریکایە و میلیشیاکەی شەڕی هێزەکانی ئەمەریکای لە ڕابردوودا کردووە

زەمینلەرزەی سیاسی ناو برد، لەبەر ئەوەی بە "شکستی میلیشیا و سەرکەوتنی حکومەتی عێراقی" وەسفی کرد. دوای ئەوەی سوپای عێراق لە سەرەتای داگیرکردنەکەی (٢٠٠٣) ەوە تواوەوە، کەسانی خاوەن دەسەڵات و پارتە سیاسییەکان میلیشیای چەکداریی خۆیان دروست کرد. بە تێپەڕینی کات، میلیشیا شیعییەکان دەسەڵاتیان بەهێز بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی داوایان لێ کرا دژی داعش شەڕ بکەن، دواتر بوون بە دەوڵەتی تەریب بۆ خۆیان. زۆریان پەیوەندیی نزیکیان بە ئێرانەوە هەبوو. بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا ئەو پارتانەی میلیشیایان هەیە، کورسییەکانیان لە (٤٥)ەوە بوو بە کەمتر لە (٢٠).

دووەم کاریگەریی زەمینلەرزەئاسای هەڵبژاردنەکە، هەڵکشانی بەشداریی سوننەکانە. سوننەکان کە گرووپێکی کەمینەن لە عێراقدا، لە سیستمی سیاسیدا

**"ئێمه‌ی عێراقی فێر بووین هیچ ڕێگایه‌کمان نییه‌ له‌وه‌ زیاتر که‌ جیاوازییه‌کانمان له‌ ڕێگای سیاسه‌ته‌وه‌ مومارەسه‌ بکه‌ین، متمانه‌ به‌ هه‌ڵبژاردن بکه‌ین و له‌سه‌روو هه‌موو شتێکه‌وه‌ مساوه‌مه‌، مساوه‌مه‌، مساوه‌مه‌ بکه‌ین."**

ناکاریگه‌رترین گرووپ بوون. ئه‌وان له‌ ده‌نگداندا ڕه‌شبین و ناڕازی ماونه‌و، له‌ ڕابردوودا چه‌ندین جار ڕووبه‌ڕووی ده‌وڵه‌ت وه‌ستاونه‌ته‌وه‌، به‌ڵام ئه‌م جاره‌ ده‌نگیان دا و سه‌رکه‌وتوو بوون له‌وه‌ی که‌ ده‌نگه‌کانیان له‌ چه‌ند پارتێکی که‌مدا کۆ بکه‌نه‌وه‌. پێگه‌ی ئه‌لمۆنیته‌ر لای وایه‌ ئه‌گه‌ر چه‌ند که‌سێک له‌م سه‌رکردانه‌ پێکه‌وه‌ کۆ ببنه‌وه‌، گرووپی یه‌کگرتووی سوننه‌ ده‌توانن ٥٠ کورسییان هه‌بێ له‌ ٣٢٩ کورسییه‌که‌ی په‌رله‌مانی عێراق که‌ ئه‌مه‌ش ده‌سه‌ڵاتی سیاسیی زیاتریان پێ ده‌دات له‌وه‌ی که‌ سوننه‌ له‌ (٢٠٠٣)ه‌وه‌ هه‌یانبووه‌.

براوه‌ی گه‌وره‌ له‌م هه‌ڵبژاردنه‌دا موقته‌دا سه‌دره‌ که‌ مه‌رجه‌عێکی ئایینیی رادیکاڵی توندی دژه‌ئه‌مه‌ریکایه‌ و میلیشیاکه‌ی شه‌ڕی هێزه‌کانی ئه‌مه‌ریکای له‌ ڕابردوودا کردووه‌، به‌ڵام له‌ ئێستادا سه‌در گۆڕانکاریی له‌ خۆیدا کردووه‌ و بووه‌ به‌ یاریکه‌رێکی سیاسی که‌ له‌ سیستمی سیاسیی عێراقدا کار ده‌کات.
هه‌ڵکشانی له‌ ده‌سه‌ڵاتدا، وای لێ ده‌کات هه‌ندێ له‌ میلیشیاکانی لا ببات و به‌هێزتر پشتگیریی حکومه‌ت بکات.

ئه‌وه‌ی سه‌رنجڕاکێشه‌ که‌ سه‌در له‌م هه‌ڵبژاردنه‌دا سه‌ر که‌وت له‌ ڕێگای ڕێکخستنێکی ته‌قلیدییه‌وه‌ که‌ پشتی به‌ پشتیوانانی ده‌به‌ست و له‌ هه‌مان کاتدا ستراتیژێکی زیره‌کانه‌ی بۆ په‌یوه‌ندیکردن هه‌بوو. حیزبه‌که‌ی یاسای نوێی هه‌ڵبژاردنی به‌ شێوه‌یه‌کی کاریگه‌ر به‌کار هێنا و به‌رنامه‌یه‌کی مۆبایلی دانا که‌ به‌ ده‌نگده‌رانی ده‌گوت که‌ی و له‌ کوێ ده‌نگ بده‌ن، به‌م شێوه‌یه‌ ده‌نگه‌کانی باش دابه‌ش کرد بۆ ئه‌وه‌ی زۆرترین ئه‌ندامپه‌رله‌مانی سه‌ر بکه‌وێت. سه‌در له‌ شۆڕشگێڕێکی یاخییه‌وه‌ سه‌ری هه‌ڵدا و ئێستا ورده‌ ورده‌ ڕۆڵی سه‌رۆکێکی زیره‌ک ده‌بینێ بۆ حیزبێک.

سێیه‌م ده‌رئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌که‌ ئه‌وه‌یه‌ سه‌ره‌ڕای کاریگه‌ریی سیاسی، ئایینی و سه‌ربازیی ئێران له‌ عێراقدا، که‌چی حیزبه‌

نزیکەکان لە ئێرانەوە سەر نەکەوتن. بەرپرسە باڵاکەی عێراق گوتی: "هەر چییەک دەڵێن لە بارەی موقتەدا سەدرەوە، ئەوە ڕوونە کە ناسیۆنالیستێکی عێراقییە کە حەزی لە هیچ دەستتێوەردانێکی دەرەکی نییە لە هەر لایەکەوە بکرێت لە وڵاتەکەدا".

لە بەرپرسەکەم پرسی هۆکاری ئەم سەرکەوتنە ڕێژەییەی عێراق چییە (ئەو بەڕاستی یەکەمین کەسە دان بەوەدا بنێت کە سەرکەوتنەکە ڕێژەیی و قابیلی گۆڕانە)، ئەو ئاماژەی بە دوو فاکتەری گەورە کرد: یەکەم: لەدوای شکستی سیاسەتە بەراییەکانی ئەمەریکا لە عێراق، هەوڵی زۆر دران بۆ ئەوەی هەموو گرووپەکان بەشداری پێ بکەن لە سیستمە سیاسییەکەدا. "یەکێ لە سەرکەوتنەکانی ئەو کاتە کە لەلایەن دەیڤد پەترایۆس و جەی ئۆدێرنۆوە ڕابەرایەتی کرا، بۆ ئەوە بوو کە زۆرینەی میلیشیا سوننەکان بهێننەوە ناو سیاسەت"، بەرپرسەکە وای گوت. ئەم هەوڵە سیاسییە زۆر جیاوازە لەو سیاسەتەی لە ئەفغانستان گیرایە بەر کە هەر لە سەرەتاوە هەموو بەشدارییەکی تاڵیبانی لە سیستمی سیاسیدا ڕەت دەکردەوە. فاکتەری دووەم: بە باوەڕی بەرپرسەکە، جەنگی دژی داعش بوو. بەرپرسەکە گوتی: "ئەو جەنگە بەڕاستی وڵاتەکەی پێکەوە کۆ کردەوە". هەروەها ئەوەشی گوت کە: "عێراق هەمیشە هەستێکی هەبووە کە نەتەوەیەک و دەوڵەتێکە، بەڵام ئەم جەنگە ئەوەی قووڵتر کردەوە، لە کاتێکدا سەرکەوتنیشمان بەدەست هێنا، ئەوە شانازییەکی بە هەموومان بەخشی."

بەرپرسە باڵاکەی عێراق ئاگاداری کردینەوە کە دیموکراسیی عێراق ناسکە. گەندەڵی یاساییبوونی حکومەت و سیستمە سیاسییەکەی خستووەتە ژێر پرسیارەوە. ئەو وتی لە ئێستادا ئاڵنگارییە هەنووکەییەکە ئەوەیە کە "دۆڕاوەکانی هەڵبژاردنەکە دۆڕان قبووڵ بکەن و پەنا نەبەن بۆ توندوتیژی یان ڕێگای نادەستووری". هەر چەندە ئەو ئاماژەی باش دەبینێت: "ئێمەی عێراقی فێر بووین هیچ ڕێگایەکمان نییە لەوە زیاتر کە جیاوازییەکانمان لە ڕێگای سیاسەتەوە مومارەسە بکەین، متمانە بە هەڵبژاردن بکەین و لەسەرروو هەموو شتێکەوە مساوەمە، مساوەمە، مساوەمە بکەین."

دۆڕاوەکان دەبێ دۆڕانەکەیان قبووڵ بکەن و حیزبەکانیش هەموو مساوەمە بکەن. کێ دەیەیەک لەمەوبەر دەیتوانی وێنای ئەوە بکات کە سیاسەتی عێراق ڕەنگە هەندێ وانەی بەسوود پێشکەش بکات بۆ دیموکراسی لە ئەمەریکا؟

سەرچاوە:

https://www.washingtonpost.com/opinions/2021/10/14/underappreciated-success-iraqi-democracy/

# ڕوونکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق

**نووسەران: ڕیناد مەنسوور**
**توێژەرە لە بەرنامەی باکووری ئەفەریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبەری پرۆژەی دەسپێشخەریی عێراقە.**
**ڤیکتۆریا ستیوارت-جۆڵی**
**بەڕێوەبەری پەیمانگای پەروەردەی بەردەوامە لە زانکۆی کامبریج.**

**وەرگێڕان: پەرۆش محەمەد**

سەرچاوە: چاتام هاوس
https://www.chathamhouse.org/2021/10/explaining-iraqs-election-results

پەیمانگایەکی سیاسیی سەربەخۆیە و دیدار و کۆبوونەوە بۆ دیبەیت و گفتوگۆ ڕێك دەخات. بنکەی سەرەکیی لە لەندەنە و بە پەیمانگای شاهانە ناسراوە بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی. ئامانجی ئەوەیە لێدوان و شیکردنەوە بۆ ڕووداوە گرنگەکانی جیهان بکات.



هەر چەندە دەرئەنجامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە گۆڕانکاری ڕووی داوە لە پاڵپشتیی سیاسیدا، بەڵام جیاوازییەکی ڕوون هەیە لەنێوان دەنگەکان و دابەشبوونی دەسەڵاتدا.

چەندان چیرۆکی گەورە لە هەڵبژاردنەکەی عێراقەوە دەرکەوتن کە شەشەمین جارە ئەنجام دەدرێت لەدوای داگیرکردنی عێراقەوە لەلایەن ئەمەریکاوە لە ٢٠٠٣. بەفەرمی ٣٦٪-ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە؛ بەشداریی هەڵبژاردنەکەیان کردووە، کە ئەمەش کەمترینە لە مێژووی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وڵاتەکەدا لەدوای ٢٠٠٣-ەوە. سیستمێکی سیاسی کە نوخبەیەکی سیاسیی گەندەڵی کردووە بە ماڵ بەسەر خەڵکەوە، زۆرینەی عێراقییەکانی نائومێد کردووە و ئەم بەشدارییە کەمەش چاوەڕوانکراو بوو کە لە هەر هەڵبژاردنێکدا ژمارەیەکی کەمتری خەڵکی دەنگ دەدەن.

سەرکەوتنە ڕێژەییەکەی موقتەدا سەدریش سەرسوڕهێنەرە کە ژمارەی کورسییەکانی لە (٥٤)ەوە لە هەڵبژاردنی پێشوودا بەرز کردەوە بۆ (٧٣) بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان، ئەویش لە کاتێکدا ڕکابەرە سەرەکییەکەی لە هەڵبژاردنەکەی پێشوودا کە فەتحە و نوێنەرایەتیی حەشدی شەعبی دەکات، کورسییەکانی لە (٤٨)ەوە کەم بووەتەوە بۆ تەنها (١٦).

ئەم دەرئەنجامە نیشانی دەدات کە جەماوەری سەدرییەکان زیادی کردووە لە کاتێکدا پاڵپشتیی فەتح کەمی کردووە، بەڵام کۆی دەنگەکان چیرۆکێ ترمان پێ دەڵێت. هەر چەندە سەدرییەکان ڕکابەرەکەیان لە ژمارەی کورسیدا تێپەڕاندووە، بەڵام هەردوو لا هەمان ژمارەی دەنگیان هێناوە. لە ڕاستیدا بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان فەتح و هاوپەیمانەکانی دەنگی زیاتریان هێناوە لە سەدرییەکان، بەڵام کورسیی کەمتریان بەدەست هێناوە. فەتح بەمەزەندەکراوی ٦٧٠ هەزار دەنگی بەدەست هێناوە، لە کاتێکدا سەدرییەکان ٦٥٠ هەزاریان هێناوە.

ئەم دژیەکییە لایەنێکی گرنگی یاسا نوێیەکەی هەڵبژاردن کە لە ٢٠١٩ دەرکراوە؛ دەردەخات. هەروەکوو وەرەقەی دەسپێشخەریی عێراقی چاتام هاوس بەم دواییە نیشانی دەدات یاسا نوێیە کارپێکراوەکە بە مەبەستی ئەوە دانراوە کە پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ڕوونتر دروست بکات، بەوەی کە چیتر پێویست نەکات بە ئالگۆریتمە ئاڵۆزەکانی تەرخانکردنی کورسی و پەیوەندییەکی نزیکتریش دروست بکات لەنێوان دەنگدەر و نوێنەرەکەیدا، ئەم یاسا نوێیە کە دەنگی تاکی نەگوازراوەیە، بە سیستمی "FPTP" کار دەکات و ئەمیش سیستمێکە دەنگدەر تێیدا تەنها دەنگ بە یەک کاندید دەدات.

**ستراتیژیەتێکی هەڵبژاردن کە بەوریاییەوە دانراوە**

وەکوو ئەم هەڵبژاردنە نیشانی دا، یاسا نوێیەکە دوو لایەنی هەیە؛ دەنگی بەفیڕۆچوو لەگەڵ پێویستیی حیزبەکانیش بەوەی بەوریاییەوە ستراتیژەکانیان دابڕێژن بۆ سەرکەوتن لە سندووقەکانی دەنگدان.

لە سایەی یاسا کۆنەکەی نوێنەرایەتیی لیستی کراوە یان داخراودا، ئەو دەنگانەی بۆ کاندیدێک دەهاتن دابەش دەکران بەسەر کاندیدەکانی تر لە هەمان حیزب. واتە ئەگەر ٥٠٠٠ دەنگ پێویست بن بۆ بردنەوەی کورسییەک و کاندیدێک ١٠٠٠٠ دەنگ بهێنێت، ئەوکات ٥٠٠٠ دەنگە زیادەکە دابەش دەکرێتەوە بۆ ئەوەی "کاندیدی B" هەڵبژێردرێت.

بەپێی یاسا نوێیەکە، هەموو (١٠٠٠٠) دەنگەکە لای "کاندیدی A" دەمێنێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوونی ژمارەیەکی زۆری دەنگ، هەر ئەمەش بوو کە بەسەر فەتح هات. شکستی فەتح لەوەی بەدروستی هەڵسەنگاندن بۆ ئەو چوارچێوە بکات یاسای نوێی هەڵبژاردن سەپاندبووی، هۆکاری ئەوە بوو کە فەتح کورسیی کەمتری هێنا لە سەدرییەکانی ڕکابەریان، هەر چەندە هەمان ڕێژەی دەنگیان هەبوو.

سەدرییەکان کاریگەرانە یارییان لەگەڵ یاسا نوێیەکەی هەڵبژاردن کرد، بەدروستی پێشبینیی پاڵپشتیی دەنگدەرانی خۆیان لە هەر بازنەیەکدا کرد و ژمارەیەکی دروستی کاندیدیان بەربژێر کرد بۆ ئەوەی خۆیان هەڵبژێرن، پاشان دەنگدەری خۆیان قەناعەت پێ کرد کە دەنگەکانیان بە یەکسانی بەسەر کاندیدەکاندا دابەش بکەن.

سەدرییەکان هەروەها تۆڕێکی وردیان بە ئۆنلاین و لەسەر شەقامیش هەبوو، وەکوو بەرنامەی مۆبایل کە شوێن و زانیاریی وردی هەر ناوچەیەکی تێدا بوو، گرووپی سۆشیالمیدیا بۆ هەر بازنەیەک و دابینکردنی خەڵکی بۆ بەدەستهێنانی کورسی نەک تەنها زیادکردنی دەنگ.

بەپێی یاسا کۆنەکانی هەڵبژاردن، لەو ناوچانەی حیزبەکان پێیان وا بوو ئاستی پشتیوانییان زۆر بەرزە، ستراتیژە ڕوونەکە ئەوە بوو کە کاندیدی زۆر بەربژێر بکەن و بەم شێوە کورسیی زۆر ببەنەوە. بەڵام بەپێی یاسا نوێیەکە، ئەم ستراتیژە بەپێچەوانەوە خراپ دەشکێتەوە، چونکە کاتێک چەند کاندیدێک لە هەمان هاوپەیمانی کێبڕکێ دەکەن بۆ دەنگ لە ناوچەیەک، مەترسیی ئەوە هەیە هیچیان دەنگی پێویست بەدەست نەهێنن بۆ دەرچوون و ببێتە هۆی بەفیڕۆچوونێکی گشتی بۆ هەموو هاوپەیمانییەکە.

ئەمە ئەوەیە کە لە بازنەی یەکی قادسیە ڕووی دا کە سەدرییەکان یەک کاندیدی پیاویان دانا و زۆرترین ژمارەی دەنگی هێنا. سەدرییەکان بە هەمان شێوە یەک کاندیدی ژنیشیان دانا کە کورسیی کۆتای ژنانیشی مسۆگەر کرد. حیزبەکانی تر کاندیدی زۆریان بەربژێر کرد و هیچیان دەنگی پێویستی بەدەست نەهێنا بۆ بردنەوەی کورسییەک.

ئەو حیزبانەی کە جەخت دەکەنەوە لەسەر یەک کاندید، لە هەر بازنەیەکدا ئەگەری بەفیڕۆچوونی دەنگ کەم دەکەنەوە، بەڵام ئەمەش دیسان بە مانای ئەوە دێت کە شکست دێنن لەوەی کورسیی زیاتر مسۆگەر بکەن لەو ناوچانەی پشتیوانییان زۆرە. بۆ نموونە: لە بازنەی یازدەی کەرخی بەغدا، عەلی نوسەیفی کاندیدی دەوڵەتی یاسا زیاتر لە ٢٠٠٠٠ دەنگی هێناوە، بە ٨٠٠٠

دەنگ پێش دووەم کاندیدی سەرکەوتووی هەمان بازنە کەوتووە، لە کاتێکدا ئەم دەنگە زیادانە دەیتوانی کورسیی دووەم بۆ دەوڵەتی یاسا مسۆگەر بکات ئەگەر ستراتیژیانە بەکار بهێنرایە.

بەم شێوەیە هەر چەندە وەها دیارە کە سەدرییەکان و فەتح پشیتوانیی جەماوەریی جیاوازیان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەنجامەکان وردی و لێزانیی مەکینەی هەڵبژاردنی سەدرییەکان و ئاڵنگارییەکانی یاسا نوێیەکەی هەڵبژاردن نیشان دەدەن.

ئەو لیستانەی یەکگرتوون وەکوو دەوڵەتی یاسای مالیکی و پارتی دیموکراتی کوردستان، باشتر دەتوانن یاری لەگەڵ ئەم ستراتیژە نوێیەدا بکەن. بەڵام فەتح لە حیزبی ڕکابەری وەکوو بەدر، سادیقوون و سەنەد پێک هاتووە. هەر حیزبێک دەیویست لەژێر لیستی فەتحدا کار بۆ کاندیدەکەی خۆی بکات و ئەمەش بوو بە هۆی بەفیڕۆچوونی دەنگەکان.

## کاتی دانوستانە بۆ هاوپەیمانییەکی تر

هەروەکوو وەرەقەی دەستپێشخەریی ئەم دواییەی عێراق نیشانی دەدات ئەنجامەکانی هەڵبژاردن تاکە فاکتەر نین کە کاریگەرییان هەیە لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، چونکە ڕاستە سەدرییەکان زۆرترین کورسییان بردووەتەوە، بەڵام ئێستا پێویستە دانوستان بکەن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەک.

لە هەڵبژاردنەکانی پێشتردا ئەم پرۆسەیە بووەتە هۆی حکومەتی تەوافوقی کە هەمان حیزبەکانی ئێستای بەشدار لە حکومەتدا بەشداری دەکەنەوە بەبێ گوێدان بە سەرکەوتن لە سندووقەکانی دەنگداندا. لە کاتێکدا فەتح هەندێ دەسەڵاتی سیاسیی لەدەست داوە، بەڵام هێشتا دەسەڵاتی خۆسەپاندنیان ماوە و لەوە دەچێت کاریگەرییان لە دروستکردنی حکومەتدا لەوە زیاتر بێت کە ژمارەی کورسییەکانیان ئاماژەی پێ دەکات.

بەڵام ئەم ڕێژە زۆرەی دەنگی بەفیڕۆچوو کاریگەریی لەسەر دەنگدەران نابێت. لە سیاقێکدا کە بەشداربوون لە هەڵبژاردندا کەمە، ئەو حیزبە دامەزراوانەی کە بنکەیەکی جەماوەری و سەرکردایەتییەکی ئەقڵانییان هەیە؛ کورسیی زیاتریش دەبەنەوە، بەڵام ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە لە حکومەتدا کاریگەریی زیاتریان هەبێت؟ ئەمە دەبێ چاوەڕوان بین و ببینین.

عێراق کۆمەڵێ یاسای هەڵبژاردنی گۆڕیوە و هەر چەندە ئەمە گۆڕانکاریی لە شێوازی دابەشبوونی کورسییەکاندا کردووە، بەڵام لە کۆتاییدا هەمان کۆمەڵە حیزب کۆ دەبنەوە بۆ بەشکردنی کێکی دەسەڵات و حکومەت، بەبێ گوێدان بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن. هەر بۆیە شتێکی سەیر نییە کە زۆرینەی عێراقییەکان پێیان وایە هەڵبژاردن زیاتر ڕێگایەکە بۆ ئەوەی نوخبەکان لێوەی دووبارە دانوستان لەسەر پەیمانی دەسەڵاتی خۆیان بکەنەوە، نەک بۆ ئەوەی دەنگدەری عێراقی تووڕەیی خۆی تێدا دەربڕێت یان فشارێک بکات بۆ چاکسازی.

ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئایندەیی

# دۆخی چاکسازیی گەوران

## چارەسەر یان تووشبوون؟

ئامادەکردن: هەستیار عەلی سەعید

توێژەری دەروونی لە چاکسازی گەورانی سلێمانی



لە سەدەکانی ڕابردوودا لە ڕۆژئاوا و لە چەند دەیەی ڕابردووشدا لە ڕۆژهەڵات، زیندانەکان تاکە شوێنی قوربانی و تاوانباران بوون. ئەو کەسانەی سزا دەدران و دەخرانە زیندانەکانەوە، تا ڕۆژی ئازادبوونیان بەبێ هیچ چاکسازی و هەوڵێکی شیاندنەوە دەهێڵرانەوە، بەم جۆرەش زیندان نەک هۆکاری گۆڕین و چاکسازیکردن نەبوو لەم کەسانەدا، بەڵکوو بارودۆخی خراپتر دەکردن و بەبێ هیچ گۆڕانکارییەکی باش دەگەڕانەوە نێو کۆمەڵگە و دەبوونە مەترسییەکی گەورەتر بۆ دەوروبەریان، بەڵام دواتر و

لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و هزرییەکاندا، گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە زیندانەکاندا ڕوویان دا و چاکسازییەکان بوون بە شوێنی ڕاهێنانەوە، گۆڕان و شیاندنەوەی سزادراوان و ئامادەکردنەوەیان بۆ ژیانی نێو کۆمەڵگە. یەکێک لەو گرووپانەشی لەناو چاکسازییەکاندا کاری وردیان لەسەر کرا و هەوڵی چاکسازیکردنیان درا، بەکارهێنەر و بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان بوون.

## چاکسازییەکان، گۆڕانکارییە گەورەکە

چاکسازییەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەنگاوێکی گرنگ و بەرەوپێشچوونێکی دیار بوون بۆ گۆڕانکاری لە ڕەوشی سزادراواندا، لە کوردستانیشدا و لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵ درا چاکسازییەکان بکرێنەوە و بکرێن بە دەرگایەک بۆ ڕزگاربوونی سزادراوان و گەڕانەوەیەکی شایستە بۆ ژیانی نێو کۆمەڵگە.

لەدوای ساڵی نەوەدەکانەوە چاکسازییەکان کرانەوە، توێژەرانی دەروونی و ئیدارەی چاکسازییەکان دەڵێن هەر چەندە چاکسازییەکان وەک لایەنی لۆجستی، ئیداری و شیاندنەوەش تا ئێستا کەموکوڕیی زۆریان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕوودانی ئەم گۆڕانکارییە کە گواستنەوە بوو لەنێو زیندانەوە بۆ چاکسازییەکان، هەنگاوێکی گەورە بوو لە پڕۆسەی چاکسازی و شیاندنەوەی سزادراوان، چونکە ئیتر سزادراوان لە سووچی زیندانەوە دەرهێنران و بە ڕێز و شکۆوە ڕاهێنرانەوە بۆ ژیانێکی نوێ.

## چاکسازییەکان، چارەسەر یان کێشە؟

ئامانجی چاکسازییەکان؛ شیاندنەوەی سزادراوان و ئامادەکردنیانە بۆ ناو کۆمەڵگا، تا بە شێوەیەکی ورد و ڕێکخراو کار لەسەر سزادراوان بکەن، ئەمەش وەهای کردووە سەرەڕای کەموکوڕییەکان؛ چاکسازییەکان بۆ زۆرێك لە سزادراوان بە ماددە جیاوازەکان، چارەسەرە و کاریگەریی باشی هەبووە لەسەر ئامادەکردنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا. توێژەرانی دەروونی و ئیدارەی چاکسازییەکان باس لەوە دەکەن هەندێک جار چاکسازییەکانیش ناتوانن سەرکەتووبن لە ڕاهێنانەوەی سزادراوان، بەتایبەت بۆ بەکارهێنەر و بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان کە وەها مامەڵە دەکەن گۆڕاون و بوون بە خاوەن

**"**

**بەم بارودۆخەی ئێستاوە چاکسازییەکان ناتوانن ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن لە چاکسازیکردن لە سزادراواندا و گەڕاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا و نەگەڕاندنەوەیان بۆ دۆخی پێشوویان**

کەسایەتییەکی نوێ، بەڵام گەرەنتیی تەواو نییە دوای ئازادبوونیان نەگەڕێنەوە سەر بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان. بە بۆچوونی توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ناو چاکسازییەکانیش هۆکاری ئەوەی وەها خۆیان دەردەخەن وازیان لەم ماددانە هێناوە ئەوەیە کە لەناو چاکسازییەکان زۆر بەزەحمەت یاخود هەر دەستی ناکەوێت، هەر بۆیە بەشێکی زۆریان لەنێو چاکسازی نایکێشن، بەڵام کاتێک لە چاکسازی دەردەچن و ئازاد دەبن؛ دەست پێ دەکەنەوە.

بەپێی دوایین ئامار لە چاکسازیی گەورانی سلێمانی، ٨١ کەس بەپێی مادەی (٢٦ - ١/١٤) و بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر سزا دراون، ١٥٠ کەسیش بەپێی ماددەی (٣٠ - ٢/١٤) بە تۆمەتی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان سزا دراون و ١١٦ سزادراوی گەڕاوە هەیە کە پێشتر بە تۆمەتی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر سزا درابوون و دوای ئازادبوونیان دیسانەوە دەستیان کردووەتەوە بە بازرگانیکردن و بەکارهێنانەوەی ماددەی هۆشبەر و دەستگیر کراونەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەم بارودۆخەی ئێستاوە چاکسازییەکان ناتوانن ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن لە چاکسازیکردن لە سزادراواندا و گەڕاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا و نەگەڕاندنەوەیان بۆ دۆخی پێشوویان.

**چاکسازییەکان و سزادراو**

توێژەرانی نێو چاکسازییەکان دەڵێن چاکسازییەکان ڕۆڵیان هەیە لە دووبارە شیاندنەوەی سزادراوان و ڕێنماییکردنیان بۆ نێو کۆمەڵگا، بەڵام بۆ هەموو ماددەکان وەك یەك نییە، بۆ نموونە بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان بەتەنها سزادانیان و دانانیان لە چاکسازییەکان؛ یارمەتیدەریان نابێت بۆ دوورکەوتنەوەیان لە بەکارهێنانی ئەم ماددانە، بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە بۆ ئەم کەسانە پێویستمان بە سەنتەری تایبەت هەیە کە پزیشکی دەروونی، توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی، پزیشکی هەناویی تێدا بێت و شوێنی تایبەت و ژینگەیەکی لەباریش دابین بکرێت. سەرەڕای ئەمانەش، پێویستە هەموو

> **زیندانەکان بوون بە شوێن و فێرگەیەک بۆ فێربوونی تاوان و ئەو کەسانەی بە تاوانێک گیراون؛ لە زینداندا فێری تاوانێک یان زیاتر دەبن، ئەمەش وەهای کردووە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زیندانیکراوەکان پۆلین بکرێن و تێکەڵ نەکرێن**

ئەو کەسانەی لەو سەنتەرانە کار دەکەن کەسانی شارەزا و لێهاتوو بن و ڕاهێنانی تایبەتیان پێ کرابێت، بەڵام لەبەر نەبوونی ئەم مەرجانە لە کوردستان، چاکسازییەکان نایانتوانیوە بەباشی ڕۆڵیان هەبێت و مامەڵەیەکی زانستییانە بکەن و پڕۆسەی شیاندنەوە ئەنجام بدەن، ئەمە سەرەڕای چەندین کەموکوڕیی دیکەش لەنێو چاکسازییەکان وەک نەبوونی کەسی پسپۆڕ بەپێی پێویستیی چاکسازییەکان و نەبوونی شارەزایی و خولی لێهاتوویی پێویست.

**زیندانەکان وەک فێرگەی تاوان؟**

بەشێکی دیاری ئەو توێژینەوانەی لە بارەی زیندانەکانەوە ئەنجام دەدرێن، باس لەوە دەکەن کە زیندانەکان بوون بە شوێن و فێرگەیەک بۆ فێربوونی تاوان و ئەو کەسانەی بە تاوانێک گیراون؛ لە زینداندا فێری تاوانێک یان زیاتر دەبن، ئەمەش وەهای کردووە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زیندانیکراوەکان پۆلین بکرێن و تێکەڵ نەکرێن، بەڵام لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان تا ئێستا ئەم کێشەیە بەتەواوی چارەسەر نەکراوە و بە هۆی زۆریی ژمارەی سزادراوەکان، قەرەباڵغیی زیندانەکان، پۆلێننەکردن و جیانەکردنەوەیان بەپێی تاوانەکان؛ سزادراوەکان هێشتا تێکەڵ بە یەکتر کراون، ئەمەش وای کردووە زیندان ببێت بە شوێنی فێربوونی تاوانی نوێ بۆ سزادراوان. لە ئێستادا لە چاکسازیی گەورانی سلێمانی، بەپێی

> **لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان بە هۆی زۆریی ژمارەی سزادراوەکان، قەرەباڵغیی زیندانەکان، پۆلێننەکردن و جیانەکردنەوەیان بەپێی تاوانەکان؛ سزادراوەکان هێشتا تێکەڵ بە یەکتر کراون، ئەمەش وای کردووە زیندان ببێت بە شوێنی فێربوونی تاوانی نوێ بۆ سزادراوان**

پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، پڕۆسەی پۆلێنکردن بۆ سزادراوان ئەنجام دراوە و سزادراوان بەپێی کەیسە جیاوازەکان لە یەکتر جیا کراونەتەوە و سزادراوانی هەر ماددەیەک لە هۆڵی جیاوازدان، بەڵام هەندێک جار و بەناچاری سزادراوەکان تێکەڵ دەکرێن و ئەمەش مەترسیی فێربوونی تاوانی نوێ؛ گەورە دەکات.

لە ڕابردوودا لەبەر خراپیی بینای چاکسازییەکان و زۆریی ژمارەی سزادراوان، زۆربەی سزادراوان تێکەڵ بوون، بەڵام ئێستا ئەو تێکەڵکردنە نەماوە یاخود زۆر کەمە، ئەمەش وەهای کردووە ژمارەیەکی کەمی سزادراوانی ماددە هۆشبەرەکان لەنێو چاکسازی فێری تاوانی تر و ماددەی هۆشبەر بووبن.



## چاکسازییەکان شوێنی بەکارهێنان و ساغکردنەوە و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرن؟

بوونی ماددە هۆشبەرەکان لەنێو چاکسازییەکاندا گرفتی گەورەی زۆربەی چاکسازییەکانی جیهانە و چەندین ڕێگەی جیاواز گیراوەتە بەر بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە، بەڵام هێشتا نەتوانراوە وەک پێویست کۆنترۆڵ بکرێت و ئەم حاڵەتەش لە کوردستان بە هەمان جۆرە، هەر چەندە لە ئێستادا بەپێی ئەو سیاسەتەی گیراوەتە بەر، توانراوە بە ئاستێکی زۆر بەرز کۆنترۆڵ بکرێت. سیاسەتەکەش بریتییە لەوەی بەبێ ئاگاداری و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و کتوپڕ، لە هەر هۆڵێکی ماددەی هۆشبەر سزادراوێک هەڵدەبژێردرێت و خوێن و میزی لێ وەردەگیرێت، دواتر دەبرێت بۆ پشکنین، ئەم ڕێگەیەش وا لە سزادراو دەکات خۆی بەدوور بگرێت لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، چونکە ئەگەر پشکنینەکەی پشتڕاستی بکاتەوە بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرە، ئەوا بێبەش دەکرێت لە زۆربەی ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی کە هەیەتی.

### سزادراو بەرەو مادەی هۆشبەر

بەشێکی زۆری ئەو سزادراوانەی کە سزا دەدرێن و دەکەونە ناو چاکسازییەکانەوە، یەکێك لە هۆکارەکانیان خراپیی بارودۆخی داراییانە، بۆیە ئەگەر لەنێو چاکسازییەکاندا

ده‌ست به بازرگانیکردن به ماده‌ی هۆشبه‌ره‌وه بکه‌ن؛ ڕووداوێکی چاوه‌ڕوانکراوه و هه‌وڵ ده‌درێت ڕێگری له‌ ڕوودانی بکرێت، به‌ڵام به‌پێی ئاماره‌ به‌رده‌سته‌کان ئێستا مامه‌ڵه‌کردن به‌ ماده‌ی هۆشبه‌ر له‌ناو چاکسازیی سلێمانیدا نییه‌ و ئه‌گه‌ر هه‌شبێت زۆر که‌مه‌ و زۆر به‌نهێنی ده‌کرێت. توێژه‌رانی ناو چاکسازیی گه‌ورانی سلێمانی ده‌ڵێن به‌شێکی که‌م له‌ سزادراوان له‌به‌ر خراپیی بارودۆخی ده‌روونی و کۆمه‌ڵایه‌تی به‌رگه‌ی دۆخی ناو چاکسازی و زیندان ناگرن و ئالووده‌ی مادده‌ هۆشبه‌ره‌کان ده‌بن، به‌ڵام ڕێژه‌که‌ زۆر که‌مه‌، زۆربه‌ی هه‌ره‌ زۆری سزادراوانیش په‌شیمانن له‌و بارودۆخه‌ی تێی که‌وتوون و به‌دوای ڕێگه‌یه‌کدا ده‌گه‌ڕێن

**"**

**به‌شێکی که‌م له‌ سزادراوان له‌به‌ر خراپیی بارودۆخی ده‌روونی و کۆمه‌ڵایه‌تی به‌رگه‌ی دۆخی ناو چاکسازی و زیندان ناگرن و ئالووده‌ی مادده‌ هۆشبه‌ره‌کان ده‌بن، به‌ڵام ڕێژه‌که‌ زۆر که‌مه‌، زۆربه‌ی هه‌ره‌ زۆری سزادراوانیش په‌شیمانن له‌و بارودۆخه‌ی تێی که‌وتوون**

ڕزگاریان ببێت و ته‌نانه‌ت زۆرێک له‌ سزادراوان داوا ده‌که‌ن به‌یه‌که‌وه‌ نه‌بن و جیا بکرێنه‌وه‌.

### چاکسازییه‌کان، ڕزگارکردنی بازرگان و ئالووده‌بووه‌کان

مادده‌ی هۆشبه‌ر که‌ به‌ تیرۆری سپی ئه‌ژمار ده‌کرێت، له‌ ئێستادا له‌سه‌ر ئاستی جیهان به‌ گرتنه‌به‌ری چه‌ند ڕێگه‌ و میکانیزمێک و خه‌رجکردنی توانایه‌کی مرۆیی و ماددیی گه‌وره‌؛ هه‌وڵی بنبڕکردن و که‌مکردنه‌وه‌ی ده‌درێت، به‌ڵام ئه‌م هه‌وڵانه‌ له‌ ئاستی مه‌ترسیداریی مادده‌که‌ و زۆریی به‌کارهێنه‌ر و بازرگانه‌کاندا نین، به‌تایبه‌ت له‌نێو چاکسازییه‌کاندا هه‌وڵدان بۆ دوورکه‌وتنه‌وه‌ی سزادراو له‌ به‌کارهێنانی مادده‌ی هۆشبه‌ر به‌ شێوه‌یه‌کی زانستی زۆر که‌مه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئه‌وه‌ی له‌ چاکسازییه‌کاندا ده‌کرێت تا ئاستێکی باش کاریگه‌ریی هه‌بووه‌، چونکه‌ کاری زۆر کراوه‌ له‌سه‌ر به‌رزکردنه‌وه‌ی ئاستی هۆشیاریی سزادراو و تێگه‌یاندنیان له‌ زیانه‌کانی مادده‌ی هۆشبه‌ر و زۆربه‌ی کات هه‌وڵ دراوه‌ به‌شێکی زۆری ئه‌و سزادراوانه‌ی به‌کارهێنه‌رن بخرێنه‌ به‌ر خوێندن و ئیمتیازاتیان پێ بدرێت له‌به‌رامبه‌ر دوورکه‌وتنه‌وه‌یان له‌ مادده‌ی هۆشبه‌ر، هه‌ر بۆیه‌ چاره‌سه‌رییه‌کان بۆ بازرگانه‌کان زۆر ئاسانتره‌ وه‌ک له‌ به‌کارهێنه‌ره‌کان.

## هۆکارەکان

بەپێی ئەو گفتوگۆیانەی لەنێوان توێژەرانی چاکسازییەکان و بەکارهێنەر و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان ئەنجام دراوە، هۆکارەکانی تووشبوون و بازرگانیکردنی بە مادده هۆشبەرەکان جیاوازن کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- بەشێکیان وا تێگەیشتوون مادده هۆشبەرەکان بۆ سێکس گرنگە، جەستەیەکی بەهێزت پێ دەدات، وزەیەکی زۆرترت پێ دەدات و دەتوانی زیاتر کار بکەیت.
- هۆکارە بۆ چارەسەری کێشەکان.
- بوونی کاتی زۆر و بێکاری و تێکەڵبوون لەگەڵ تووشبووان و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان.
- خراپیی بارودۆخی دارایی.
- بۆ خۆشی و چێژ، تاقیکردنەوە و سەرکێشی، گەشتکردن.
- نزمیی ئاستی هۆشیاری.
- ژینگە.

زۆربەی سزادراوانی چاکسازی دەڵێن ئەو ماددانەی بەکاریان هێناوە؛ جۆربەجۆر بوون و جۆری ماددەکان لە سزادراوێکەوە بۆ سزادراوێکی دیکە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو ماددانەی کە بەکاریان هێناوە؛ بریتین لە: حەشیش، کراک، هێرۆیین، تلیاک، کریستاڵ، بەکارهێنانی بەشێك لە چارەسەرە دەروونییەکان بەبێ ڕاوێژی پزیشک... هتد.

## چارەسەر

توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی ناو چاکسازیی گەورانی سلێمانی دەڵێن، پێویستە پلانی چارەسەری گونجاو بۆ بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر بگیرێتە بەر، بەڵام پێش ئەوە پێویستە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان مکورتر بێنە سەر هێڵ و پرۆژە و پلانی تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و هەڵمەتی نیشتمانی ڕابگەیەنرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەی ماددەی هۆشبەر، چونکە تووشبوون و چوونە نێو ئەم تۆڕەوە ئاسانە، ڕزگاربوون لێی زۆر زەحمەت و سەختە، بۆیە پێویستە دوو جۆر پلان دابنرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە: یەکەمیان بۆ کۆمەڵگا بەگشتی، دووەمیان بۆ سزادراوان، کە پێویستە سەنتەرێکی چارەسەری ماددەی هۆشبەر

> **"تێڕوانینی خێزان و کۆمەڵگا بۆ ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر تێڕوانینێکی دوژمنکارانەیە و بەردەوام سووکایەتییان پێ دەکەن، بۆیە پێویستە بەردەوام لەژێر چاوەدێریدا بن تا دەگەنە پلەی کۆتایی**

بکرێتەوە و ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر وەك نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و خێزان و کۆمەڵگا هۆشیار بکرێتەوە لەسەر شێوازی مامەڵەکردنێکی دروست لەگەڵ ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر، چونکە تا ئەم ساتەش تێڕوانینی خێزان و کۆمەڵگا بۆ ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر تێڕوانینێکی دوژمنکارانەیە و بەردەوام سووکایەتییان پێ دەکەن، بۆیە پێویستە بەردەوام لەژێر چاوەدێریدا بن تا دەگەنە پلەی کۆتایی، چونکە بەپێی بەڵگە زانستییەکان تەنانەت ٦٠٪ی ئەو کەسانەی بە باشترین پرۆسەی چارەسەرییشدا تێدەپەڕن، ئەگەری دووبارە گەڕانەوەیان هەیە بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر.

**سیناریۆ ئایندەییەکان**

یەکەم: ئاستی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و بازرگانیکردن بەم ماددانە بەردەوام ڕوو لە زیادبوون دەکات.

دووەم: هەرێمی کوردستان لەبەردەم مەترسیی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکاندایە و چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەدا ئامارەکان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەرز ببنەوە و قەیرانێکی مەترسیدار بەرۆکی هەرێم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بگرێت.

سێیەم: بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبووان و بازرگانانەوە، چاکسازییەکان بەتەنها ناتوانن کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن و پێویستە حکومەت لە ئێستادا بیر لە ڕەوشی ساڵانی داهاتوو

> **"**
> **بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبووان و بازرگانانەوە، چاکسازییەکان بەتەنها ناتوانن کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن و پێویستە حکومەت لە ئێستادا بیر لە ڕەوشی ساڵانی داهاتوو بکاتەوە تاکو ڕەوشەکە لە کۆنترۆڵ دەرنەچێت**

بکاتەوە تاکو ڕەوشەکە لە کۆنترۆڵ دەرنەچێت.

چوارەم: لە ئێستادا چاکسازییەکان بەتەواوی ناتوانن پرۆسەی شیاندنەوە ئەنجام بدەن و تووشبووان و بازرگانان بۆ نێو ژیانی کۆمەڵگا ئامادە بکەنەوە، ئەمەش مەترسیی ئەوە دروست دەکات چاکسازییەکان ئەرکەکەیان لە چاکسازییەوە بگۆڕێت بۆ زیندان.

پێنجەم: جیانەکردنەوەی ١٠٠٪ی ئەو کەسانەی لە چاکسازییەکاندان و بە مادەی جیاواز سزا دراون، هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی بە مادەی دیکە سزا دراون؛ لە زینداندا تووشی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر بن.

شەشەم: کۆنترۆڵنەکردنی چاکسازی و زیندانەکان و چڕنەکردنەوەی چاودێرییەکان، زیندان و چاکسازییەکان دەکەن بە شوێنێکی مەترسیدارتر لە سنوورەکان و ناوەندی ئالوودەبوون و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان.


ئایندەناسی

# کتێبی ئایندەناسی

کتێبە ئایندەییەکان

خوێندنەوەی کتێبی:

# "بۆچی دەوڵەتان شکست دەهێنن: ڕیشەزای دەسەڵات و خۆشگوزەرانی و هەژاری"



## ناساندن: د.عابد خالد

ئەم کتێبە لە نووسینی هەردوو نووسەر "دارون عەجەم ئۆغلۆ، پرۆفیسۆری ئابووری لە پەیمانگای ماساشوتس بۆ تەکنەلۆژیا" و "جیمس ئەی. ڕۆبنسۆن، پرۆفیسۆری زانستی ڕامیاری لە زانکۆی هارڤارد"ە. کتێبەکە لە بنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی "Why Nations Fail: The Origins of Power, Prosperity, and Poverty" نووسراوە و ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن دەزگای "Crown Business" لەچاپ دراوە. دواتر لە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن "بدران حامد" وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی کە بە ناونیشانی "لماذا تفشل الامم: أصول السلطة والازدهار والفقر" لە دووتوێی (٦٢٦) لاپەڕەدا دەزگای "الدار الدولية للاستثمارات الثقافية" لە قاهیرە بڵاوی کردووەتەوە.

ئەم کتێبە گوزەرێکی سەرنجڕاکێشە بە مێژووی وڵاتاندا، بە مەبەستی شیکردنەوەی چۆنێتیی دروستبوونی سیستمی سیاسیی وڵاتان، کە لە ئەنجامدا بەو دۆخەی گەیاندوون کە ئێستا هەیانە لە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی یان هەژاری و شکستخواردن. لە ئەنجامیشدا ئەم کتێبە تیۆرێکی نوێ بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکانی شکستهێنانی وڵاتان دەخاتە ڕوو، کە تیۆرێکی گشتگیر و جیاوازە لە زۆربەی ئەو تیۆرانەی پێشتر لەم بوارەدا باو بوون و خراونەتە ڕوو، تیۆرەکەش بەسەر سەرجەم وڵاتانی جیهاندا پراکتیك کراوە. هەر بەپێی تیۆرەکەش، چەندین پێشبینی سەبارەت بە ئایندەی چەندین وڵات (وەك چین) خراوەتە ڕوو.

ئەم کتێبە کە بەرهەمی (١٥) ساڵ کارکردن و توێژینەوەی هەردوو نووسەرە، گەنجینەیەکە لە زانیاریی مێژوویی و ئابووری و سیاسی، هاوکات دیدگایەکی گشتگیر سەبارەت بە چۆنێتیی دروستبوونی ئەو سیستمە سیاسی و ئابوورییانە دەخاتە ڕوو کە ئێستا لە وڵاتانی جیهاندا هەن، لەگەڵ خستنەڕووی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە سەرچاوەی دەرکەوتن و پەرەسەندنیان و ئەو دۆخەش کە ئێستا پێی گەیشتوون. هەموو ئەم باسانە بە شێوازێکی وەها سەرنجڕاکێش خراونەتە ڕوو، کە خوێنەر ناچار دەکات بە دیدێکی جیاوازەوە بڕوانێتە وڵاتان و بزاوتی نێوان دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکانی هەر وڵاتێك و هۆکارەکانی سەرکەوتن یان شکستخواردنیشیان.

مەبەست لە وڵاتانی شکستخواردوو ئەو وڵاتانەیە کە تیایاندا هەژارییەکی بەرفراوان باڵادەستە و داهاتی تاکەکەس زۆر کەمە و ئاستی بژێوی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیش (بەتایبەت لە بوارەکانی خوێندن و تەندروستی و گواستنەوە) لە ئاستێکی زۆر نزمدایە.

کتێبەکە لە بەشەکانی سەرەتایدا، سێ تیۆری سەرەکی دەخاتە ڕوو، کە شرۆڤەیان بۆ هۆکارەکانی سەرکەوتن و پێشکەوتن یان شکستهێنان و دواکەوتنی وڵاتان لە جیهاندا کردووە، ئەو سێ تیۆرەش بریتین لە: یەکەم: تیۆری "پێگەی جوگرافی"، کە دەڵێت ئەو وڵاتانەی دەکەونە نێوان هەردوو خولگەی دووپشك و کاوڕ لەسەر گۆی زەوی؛ وڵاتانی هەژارن، بەڵام وڵاتە دەوڵەمەندەکان دەکەونە سەر هێڵە مامناوەندەکانی گۆی زەوی. دووەم: تیۆری "پاشخانی کولتووری"، کە

ئاستی پێشکەوتنی وڵاتان بە کولتوور و بەها ڕەوشتییەکانەوە گرێ دەدات، وەك بەستنەوەی پێشکەوتنی ڕۆژئاوا بە ئایینزای پرۆتستانتی یان مەزەندەکردنی دژایەتیکردنی تەکنەلۆژیا لە بەهاکانی کۆنفیوشیەسدا. سییەم: تیۆری "نەزانی"، کە سەرچاوەی نایەکسانی و هەژاریی وڵاتان دەگێڕێتەوە بۆ نەزانی و پەینەبردنی گەلان و سەرکردەکانیان بە ڕێگاکانی دادپەروەری و دەوڵەمەندبوون.

بەڵام، بە ڕای نووسەرانی کتێبەکە، هیچ کام لەم تیۆرانە سەرکەوتوو نەبوون لە خستنەڕووی ڕاڤەیەکی گشتگیر بۆ شرۆڤەکردنی هۆکارەکانی سەرکەوتن یان شکسخواردنی وڵاتان لە جیهاندا، بۆیە هەم مێژوو و هەم دۆخی هەنووکەیی وڵاتان تێزی هەریەك لەم تیۆرانە ڕەت دەکاتەوە، نموونەش بۆ ئەمە هەردوو دەوڵەتی کۆریای باشوور و کۆریای باکووری هاوسێیە، کە پێگەی جوگرافیی هەردوو دەوڵەت لەسەر هەمان دوورگەیە، هاوکات گەلی کۆریا لە هەردوو دەوڵەتدا لە هەمان نەژادی هاوچەشنن و هەتا جەنگی جیهانیی دوومیش خاوەنی هەمان باکگراوندی کولتووری و بە هەمان ئەزموونی مێژوویی جوگرافیی هاوشێوەشدا تێپەڕ بوون، کە ئیدی لەدوای ئەو جەنگەوە هەردوو وڵات لێك ترازان و لە هەریەکێکیاندا سیستمێکی سیاسی و ئابووریی جیاواز باڵادەست بوون کە وایان کرد یەکێکیان ببێتە وڵاتێکی سەرکەوتوو و ئەوی تریشیان ببێتە وڵاتێکی شکستخواردوو. نموونەیەکی تر بریتییە لە شاری "نۆگالیس"، کە پەرت بووە بۆ دوو پارچە، کە پارچەیەکیان سەر بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە و ئەوی تریشیان سەر بە وڵاتی مەکسیکە، لە کاتێکدا کە دانیشتووانی هەردوو پارچەکە لە هەمان گەلن و لە پێگەی جوگرافی و پاشخانی کولتوورییشدا هاوبەشن، بەڵام دانیشتووانی پارچەی یەکەمیان لە بەختەوەری و خۆشگوزەرانیدا دەژین و دانیشتووانی پارچەکەی تریش گیرۆدەی هەژاری و بەدبەختین.

بەم شێوەیە هەرسێ تیۆرەکەی پێشوو لەبەردەم نموونەکانی واقیعدا ناکام دەبن، بۆیە هەردوو نووسەر بە درێژایی بەشەکانی تری کتێبەکە هەوڵ دەدەن تیۆرێکی دی بخەنە ڕوو کە پشت بە جۆر و کوالێتیی ئەو سیستمە سیاسی و ئابوورییە دەبەستێت کە لە هەر وڵاتێکدا بەرکارە، تێزی سەرەکیی ئەم تیۆرەش ئەوەیە کە: ئەو وڵاتانەی شکستیان هێناوە یان لە ئایندەدا شکست دەهێنن، ئەو وڵاتانەیە کە

> **دەوڵەتە شکستخواردووەکان ئەگەرچی ڕەنگە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێشکەوتنی ئابووریی بەرچاو بەدەست بهێنن، وەک یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و کۆماری چینی میللیی ئێستا، بەڵام دواجار سیستمێکی ئیستبدادیی وەها حوکمڕانیی دەکات کە کۆی تواناکانی وڵات لە دەسەڵاتێکی ناوەندیدا قۆرغ دەکات**

سیستمی ئیستبدادی، لەسەر هەردوو ئاستی سیاسەت و ئابووری حوکمڕانییان دەکات، کاتێك کە تاقمێکی کەمینە سەروەت و سامان قۆرغ دەکەن لەپاڵ هێزێکی داپڵۆسێنەری ناوەندیدا. بەپێچەوانەشەوە، ئەو وڵاتانەی کە سەرکەوتوون ئەو وڵاتانەن کە خاوەنی سیستمێکی سیاسیی گشتگیرن، گشتگیر بە واتای سوودی بۆ گشتە و گشتیش تێیدا بەشدار بن، ئەم جۆرە سیستمە بوار بە دابەشکردنی هێز لەنێوان چەندین دامەزراوەی سیاسی و ئابووری دەدات لەپاڵ هەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندیدا کە پارێزگاری لە ئارامی و سیستمی گشتی دەکات و یاساش بە یەکسانی بەسەر هەمووواندا دەسەپێنێ.

دەوڵەتە شکستخواردووەکان ئەگەرچی ڕەنگە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێشکەوتنی ئابووریی بەرچاو بەدەست بهێنن، وەك یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و کۆماری چینی میللیی ئێستا، بەڵام دواجار سیستمێکی ئیستبدادیی وەها حوکمڕانیی دەکات کە کۆی تواناکانی وڵات لە دەسەڵاتێکی ناوەندیدا قۆرغ دەکات کە ڕکێف و ئاراستەی سەرجەم دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵات دەکات. زۆربەی سیستمە سیاسییەکان لە وڵاتانی جیهاندا ئیستبدادین، کە لە سایەیدا دەستەیەکی کەمینە توانا و سامانی وڵاتی قۆرغ کردووە و زۆربەی هاوڵاتیان لە هەژاری و نەداریدا دەژین. جا بۆ ئەوەی بتوانرێت سیستمی سیاسیی وڵاتێك بەرەو سیستمێکی گشتگیر بگۆڕدرێت، پێویستە دوو ڕەگەزی سەرەکی فەراهەم بێت، یەکەمیان بریتییە لە وێستگەی وەرچەرخان (Critical Junctures) و دووەمیان، ڕماندنی داهێنەر (Creative Destruction). وێستگەی وەرچەرخان بریتییە لەو ڕووداوانەی کە سیستمی سیاسیی باڵادەست دووچاری شڵەژان و لەرزین دەکەن و ناچار بە بەخۆداچوونەوە و خۆڕەخنەکردنی دەکەن، وەك: پەتای تاعوون و مردنی ڕەش کە لە سەدەی چواردەدا لە وڵاتانی ئەورووپا ڕووی دا و نزیکەی نیوەی دانیشتووانی ئەم وڵاتانە بوونە قوربانی، کە لە ئەنجامدا هێزی کار کەمی کرد و کرێکارانیش پێداگرییان لەسەر دەستەبەرکردنی مافی زیاتریان کرد کە دواجار توانییان بڕێکی لە دەرەبەگ و دەسەڵاتداران بپچڕن. لە نموونەی تری وێستگەکانی وەرچەرخان لە مێژوودا، وەك: شۆڕشی پیشەسازی و بازرگانیی ئەتڵەسی دوای دۆزینەوەی کیشوەرانی ئەمەریکا. لە چین شۆڕشی ڕۆشنبیری وێستگەی وەرچەرخان بوو کە دوای مردنی "ماوتسی تۆنگ"، ئابووریی ئەم وڵاتەی بەرەو ئەو پێشکەوتنە پاڵ نا کە ئیستا بەخۆیەوە دەیبینێت، کە بێگومان لە ساڵانی داهاتوودا بەرەو وەستان دەچێت ئەگەر سیستمە سیاسییەکەی مل بە گۆڕینی خۆی نەدات. هەر چی ڕماندنی داهێنەریشە، زیاتر پشت بە داهێنان و دۆزینەوە تەکنەلۆژییە تازەکان دەبەستێت، کە شێوازە کۆنەکانی بەرهەمهێنان پووچەڵ دەکەنەوە و شێوازی نوێ دەخەنە جێیان، وەك گۆڕینی ئامرازە دەستییەکانی کارکردن بۆ ئامرازە ئۆتۆماتیکییەکانی بەرهەمهێنان کە بە شێوەی میکانیکی کار دەکەن. دۆزینەوە و داهێنانەکان پێویستی بە سیستمێکە کە پارێزگاری لە مافی خاوەندارێتی بکات، بۆیە هەرگیز ناشێت ڕماندنی داهێنەرانە لە سایەی سیستمێکی ئیستبدادیدا فەراهەم بێت.

ئایندەناسی

# فەرهەنگی ئایندەناسی

## چەمکناسی ئایندەیی

# بەڕێـــوەبـــردن

بەڕێوەبردن یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی بواری توێژینەوە ئایندەیی و ستراتیژییەکان. هەر چەندە سەرەتا ئەم چەمکە لە بواری سەربازی و ئیدارەدا بەکار هێنرا، بەڵام لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئەم چەمکە هێنرایە ناو توێژینەوە ئایندەیی و ستراتیژییەکان.

لە ئێستادا بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانە بووە بە پێویستییەکی بەپەلە، ئەوەش بە هۆی گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژییەکانەوە، ئەمەش وەهای کردووە بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانە و ورد وەک مەرجێکی سەرەکیی دروستکردنی ئایندەیەکی ڕوون تەماشا بکرێت. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی گرنگیدان بە بەڕێوەبردن، دروستبوونی شۆڕشی پیشەسازی بوو، لە ئێستاشدا کە شۆڕشەکە گەیشتووتە قۆناغی چوارەم، لە هەر کاتێک زیاتر گرنگیی بەڕێوەبردن دەرکەوتووە.

هینری فایۆڵ یەکێک لە شارەزاکانی بواری بەڕێوەبردن و پلانسازی، لە دیاریکردنی ئەرکەکانی بەڕێوەبردندا گرنگیی بە پلان و ئایندەناسی داوە و دەڵێت: یەکەم ئەرکی بەڕێوەبردن؛ پلاندانانە کە پێویستە بەڕێوەبردن پلان بۆ دۆخی ئایندە دابنێت، ئامانجە ستراتیژییەکان دیاری بکات و دڵنیایی جێبەجێکردنی ئامانجە ئایندەییەکان دەستەبەر بکات، بۆیە پێویستە لەسەر بەڕێوەبەران دۆخە لەناکاوە ئایندەییەکان هەڵبسەنگێنن کە کاریگەری دروستکەرن.

بەڕێوەبردن هونەری ئاراستەکردنی ئایندە و بەڕێوەبردنی گۆڕانکارییەکانە. هێشتا بۆچوونی زاڵ ئەوەیە کە ئایندە نادیارە و ناتوانرێت دەستکاری بکرێت، بۆیە تەنها دوو ڕێگامان لەبەر دەستدایە؛ یان چاوەڕوانی ئایندە دەکەیت، هیچ هەنگاوێک نانێیت و تەنها لە کاتی ڕوودانی گۆڕانکارییەکاندا کاردانەوە پیشان دەدەیت یان دەستبەکار دەبیت بۆ ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی ئایندە، واتە لە سەرەتاوە کۆنترۆڵی دۆخەکە دەکەیت و گۆڕانکارییەکان بەڕێوە دەبەیت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئایندە نەک ناڕوون و نادیار نییە،

بەڵکوو هەر لە ئێستاوە دەتوانیت ئاراستەکەی دیاری بکەیت و بیخەیەتە خزمەت ئامانج و پلانەکانتەوە.

بەڕێوەبردنی ئاینده و سەرکەوتن لە ئاییندەدا؛ ئامانجی سەرەکیی مرۆڤ بووە بە درێژایی هەبوونی لەسەر زەوی، بەڵام لە ئێستادا ئەم بەڕێوەبردنە چووەتە قۆناغی پسپۆڕی و وردەوە. هەر بۆیە هەموو دامەزراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیش بۆ گەیشتنە ئامانجەکانیان کار لەسەر بەڕێوەبردنی ئاینده دەکەن. گرنگترین ڕەهەندی بەڕێوەبردنی ئاییندەش بیرکردنەوەی ستراتیژییە، واتە کەی دەستبەکار دەبیت، کەی دەکشێیتەوە و کەی بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێیت.

سەرەتا بەڕێوەبردن لە بواری سەربازی و هونەری جەنگیدا بەکار هات، دواتریش ئەم چەمکە گوازرایەوە بۆ ناو بوارەکانی تر، بەتایبەت بواری بەڕێوەبردنی کار، ئیدارە و توێژینەوە ئاییندەییەکان.

بەڕێوەبردن و بەڕێوەبەران پێویستە ڕەچاوی ئاییندەناسی بکەن و شارەزاییان لە زانستی ئاییندەناسی و سیناریۆسازی هەبێت و توانی خەمڵاندنی هەل و هەڕەشەکانی بەردەمیان هەبێت.

بەڕێوەبردن بە مانای بەکارهێنانی سەرچاوەکانە بۆ دەستگەیشتن بە ئامانجەکان، واتە پرۆسەیەکە بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێک کار بە شێوازێکی سوودبەخش و کاریگەر.

لەم پێناسەیەدا چەمکی پرۆسە نیشاندەری کۆمەڵێک چالاکیی سەرەتاییە کە بەڕێوەبەر ئەنجامیان دەدات، ئەم چالاکییانەش لە بنەڕەتدا ئەرکی بەڕێوەبەرە.

دوو جۆر بەڕێوەبردن هەیە:

لە ڕووی ئاستی دەزگاییەوە: (بەڕێوەبەری جێبەجێکار، بەڕێوەبەری ئاست باڵا، بەڕێوەبەری ئاست ماماناوەند)

لە ڕووی چالاکیی دەزگاییەوە: (بەڕێوەبەری پسپۆڕ و بەڕێوەبەری گشتی)

ئەرکەکانی بەڕێوەبەر لە ڕووی دەزگاییەوە:

دیاریکردنی هەنگاوە پێویستەکان و جێبەجێکارانی و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی.

ئەرکی ڕابەرایەتی: بریتییە لە ڕێنموویی و دروستکردنی هاندان لە سەرجەم بوارەکان.

کۆنترۆڵکردن: چاودێری و ڕێکخستنی چالاکییەکان بۆ دڵنیابوون لە دروست جێبەجێبوونی بەرنامەکان.

بەرنامەڕێژی: دیاریکردنی ئامانج، دانانی پلانی ستراتیژی و فراوانکردنی بەرنامە جێبەجێکارییەکان.

سەرچاوەکان:

- Industrial and general administration, Henri Fayol, 1930, London.

-Geleceği Yönetmek, Ahmet Şerif İzgören, Elma Yayınevi, 1. Basım, 2018.

-Stratejik Düşünme: Geleceği Yönetmek ve Kazanmak İçin, Erol Mütercimler, Alfa Yayınları, 2006.

- نسرین شعربافچی زاده، مبانی مدیریت و رهبری در سازمان، دانشگاه علوم پزشکی اصفهان.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

















وەرزنامەی
ئێرانناسی
ژمارە (١) تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، ساڵی یەکەم
CFS
کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی،
گەڕانەوە بۆ حکومەتی یەکدەست
● هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و کابینەی نوێی حکومەتەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی
● عێراقی ئایندە لە دیدی ئێرانەوە، چاوپێکەوتن لەتەک "د. ڕەزا واعیزی"
● شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران و پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕوانگەی داریوشی ئاشوورییەوە
● لیبراڵیزمی سیاسی و لێکدانەوەی لیبراڵیستی لە ئایین، ڕووناکبیرانی ئایینی لە ئێران
● مەرجەعیەتی شیعە و کاریگەرییان لەسەر کایەی سیاسی
● نزیکبوونەوەی ئێرانییەکان لە تاڵیبان، تێگەیشتن و بەردەوامیی گۆڕانکارییەکان



English
کوردی
العربية


CFS
Center For Future Studies
ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
2020
www.centerfs.org


CFS
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020


CFS
الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣
١١
المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧)
٧٧
ڕۆڵی نەوتی کەرکوک لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا
١٧٩
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin
205


CFS
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطون
الفرص و المعوقات
السليمانية
www.centerfs.org



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا



ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019


ناوچەکانی ماددەی ١٤٠
لە قەیرانی داراییەوە بەرەو ئابوورییەکی تۆکمە
پۆست کۆرۆنا
لە پۆلەکانەوە تا پشت لاپتۆپەکان
کوردستان لە تەنیشت شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمەوە
ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست لە ئاستانەی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا



# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٠) تشرینی دووەمی ٢٠٢١، ساڵی دووەم